سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی فەرەنسا کۆدەبێتەوە

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە بانگهێشتی فەرمیی سەرۆکی فەرەنسا ، سەردانی پاریس دەکات و سبەی چوارشەممە 10ی تەموزی 2019 لە کۆشکی ئەلیزێ لەگەڵ بەڕێز ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا کۆدەبێتەوە.
سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی فەرەنسا پەیوەندییەکانی فەرەنسا لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراق، دۆخی ناوچەکە و چەند بابەتێکی دیکە تاوتوێ دەکەن.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2019/7/8



(ئەرشیف)

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5785) سێ شەممە 9ی تەموز 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

گوتەبێژی پارتی: سبەی چوارشەممە دەنگ بە کابینەی نوێ دەدرێت

کابینەی نۆیەم کابینەیەکی بەهێز دەبێت و پشتیوانییەکی سیاسیی دەبێت

ناوی ئەندامانی کابینەی نۆیەم ڕاگەیەندرا

پێکهاتەی کابینەی نۆیەم لە 19 وەزیر و سێ وەزیری هەرێم پێکدێت



دوێنێ دووشەممە 2019/7/8 نووسینگەی مەسرور بارزانی ڕاسپێردراوی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەڕاگەیاندراوێکدا کە وێنەیەکی بۆ ڕۆژنامەی خەبات نێردراوە، ناوی ئەندامانی پێکهاتەی کابینەی نوێی ئاشکرا کرد و سیفەی کاندیدەکانی ڕادەستی پەرلەمانی کوردستان کرد. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە "لە تەواوی پێکهاتەی کابینەی نۆیەم کە 19 وەزیر و 3 وەزیری هەرێمن، تەنیا ناوی وەزیری سامانە سروشتییەکان ڕەوانەی پەرلەمان نەکراوە و ئەم پۆستەش لە داهاتوویەکی نزیکدا پڕ دەکرێتەوە". **(دەقی ڕاگەیەندراوەکە لە ل3 بخوێنەوە).**
لەلایەکی دیکەوە، گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند، بڕیارە سبەی چوارشەممە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی خۆیدا، دەنگ لەسەر کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بدات. مەحمود محەممەد گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەممە 8ی تەموزی 2019 لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: دەمێکە بەڵێنمان داوە کە لەو کاتە یاساییەی کە هەیە کۆتایی پێ بهێنین، هەموولایەنەکانی بەشداربوو لە کابینەی داهاتوودا، ناو و سیفەی کاندیدەکانیان ناردووە بۆ ڕاسپێردراوی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستانیش ناوەکانی پێشکەش بەو دەکات و ئەمڕۆش دەبێت ڕادەستی پەرلەمان بکرێت بۆ ئەوەی سیفییەکان لەبەردەستی ئەندامانی پەرلەمان بێت تاوەکو لە کاتی دەنگدان لەسەر کابینەکەدا، ناوەکان لەبەردەستی پەرلەمانتاراندا بێت.
(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

سبەی پەرلەمان بۆ متمانەدان بەکابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە



دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان دوای بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەنراوێکی تایبەت بە بانگهێشتکردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بۆ کۆبوونەوە، بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (13)ی ئاسایی ڕۆژی چوارشەممە 2019/7/10ی ڕاگەیاند. **(ڕاگەیەنراوەکە لە ل2 بخوێنەوە)**

پێشمەرگە دەگەڕێتەوە بارەگاکانی پێشووی لە کەرکووک

فەرماندەیەکی پێشمەرگە ئاشکرای کرد، دوێنێ فەرماندەی لەشکری عێراق لە کەرکووک سەردانی هێزی پێشمەرگەی لە پردێ کرد و دەشڵێ، پێشمەرگە دەگەڕێتەوە شوێنی پێشووی خۆی لە کەرکووک. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

عەلی باباجان دەستبەرداری پارتەکەی ئەردۆگان دەبێت



عەلی باباجان ئەندامی باڵای ئاکەپە و جێگری پێشووی سەرۆک وەزیری تورکیا وازی لە پارتەکەی هێنا و بە نیازە بەشداربێت لە ڕاگەیاندنی پارتێکی نوێ لە تورکیا.
(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

ژمارەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە شاری هەولێر لە زیادبوونە

دوای ئەو سەقامگیری و هێمنییەی کە لە کوردستان هەیە هانی کۆمپانیا بیانیەکانی دا کە لە کوردستان کاری وەبەرهێنان و پڕۆژەی گەورەو ستراتیژی ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی کوردستان زیاتر ڕوو لە ئاوەدانکردنەوە بکات و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش ڕێژەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ڕووی لە بەرزبوونەوە کردووە. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

گرێبەستی قوتابخانەکانی نێودەوڵەتی فەرەنسی لە هەولێر واژوو کرا

دوێنێ د.پشتیوان سادق وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە دۆمینیک ماس کونسوڵی گشتی فەرەنسا لە هەولێر کرد. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

پەرلەمانی کوردستان: مەسرور بارزانی ڕۆژی چوارشەممە سوێندی یاسایی دەخوات

سبەی پەرلەمان بۆ متمانەدان بەکابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە



دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان دوای بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەنراوێکی تایبەت بە بانگهێشتکردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بۆ کۆبوونەوە، بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (13)ی ڕۆژی چوارشەممە 2019/7/10ی ڕاگەیاند کە بەمشێوەیەی خوارەوە دەبێت وەکو لە ڕاگەیەنراوێکی سەرۆکایەتی پەرلەماندا هاتووە:

بەپێی حوکمی برگەکانی (یەکەم، دووەم و سێیەم) لە ماددەی (16) و برگەی (سێیەم) لە ماددەی (18) و ماددەکانی (47، 48 ، 52، 55 ، 56 و 57) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (13)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (11)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە /2019/7 10بەم شێوەیە بێت:

یەکەم:

1- متمانەدان بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کە بە بڕیاری ژمارە (7)ی ساڵی 2019 لە پەرلەمانی کوردستان ناوزەندکراو بە فەرمانی ژمارە (1)ی ساڵی 2019ی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ڕاسپێردرا بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی هەرێمی کوردستان.

2- خوێندنەوەی ناوی وەزیرەکان لە لایەن ڕاسپێردراوی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بەپێی بڕگەی (4)ی مادەی (پەنجا و شەش) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو و متمانەدان پێیان لە لایەن پەرلەمانی کوردستان- عێراق.

دووەم: سوێندخواردنی بەڕێز سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکانی کابینەی وەزارییی نۆیەمی هەرێمی کوردستان بەپێی مادەی (6) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە ((3ی ساڵی 1992ی هەموارکراو.

سێیەم: خوێندنەوەی هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کابینەی وەزارییی نۆیەم لە لایەن بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق.

یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان هەموار کرایەوە

سەعات 11ی پێشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەممە 8ی تەمووزی 2019 بەسەرۆکایەتیی د. ڤالا فەرید ئیبراهیم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و منی نبی قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (12)ی ئاسایی خولی بەهارە لە ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن بەڕێوەچوو.

د. ڤالا فەرید ئیبراهیم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەناوی خواو گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی کردەوە، دواتر لەلایەن منی نبی قەهوەچی سکرتێری پەرلەمانی کوردستان بەرنامەی کاری دانیشتنەکە خوێندرایەوە کە بریتی بوو لە دەنگدان لەسەر پێشنیازی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی2009 یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و تیایدا ئەوە جێگیر کرا کە هەڵبژاردنی پارێزگار لەناو ئەنجوومەن یاخود لەدەرەوەی ئەنجوومەن بەزۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجوومەن دەبێت.

کۆنووسی دانیشتنی پێشوو و ناوی ئەندامانی ئامادەنەبوو و مۆڵەتپێدراو خوێندرایەوە.

پاشان سەرۆکی پەرلەمان داوای لەهەردوو لیژنەی کاروباری یاسایی و پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێییەکان کرد بێنە شوێنی مەبەست بۆ خستنەڕووی ڕاپۆرتی هاوبەش و کۆتایی هەردوو لیژنەکە دوای دارشتنەوەی بە ڕەچاوکردنی سەرنج و پێشنیازی ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بەپێشنیازی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2009 یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

سەبارەت بە ماددەی یەکەمی پێشنیازی یاساکە سێ پێشنیاز هەبوون و هەرسێکییان بەجیا خرانە دەنگدانەوەو ڕەتکرانەوە و دواتریش ماددەکە وەک خۆی خرایە دەنگدانەوەو بەزۆرینەی دەنگ پەسندکرا و تیایدا ئەوە جێگیر کرا کە هەڵبژاردنی پارێزگار لەناو ئەنجوومەن یاخود لەدەرەوەی ئەنجوومەن بەزۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجوومەن دەبێت.

ماددەی دووەمیش پێشنیازێکی نوێ لەلایەن پەرلەمانتارانەوە و پێشکەش کرابوو، دەنگی پێویستی نەهێناو ماددەکە وەک خۆی خرایە دەنگدانەوەو بەزۆرینەی دەنگ پەسندکرا و بەپێی هەمواری یاساکە ئەنجوومەنی پارێزگاکان بەردەوام دەبن لەکارەکانیان تا هەڵبژاردنی خولێکی نوێی ئەنجوومەنی پارێزگاکان.

ماددەکانی سێیەم تا پێنجەم تایبەتبوون بەحوکمە کۆتاییەکان و هەردوو ماددەی سێیەم و چوارەم بەکۆی دەنگ و ماددەی پێنجەم بەزۆرینەی دەنگ پەسندکران، هۆکارەکانی دەرچوونیش دوای دارشتنەوەی بەزۆرینەی دەنگ پەسندکرا.

دواتریش کۆی یاساکە خرایە دەنگدانەوەو بەزۆرینەی دەنگ پەسندکرا. بەو بۆنەیەشەوە سەرۆکی پەرلەمان پیرۆزبایی لەگەلی کوردستان و ئەندامانی پەرلەمان کرد بەبۆنەی دەرچوواندنی ئەو هەمواڕەو بەمشێوەیە کۆتایی بەدانیشتنەکە هات.

فەرماندەی میحوەری باشوور و ڕۆژئاوای کەرکووک:

پێشمەرگە دەگەڕێتەوە بارەگاکانی پێشووی لە کەرکووک



فەرماندەیەکی پێشمەرگە ئاشکرای کرد، دوێنێ فەرماندەی لەشکری عێراق لە کەرکووک سەردانی هێزی پێشمەرگەی لە پردێ کرد و دەشڵێ، پێشمەرگە دەگەڕێتەوە شوێنی پێشووی خۆی لە کەرکووک. نووری حەمە عەلی، فەرماندەی میحوەری باشوور و ڕۆژئاوای کەرکووک، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاند: ڕۆژی یەکشەممە شاندێکی سەربازیی عێراق لە کەرکووک بە سەرۆکایەتیی لیوا ڕوکن سەعد حەرب، فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی کەرکووک، سەردانی میحوەری پێشمەرگەی کرد و لەبارەی ڕەوشی ناوچەکەوە کۆبوونەوە، دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەریش ئەمە بۆ جاری یەکەمە فەرماندەیەکی بالای سەربازیی عێراق لەو سنوورە لەگەڵ پێشمەرگەدا کۆدەبێتەوە. نووری حەمە عەلی گوتیشی: باسی زۆر شتمان کرد و چاوەڕێی ئەنجامی لێژنەی بالای دانوستانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغداین، لێکتێگەیشتن هەیە لە نێوان هەردوولا بۆ چارەکردنی کێشەکان بە یەکجاری، ئەگەر حکوومەتی نوێی هەرێمیش دەستبەکار بێت، ئەوا دەگەینە ئەنجامێک لەگەڵ بەغدا.

فەرماندەی میحوەری باشوور و ڕۆژئاوای کەرکووک ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: دوای پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێشمەرگە دەگەڕێتەوە شوێنی پێشووی خۆی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، واتە پێشمەرگە دەگەڕێتەوە بارەگاکانی پێشووی خۆی لە کەرکووک. لەبارەی کاتی گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەشەوە بۆ کەرکووک، حەمەعەلی دەڵێت: دانوستانی ورد بەڕێوە دەچێت و پێشکەوتنی بەخێرەوە بینیوە، بەڵام ناتوانم ڕۆژ و کاتی گەڕانەوە دیاری بکەم.

ئا/ قائید میرۆ

وەزیری بەرگریی عێراق: ڕێگە نادەین لە وڵاتەکەمان پەلاماری هێزەکانی هاوپەیمانان بدرێت

وەزیری بەرگریی عێراق، نەجاح شەمەری ڕایگەیاند، وڵاتەکەی ڕێگە نادات پەلاماری هێزەکانی هاوپەیمانان و نێردەی دیپلۆماتی بدرێت، هاوکات ڕێگە نادات هیچ ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی لە خاکەکەیەوە ئەنجام بدرێت. وەزیری بەرگریی عێراق، نەجاح شەمەری لە بەغدا لەگەڵ نێردەی تایبەتی ئەمەریکا بۆ کاروباری عێراق و سووریا، جێمس جێفری کۆبووەوە. بەپێی بەیاننامەیەکی وەزارەتی بەرگریی عێراق، لە میانی کۆبوونەوەی نێوان شەمەری و جێفری تاوتوێی بەردەوامی یارمەتییەکانی ئەمەریکا و پاڵپشتی هێزە چەکدارەکان و بەردەوامیدان بە ئۆپەراسیۆنەکان لەو ناوچانەی کە هێشتا پاشماوەکانی داعش تیایدا ماون، کراوە.

بەپێی بەیاننامەکە، نێردەی ئەمەریکا بۆ کاروباری عێراق و سووریا ستایشی هێزە عێراقییەکانی لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کردووە و جەختی لە ڕێزگرتن لە سەروەری خاکی عێراق و بڕیارە سەربازیی و سیاسییەکانی بەغدا کردووەتەوە. هەر لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوە دراوە، شەمەری جەختی لەوە کردووەتەوە کە وڵاتەکەی ڕێگا نادات خاکەکەی بۆ ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بەکاربهێنرێت و هاوکات ڕێگا نادات پەلاماری هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە ڕابەرایەتی ئەمەریکا و نێردەکانی دیپلۆماتی لە عێراق بدرێت.

سائیرون: عێراق لە ژمارەی فەرمانبەرانی بێ سوود 25 تریلیۆن دیناری زەرەر کردووە

ئاژانسی دەنگوباسی عێراقی لەسەر زاری فراکسیۆنی سائیرون لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دووپاتی کردەوە عێراق لەبەردەم گرفتێکی زۆر گەورەدایە بەهۆی زۆری ژمارەی فەرمانبەر و کارمەندی حکومی بێ سوود.

ئاژانسەکە لەپەرلەمانتار ریاز ئەلمسعوودی گواستەوە حاڵی حازر ژمارەی فەرمانبەرانی بێ سوود لەسەر ئاستی عێراق لە یەک ملیۆن و نیو کەس تێپەڕیوە و ئەو ژمارە زۆرەش زەرەرێکی زۆر گەورەی بەقەد 25 تریلیۆن دینار کە دەگاتە نزیکەی22 ملیار دۆلار لەعێراق داوە، ئەوەشی دووپات کردۆتەوە کە نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەی فەرمانبەرانی عێراقی لەنێوان 800 هەزار تا یەک ملیۆن و نیو کەس خەملاندووە، بەڵام ژمارە ڕاستەقینەکە لەپەرلەمانتار ریاز ئەلمسعوودی گواستەوە حاڵی حازر ژمارەی فەرمانبەرانی بێ سوود لەسەر ئاستی عێراق لە یەک ملیۆن و نیو کەس تێپەڕیوە و ئەو ژمارە زۆرەش زەرەرێکی زۆر گرنگ خەرج بکرێت کە ساڵانە 80 ملیار دۆلار قازانجی بۆ عێراق دەبێت.

مەسعوودی ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد هۆکاری ئەم گرفتە نەبوونی پلانی ئابووریە لەلایەن حکوومەتی عێراق کە هەمیشە جەختی لەسەر فراوانبوونی کەرتی گشتی دەکردەوە لەکاتێکدا دەکرا ئەو ژمارە زۆرە لە چەندین بواری وەبەرهێنان سوودی لێ وەربگیرێت وەک فڕۆکەخانەکان کە توانای وەرگرتنی 20-30 هەزار پاڵاوگەکانیش دەتوانن70 هەزار کەس دابمەزرێنن و هێڵی ئاسنین دەتوانن 150 هەزار کەس کارپێبکەن.

مەسعوودی ئەوەشی نیشان دا کە ئەگەر عێراق توانی سوود لە کەرتی تایبەت وەربگرێت ئەوکات نزیکەی 3 ملیۆن کەسی بێکار دەرفەتی کاریان دەبێت، بە پێوستیشی زانی حکوومەتی عێراق کەرتی گشتی تەنها بە نەوت نەبەستێت ئەگینا ئابووری وڵات بەرەو ئاقارێکی زۆر ترسناک دەڕوات.

ناوی ئەندامانی کابینەی نۆیەم راگەیەندرا

پێکهاتەی کابینەی نۆیەم لە 19 وەزیر و سێ وەزیری هەڕێم پێکدێت

بە هیوای ئەوەی هەرچی زووتر ئەم کابینەیە دەست بە خزمەتێکی شایستەی گەلە مەزن و خۆڕاگرەکەمان بکات

ئەم ناوانە تەنیا کاندیدی پێشنیارکراون و پەرلەمانی کوردستان بڕیاری یەکلاکەرەوەیان لەسەر دەدات



دوێنێ دووشەمە 2019/7/8 نووسینگەی مەسرور بارزانی ڕاسپێردراوی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەڕاگەیاندراوێکدا کە وێنەیەکی بۆ ڕۆژنامەی خەبات نێردراوە، ناوی ئەندامانی پێکهاتەی کابینەی نوێی ئاشکرا کرد و سیڤی کاندیدەکانی ڕادەستی پەرلەمانی کوردستان کرد. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە "لە تەواوی پێکهاتەی کابینەی نۆیەم کە 19 وەزیر و 3 وەزیری هەرێمن، تەنیا ناوی وەزیری سامانە سروشتییەکان ڕەوانەی پەرلەمان نەکراوە و ئەم پۆستەش لە داهاتوویەکی نزیکدا پڕ دەکرێتەوە". ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

ڕاگەیەندراوێک لە نووسینگەی مەسرور بارزانی ڕاسپێردراوی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

ئەمڕۆ ڕێکەوتی 2019/7/8 لە وادەی دیاریکراودا، بەڕێز مەسرور بارزانی ڕاسپێردراوی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لیستی پێکهاتەی کابینە پێشنیارکراوەکەی ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان کرد، بۆ ئەوەی لە پێش کۆتایی وادەی یاسایی دیارکراودا دەنگدان لەسەر کاندیدەکان بکرێت، بە هیوای ئەوەی کۆی وەزیرە دیارکراوەکان متمانەی پەرلەمان وەرگرن و هەرچی زووتر ئەم کابینەیە دەست بە خزمەتێکی شایستەی گەلە مەزن و خۆڕاگرەکەمان بکات.

لەم ماوەیەدا، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا ئاماژە بە زۆر ناو بۆ پۆستی جیاجیاکراوە، بەڵام نەمانویست هیچ زانیارییەکی فەرمی لەبارەی ناوی کاندیدەکان بڵاوبکەینەوە، چونکە تا دوا ساتەکانیش، لایەنە بەشداربووەکانی ناو کابینەی نۆیەم گۆڕانکاریان لە لیستی کاندیدەکانیان کردووە.

ئەمڕۆ دوای ناردنی ناوەکان بۆ پەرلەمانی کوردستان، ناوی تەواوی پێکهاتەی کابینەی نۆیەم بۆ هاووڵاتیانی خۆشەویست ئاشکرا دەکەین و دووپاتی دەکەینەوە کە ئەم ناوانە تەنیا کاندیدی پێشنیارکراون و پەرلەمانی کوردستان بڕیاری یەکلاکەرەوەیان لەسەر دەدات.

لە تەواوی پێکهاتەی کابینەی نۆیەم کە 19 وەزیر و 3 وەزیری هەرێمن، تەنیا ناوی وەزیری سامانە سروشتییەکان ڕەوانەی پەرلەمان نەکراوە و ئەم پۆستەش لە داهاتوویەکی نزیکدا پڕ دەکرێتەوە.

ئەمەی خوارەوە کۆی پێکهاتەی کابینەی پێشنیارکراوە:

1- مەسرور مسعود مستەفا بارزانی	سەرۆکوەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2- قوباد جلال حسام الدین تالەبانی	جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
3- فەرسەت احمد عبدالله	وەزیری داد
4- شۆرش اسماعیل عەبدوللا	وەزیری کاروباری پێشمەرگە
5- ڕێبەر احمد خالد	وەزیری ناوخۆ
6- ئاوات جەناب نوری سالح	وەزیری دارایی و ئابووری
7- د. سامان حسین محمد بەرزنجی	وەزیری تەندروستی
8- ئالان حەمە سعید صالح محمد	وەزیری پەروەردە
9- دانا عبدالکریم حمە سالح عبدالرحمن	وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن
10- ساسان عوسمان عەونی حەبیب	وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار
11- د. ئارام محمد قادر امین	وەزیری خوێندی باڵا و توێژینەوەی زانستی
12- د. دارا رشید محمود	وەزیری پلاندانان
13- کوێستان محمد عبدالله معروف	وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی
14- محمد سعید علی	وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان
15- عبدالله محمود محمد سان احمد	وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان
16- بێگەرد دلشاد شوکرالله	وەزیری کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاو
17- کمال موسلیم سەعید قەرەنی	وەزیری بازرگانی و پیشەسازی
18- ئانو جوهر عبدالمسیح عبدوکا	وەزیری گواستنەوە و گەیاندن
19- پشتیوان صادق عەبدوللا	وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی
20- کمال محمد صالح خلیل	وەزیری کارەبا
21- خالد سلام سعید	وەزیری هەرێم
22- ئایدن معروف سلیم	وەزیری هەرێم
23- ڤالا فرید ابراهیم	وەزیری هەرێم

نووسینگەی مەسرور بارزانی
ڕاسپێردراوی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2019/7/8

گوتەبێژی پارتی: سبەی چوارشەممە دەنگ بە کابینەی نوێ دەدرێت

بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک لەگەڵ بەغدا لە گفتوگۆداین و لەسەر هەندێک شتیش گەیشتووین بە خاڵی کۆتایی

گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند، بڕیارە سبەی چوارشەممە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی خۆیدا، دەنگ لەسەر کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بدات. مەحمود محەمەد گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەمە 8ی تەموزی 2019 لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: دەمێکە بەڵێنمان داوە کە لەو کاتە یاساییەی کە هەیە کۆتایی پێ بهێنین، هەموولایەنەکانی بەشداربوو لە کابینەی داهاتوودا، ناو و سیڤی کاندیدەکانیان ناردووە بۆ ڕاسپێردراوی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستانیش



ناوەکانی پێشکەش بەو دەکات و ئەمڕۆش دەبێت ڕادەستی پەرلەمان بکرێت بۆ ئەوەی سیڤییەکان لەبەردەستی ئەندامانی پەرلەمان بێت تاوەکو لە کاتی دەنگدان لەسەر کابینەکەدا، ناوەکان لەبەردەستی پەرلەمانتاراندا بێت.

مەحمود محەمەد گوتیشی: بڕیارە ڕۆژی چوارشەمە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی خۆیدا، دەنگ لەسەر کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بدات. ئاماژەی بەوەش کرد کە حکوومەتی بەهێز ئەوەیە کە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان بەشداربن و لەم کابینەیەش ڕەچاوی ئەوەکراوە و ڕاشیگەیاند کە ئەمە کابینەیەکی بەهێز دەبێت و پشتیوانییەکی سیاسیی دەبێت.

گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاشیگەیاند کە لە هەموو لایەنەکانی بەشداربوو پێشنیازکراوە کە بەشداریکردنی ژن لە پێکهێنانی حکوومەتی نوێدا لەبەرچاو بگیرێت. لەبارەی هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک، مەحمود محەمەد گوتی: لەگەڵ بەغدا لە گفتوگۆداین و لێژنەی هاوبەش لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نشتیمانیی کوردستان و حکوومەتی عێراقدا هەیە بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک و ناوچەکان و لەسەر هەندێک شت گەیشتووین بە خاڵی کۆتایی و ڕەنگە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا واژووی بکەین.

بەرپرسێکی پارتی:

داعش لە مووسڵ دەستی بە جوواڵە کردووە

بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مووسڵ ئاشکرای کرد، داعش سەرقاڵی کۆکردنەوەی خەڵکی خۆیەتی و شێوازی کارکردنیان گۆڕیوە بۆ دروستکردنی گرووپی بچووک، بەڵام بە شێوەیەکی نهێنی دەستیان بەو کارە کردووە لەنێو مووسڵدا. عەلی خەلیل، بەرپرسی لقی 14ی پارتی لە مووسڵ، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: تیرۆریستانی داعش لە سنووری مووسڵ دەستیان بە جوواڵە کردووە و ماوەی چەند ڕۆژێکە سەرقاڵی خۆکۆکردنەوە و ڕێکخستنن، هەرچەندە لە ئێستادا لە ڕووی ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستییەوە، داعش بێدەنگیی هەڵبژاردووە لە مووسڵ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زانیاری هەیە کە خەریکی خۆڕێکخستنەوە و کۆکردنەوەی چەکدارەکانیانن". دەشڵێت: داعش سەرقاڵی جێبەجێکردنی پیلانێکی دیکەیە، ئەویش دروستکردنی گرووپی چەکداریی بچووک و دابەشکردنیانە، هەروەها لەنێو خەڵک خەریکی کەسبکردنی هاووڵاتیانن بۆ ئەوەی ببنە ئەندامی گرووپی تیرۆریستیی داعش، ئەوەش بە نهێنی بەڕێوە دەچێت".

پەیوەست بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی دژی ئەو چەکدارانەی داعش، عەلی خەلیل ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە: ئەو ئۆپەراسیۆنەی ڕۆژی یەکشەممە هێزە عێراقییەکان دەستیان پێکردووە، سنووری پارێزگای نەینەوا ناگرێتەوە، ناشزانین پلانی ئەمنیی عێراق چییە بۆ کێومالکردنی سنووری مووسڵ لە تیرۆریستانی داعش.



ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە وەڵامی ڕاپۆرتی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ:

یاساکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو ڕێککەوتننامانەدا گونجاون کە حکوومەتی فیدراڵی عێراق واژۆی کردووە

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ڕاپۆرتی خۆیان سەبارەت بە ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان لە 2018/1/1 تا 2018/12/31 بڵاوکردەوە. لەم ڕاپۆرتەدا بە پشتبەستن بە چەندین ئامار و زانیاری لایەنە حکومی و نا حکومییەکان هەڵسەنگاندن بۆ چەندین بابەتی تایبەت بە ڕەوشی مافی مرۆڤ کراوە.

سەبارەت بە سەروەری یاسا لە هەرێمی کوردستان د. دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم ڕایگەیاند: یاساکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو ڕێککەوتننامانەدا گونجاون کە حکوومەتی فیدراڵی عێراق واژۆی کردووە. هەر یاسایەک لە هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستانەوە کە دەردەچێت، بە هیچ جۆرێک لەگەڵ دەستووری فیدراڵی عێراقدا پێچەوانە نییە و نابێت، چونکە دەستووری بوونی یاساکانی هەرێمی کوردستان، مەرجی یەکەمی دەرکردنی هەر یاسایەکە لە هەرێمی کوردستان. بەڵام دەبێت بابەتێک ورد بکەینەوە کە ئەویش چوارچێوەی سەلاحیاتی هەرێمی کوردستانە لە دەرکردنی هەندێک یاسا یان پابەند نەبوون بە هەندێک یاسا و ڕێککەوتنامەوە کە سەلاحیاتی ئیقلیمی خۆی بەکاردەهێنێت بە پێی ئەو بنەمایانەی کە لە دەستووردا دیاریکراوە.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم لە بەشێکی وەڵامەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە کرد کە هیچ ئامادەیی بەوە نەکراوە کە لەڕێگەی ڕاپۆرتێکەوە وەڵامی بەشێکی زۆر لە ڕەخنەکانی دەستەی سەربەخۆمان داوەتەوە و بەهۆی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ زۆربەی دامودەزگاکانی حکومی و ناحکومی و یوئێن و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ڕوونکردنەوەمان لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان داوە.

سەبارەت بە سەروەری یاسا لە هەرێمی کوردستان د. دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم ڕایگەیاند: یاساکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو ڕێککەوتننامانەدا گونجاون کە حکوومەتی فیدراڵی عێراق واژۆی کردووە. هەر یاسایەک لە هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستانەوە کە دەردەچێت، بە هیچ جۆرێک لەگەڵ دەستووری فیدراڵی عێراقدا پێچەوانە نییە و نابێت، چونکە دەستووری بوونی یاساکانی هەرێمی کوردستان، مەرجی یەکەمی دەرکردنی هەر یاسایەکە لە هەرێمی کوردستان. بەڵام دەبێت بابەتێک ورد بکەینەوە کە ئەویش چوارچێوەی سەلاحیاتی هەرێمی کوردستانە لە دەرکردنی هەندێک یاسا یان پابەند نەبوون بە هەندێک یاسا و ڕێککەوتنامەوە کە سەلاحیاتی ئیقلیمی خۆی بەکاردەهێنێت بە پێی ئەو بنەمایانەی کە لە دەستووردا دیاریکراوە.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم لە بەشێکی وەڵامەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە کرد کە هیچ ئامادەیی بەوە نەکراوە کە لەڕێگەی ڕاپۆرتێکەوە وەڵامی بەشێکی زۆر لە ڕەخنەکانی دەستەی سەربەخۆمان داوەتەوە و بەهۆی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ زۆربەی دامودەزگاکانی حکومی و ناحکومی و یوئێن و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هەڵسەنگاندن بۆ چەندین بابەتی تایبەت بە ڕەوشی مافی مرۆڤ کراوە.

سەبارەت بە سەروەری یاسا لە هەرێمی کوردستان د. دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم ڕایگەیاند: یاساکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو ڕێککەوتننامانەدا گونجاون کە حکوومەتی فیدراڵی عێراق واژۆی کردووە. هەر یاسایەک لە هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستانەوە کە دەردەچێت، بە هیچ جۆرێک لەگەڵ دەستووری فیدراڵی عێراقدا پێچەوانە نییە و نابێت، چونکە دەستووری بوونی یاساکانی هەرێمی کوردستان، مەرجی یەکەمی دەرکردنی هەر یاسایەکە لە هەرێمی کوردستان. بەڵام دەبێت بابەتێک ورد بکەینەوە کە ئەویش چوارچێوەی سەلاحیاتی هەرێمی کوردستانە لە دەرکردنی هەندێک یاسا یان پابەند نەبوون بە هەندێک یاسا و ڕێککەوتنامەوە کە سەلاحیاتی ئیقلیمی خۆی بەکاردەهێنێت بە پێی ئەو بنەمایانەی کە لە دەستووردا دیاریکراوە.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم لە بەشێکی وەڵامەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە کرد کە هیچ ئامادەیی بەوە نەکراوە کە لەڕێگەی ڕاپۆرتێکەوە وەڵامی بەشێکی زۆر لە ڕەخنەکانی دەستەی سەربەخۆمان داوەتەوە و بەهۆی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ زۆربەی دامودەزگاکانی حکومی و ناحکومی و یوئێن و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هەڵسەنگاندن بۆ چەندین بابەتی تایبەت بە ڕەوشی مافی مرۆڤ کراوە.

سەبارەت بە سەروەری یاسا لە هەرێمی کوردستان د. دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم ڕایگەیاند: یاساکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو ڕێککەوتننامانەدا گونجاون کە حکوومەتی فیدراڵی عێراق واژۆی کردووە. هەر یاسایەک لە هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستانەوە کە دەردەچێت، بە هیچ جۆرێک لەگەڵ دەستووری فیدراڵی عێراقدا پێچەوانە نییە و نابێت، چونکە دەستووری بوونی یاساکانی هەرێمی کوردستان، مەرجی یەکەمی دەرکردنی هەر یاسایەکە لە هەرێمی کوردستان. بەڵام دەبێت بابەتێک ورد بکەینەوە کە ئەویش چوارچێوەی سەلاحیاتی هەرێمی کوردستانە لە دەرکردنی هەندێک یاسا یان پابەند نەبوون بە هەندێک یاسا و ڕێککەوتنامەوە کە سەلاحیاتی ئیقلیمی خۆی بەکاردەهێنێت بە پێی ئەو بنەمایانەی کە لە دەستووردا دیاریکراوە.



ئەوەش کردەوە کە "لە هەرێمی کوردستان ئازادی ڕۆژنامەگەری و ڕادەربڕین بە پێی یاسا ڕێکخراوە و لە کاتی بوونی هەر حاڵەتێک کە دژ بە ڕێنماییەکانی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان و پێشێلکردن بێت یان بچێتە خانەی تەشهیر و ناوزڕاندن ئەوا کار بە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111ی ساڵی 1969ی هەموارکراو دەکرێت، بۆیە پێویستە میدیاکارانیش نەبنە هۆی تێکدانی ڕەوشی ئارامی و زیانگەیاندن بە مولکی گشتی و تایبەت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەرکاتێک ڕۆژنامەنووس یان دەزگایەکی میدیایی یاسا پێشێل بکات ئەوا ڕاستەوخۆ لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە ڕێوشوێنیان بەرامبەر ناگیرێتە بەر، چونکە بەپێی یاسای ڕۆژنامەنووسی ژمارە (35)ی ساڵی (2007) تایبەت بە کاری ڕۆژنامەوانی ناکرێت هیچ ڕۆژنامەنووسێک دەستگیر بکرێت بەبێ بڕیاری دادگا و ڕەزامەندی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

لە بارەی بواری پەروەردەشەوە کە یەک لەو سێکتەرە سەرەکییانەیە کە دەستە باسی لەسەر کردووە ڕێکخەری ڕاسپاردە نیودەوڵەتییەکان گوتی: قوتابخانە حکومی و نێودەوڵەتییەکان ساڵ بەساڵ لە زیادبوونداون و ئەمەش بەرەوپێشچوونێکی باشە و کاریگەری ئەرێنی لەسەر سیستەمی پەروەردە هەیە.

بەڵام سەبارەت بە بوونی تۆپێژەری دەروونی لە خوێندنگاکان دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە بە گشتی ژمارەی تۆپێژەرانی دەروونی لەناو قوتابخانەکان کەمن 1760 تۆپێژەر و ڕێنماییکاری دەروونی لە کۆی نزیکی 8000 قوتابخانە بوونیان هەیە کە ئەمانیش بە ڕێک و پێکی دابەش نەکراون و تەنها لەناو شارەکاندا هەن، کەمی ئەم ژمارەیە دەگەڕێتەوە بۆ وەستانی دامەزراندن و پڕنەکردنەوەی ئەو بۆشاییە بەو کەسانەی بەشی کۆمەڵناسی دەروننasیان تەواو کردوە و خوازیاری کارکردنن لەو بوارەدا.

لە کۆتایی قسەکانیدا زێباری ڕایگەیاند: لە ڕاپۆرتێکی تێڕ و تەسەلدا وەڵامی ڕاپۆرتی دەستەی سەربەخۆمان داوەتەوە و ئاماژەمان بە ڕا و تێچێنەکانمان داوە لەسەر بابەتەکانی (سەروەری یاسا، ئازادی ڕادەربڕین و میدیا و مافی بەدەستهێنانی زانیاری، ڕەوشی تەندروستی، ڕەوشی ئافرەتان، ڕەوشی منداڵان، ڕەوشی کەمئەندامان، ڕەوشی پەروەردە، بازرگانی کردن بە مرۆڤ، ڕەوش و بارودۆخی چاکسازییەکان و بەندیخانەکانی گرتن و گواستنەوەی پۆلیس و ئاسایش، ماددە هۆشبەرەکان و ڕەوشی ئاوارە و پەنابەران) لە هەرێمی کوردستان.

محەمەد جەواد زەریف: دەستبەسەرداگرتنی نەوت هەڵگرەکەی ئێران لە لایەن بەریتانیاوە چەتەگەرییە

وەزیری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریف دەستبەسەرداگرتنی کەشتییەکی نەوت هەڵگری وڵاتەکەی لە لایەن بەریتانیاوە لە گەرووی جەبەل تاریق بە "چەتەگەریی دەریا" ناوبرد. محەمەد جەواد زەریف لە پەیامێکدا کە لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاویکردووەتەوە، ڕایگەیاندووە: ئێران نە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپایە و نە موخاتەبی سزاکانی ئەورووپایە سەبارەت بە نەوت. ئەوەندەی دەزانم، یەکێتیی ئەورووپا دژی بەکارهێنانی دەسەڵاتی دادوەرییە لە دەرەوەی سنوورەکان. دەستبەسەرداگرتنی کەشتییەکی نەوت هەڵگری ئێران لە لایەن بەریتانیاوە بۆ 'تیمی بی 'بە شێوەیەکی نایاسایی، چەتەگەریی دەریایە. ئەمە نموونەیەکی خراپە و پێویستە ئێستا کۆتایی پێ بهێنرێت.



پشتگیرییەکان بۆ ترەمپ لە ئەمەریکا لە بەرزترین ئاستدایە

لەکاتێکدا وادەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی 2020ی ئەمەریکا نزیک دەبێتەوە، ڕێژەی لایەنگرانی سەرۆکی ئەو وڵاتە، دۆنالد ترەمپ لە بەرزترین ئاستی ماوەی دەسەڵاتی دایە. ئەنجامی ڕاپرسییەکی هاوبەشی ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست و کەناڵیABC News لەبارەی پشتگیریی ڕای گشتیی ئەمەریکا بۆ ترەمپ بڵاوکرایەوە.

بەپێی ئەنجامەکان ڕێژەی سەدا 47ی دەنگدەری تۆمارکراو کارەکانی ترەمپیان پەسەندکردووە و ئەم ڕێژەیە بەراورد بە مانگی نیسانی ڕابردوودا بەڕێژەی سەدا5 بەرزبووەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە ڕێژەی سەدا 65ی دەنگدەران پێیان وایە ترەمپ سەرۆکایەتیی لێنایەت و زۆرترین پشتگیری کە ترەمپ بەدەستیهێناوە، بەهۆی ئەو هەنگاوانەوە بووە کە لەبواری ئابووریدا ناویەتی. بەوپێیە ڕێژەی سەدا 51ی دەنگدەران کارەکانی ترەمپیان لەبواری ئابووریدا پێ پەسەند بووە.

هاوکات بەپێی ئەنجامی ڕاپرسییەکە بەشێکی زۆری بەشداربووان دژی سیاسەتەکانی حکوومەتی ترەمپن لەبارەی کۆچبەران، سیستمی تەندروستی، مافی ژنان، کورتاژ، گۆڕانی کەشوهەوا، سیاسەتی دەرەوەی و کۆنترۆڵکردنی چەکەوە. جێی باسە ئەم ڕاپرسییە لە 28ی حوزەیران بۆ 1ی تەمووز بەڕێوەچووە و تێیدا هەزار و 8 دەنگدەری پێگەیشتوو بەشداربوون تێیدا و ڕێژەی هەڵە تێیدا3 و پێوینت 5ـە.

عەلی باباجان دەستبەرداری پارتەکەی ئەردۆگان دەبێت

بە نیازە لەگەڵ عەبدوڵڵا گول پارتێکی سیاسی نوێ ڕابگەیەنن



دەنگی ئەمەریکا: عەلی باباجان ئەندامی بااڵی ئاکەپە و جێگری پێشووی سەرۆک وەزیری تورکیا وازی لە پارتەکەی هێنا و بە نیازە بەشداربێت لە ڕاگەیاندنی پارتێکی نوێ لە تورکیا. ئاژانسی دەنگوباسی ڕۆیتەرز دوێنێ دووشەمە ڕایگەیاند، عەلی باباجان گوتوویەتی بەهۆی بوونی ناکۆکی قوڵ لەگەڵ ڕێبازی ئێستای ئاکەپە کە ڕەجەب تەیب ئەردۆگان ڕێبەراتی دەکات، بڕیاری داوە لەو پارتە بێتە دەرێ.

ڕۆیتەرز دەشڵێت بەپێی لێدوانی چەند کەسێکی ئاگادار لە دۆخەکە، باباجان بە نیازە لەگەڵ عەبدوڵڵا گول سەرۆکی پێشووی تورکیا پارتێکی سیاسی نوێ ڕابگەیەنن. باباجان لە ڕاگەیاندنێکدا گوتوویەتی لەم بارودۆخەی ئێستای تورکیا وڵاتەکە پێویستی بە تێڕوانینێکی نوێ هەیە، هەروەها پێویستە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی دوروست لە هەموو بوارێکدا بکرێت و ستراتیژ و پلانی نوێ بۆ وڵاتەکە دابنرێن.

گوتووشیەتی خۆی و زۆرێک لە هاوڕێیانی هەست بە بەرپرسیارێتییەکی گەورە و میژوویی دەکەن. جێی باسە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی ئستەنبوڵ کە لە 23ی مانگی شەش دووبارەکرایەوە، گەورەترین شکستی هەڵبژاردن بوو کە دووچاری ئاکەپە بێبێت لەوەتای دامەزراوە.

ئەحمەد میسماری: کاتژمێری سفر نزیکبووەتەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی شاری تەرابلوس

دوای کۆنترۆڵکردنی شاری تەرابلوس حکوومەتێکی نیشتمانی پێکدەهێندرێت



ئەحمەد میسماری، گوتەبێژی لیوا خەلیفە حەفتەر سەرکردەی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی لیبیا ڕایگەیاند کە کاتژمێری سفر نزیکبووەتەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی شاری تەرابلوس. وەک ئاماژەیەک بۆ هێزەکانی حکوومەتی تەبایی نیشتمانی کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانی پێدانراوە، ئەحمەد میسماری لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: کاتژمێری سفر نزیکبووەتەوە بۆ ئەوەی هێزەکانمان شاری تەرابلوس لەژێر کۆنترۆڵی میلیشیاکان دەربهێنن و کۆنترۆڵی بکەن.

گوتەبێژی لیوا خەلیفە حەفتەر گوتیشی: حکوومەتی تەبایی نیشتمانی لەئێستادا تەنها فرۆکەی بێفرۆکەوانی ماوە دوای ئەوەی هێزە ئاسمانییەکەی لە لایەن هێزەکانمانەوە تێکشکێندرا. ناوبراو ئاماژەی بەوەیشدا کە دوای کۆنترۆڵکردنی شاری تەرابلوس، حکوومەتێکی نیشتمانی پێکدەهێندرێت و هەڵبژاردنیش بەڕێوەدەچێت.

جێی باسە دوای ئەوەی لە چواری نیسانی ڕابردوودا، هێزەکانی سەربە لیوا خەلیفە حەفتەر ئۆپەراسیۆنێکیان بۆ کۆنترۆڵکردنی شاری تەرابلوس پایتەختی لیبیا دەستپێکرد، گوتەبێژی هێزەکانی سەربە حکوومەتی ویفاقی نیشتمانی لیبیا، عەقید محەمەد قنونو دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنێکی لەژێرناوی "گرکانی تووڕەیی" بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی خەلیفە حەفتەر ڕاگەیاند.



سزای 10 ساڵ و شەش مانگ زیندانی بەسەر سەرۆکی پێشووی لقی ئورفای دەبەپە سەپێندرا

بە بیانووی "ئەندامبوون لە پارتی کرێکارنی کوردستان سەرۆکی پێشووی لقی ئورفای دەبەپە، جەلال باباجان سزای زیندانی10 ساڵ و شەش مانگی بەسەردا سەپێندرا. پرۆسەی دادگاییکردن کە لە شەشەمین دادگای قورسی ئاگری بەڕێوەچوو، تیایدا جەلال باباجان کە دەستبەسەرە لەگەڵ پارێزەرەکەی بەشداریان کرد.

لە دانیشتنەکەی دادگادا، جەلال باباجان بەرگری لەخۆی کرد و ئاماژەی بەوە کرد کە ئەندامی پارتی کرێکارنی کوردستان نییە و داوای کرد بڕیار لەسەر بێتاوانی دەربکرێت. دەستەی دادگا، بە بیانووی "ئەندامبوون لە ڕێکخراوی تیرۆریستی" جەلال باباجان-یان بە10 ساڵ و شەش مانگی زیندانی سزا دا. جێی باسە سەرۆکی پێشووی لقی ئورفای دەبەپە، جەلال باباجان لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە لە 17ی کانوونی دووەمی 2017ـەوە دەستگیرکرابوو.

دوای پێشێلکردنی ڕێککەوتنی ناوەکی، وڵاتانی زلهێز هۆشداری بە ئێران دەدەن



خەبات: زانکۆ جاف

دوای ئەوەی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی پشتڕاستی کردەوە کە کۆماری ئیسلامی ئێران "پێشێلی بەڵێنەکانی ڕێککەوتنی ناوەکی" دەکات، سەرۆک کۆماری فەرەنسا و سەرۆک وەزیری ئیسرائیل هۆشداریان بە تاران دا. لەلایەکی دیکەشەوە گرژییەکانی نێوان ئێران و ئەورووپا زیاتربووە و هێزە دەریاییەکانی جەبەلتارق بە هاوکاری هێزە تایبەتەکانی بەریتانیا دەستیان بەسەر کەشتییەکی گوێزەرەوەی نەوتی ئێراندا گرتووە کە ویستوویەتی دوو ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو بۆ پالاوگەی بانیاس لە سووریا بگوازێتەوە.

هۆشداربییەکان

ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی ڕۆژی یەکشەممە ڕایگەیاند ئاگاداری نەبوونی بەڵێنی ئێران بەپەلەی پێتاندنی یورانیۆمە. کاتژمێرێک دوای ئەوەی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی پشتڕاستی کردەوە کە کۆماری ئیسلامی ئێران "پێشێلی بەڵێنەکانی ڕێککەوتنی ناوکی" دەکات، سەرۆک کۆماری فەرەنسا و سەرۆک وەزیری ئیسرائیل هۆشداریان بە تاران دا. ئێمانوێل ماکرۆن، هەنگاوی ئێران بۆ زیاتركردنی پلەی پێتاندنی یۆرانیۆمی مەحکوم کرد. هەروەها، بنیامین نەتەنیاهۆ لەکۆبوونەوەی هەفتانەی کابینەی ئیسرائیل هەنگاوی تارانی بە"هەنگاوێکی زۆر مەترسیدار" وەسف کرد و داوای لەوڵاتانی ئەورووپایی کرد جارێکی دیکە گەمارۆ بخەنە سەر ئێران. گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیشا لەکاردانەوەیەکدا گوتی: ئەو وتە بەڵێندارى ڕێککەوتنی ناوەکییەو چاوەڕوانی هەیەکۆماری ئیسلامی دەبێت و پابەندی بەڵێنەکانی بێت و دەبێت دەستبەجێ هەموو ئەو هەنگاوانە ڕابگرێت کە پێچەوانەی ڕێککەوتنەکانە. ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی لەکاردانەوەیەکدا بەرامبەر بەنەبوونی بەڵێنی ئێران بەپەلەی پێتاندنی یۆرانیۆم ڕایگەیاند: کە ئێمە ئاگاداری بڕیاری ئێران سەبارەت بە پلەی پێتاندنی یۆرانیۆمین. سەرۆکی ئەمەریکاش لەیەکەم کاردانەوەی بەرامبەر بەبردنە سەرەوەی پلەی پێتاندنی یۆرانیۆمی لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێران گوتی: پەیامی دیکەی بۆ ئێران نییەو ئەوان یاری بە ئاگر دەکەن.

کشانەوە لە ڕێککەوتنەکە

بەرپرسانی بالای حکوومەتی ئێران، ئاشکرای دەکەن ئێستر پابەندی ئەو بەڵێنانە نابن کە لە چوارچێوەی کەمکردنەوەی پێتاندنی یۆرانیۆم دان. لەمبارەوە عەلی ڕەبیعی، گوتەبێژی دەوڵەتی حەسەن ڕۆحانی ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو لە پڕێس کۆنفرانسێکدا ڕایگەیاند: ئەمڕۆ ئەو مۆڵەتەتە 60 ڕۆژەیەی کە بە وڵاتانی ڕۆژئاوامان دابوو کۆتایی دێت و لەمەودوا لە ڕێژەی 3.67ی یۆرانیۆمی پێتێندراو تێدەپەڕێنین و ئاستی خستی یۆرانیۆم بەپێی ویستی خۆمان دەبێت. دوو مانگ لەمەوبەر کۆماری ئیسلامیی ئێران مۆڵەتێکی 60 ڕۆژەی بە وڵاتانی ڕۆژئاوایی دا کە ئەگەر ئەورووپا لەو ماوەیەدا پشتگیریی ئێران نەکەن، ئەوان پابەندی بەڵێنییەکانیان نابن و لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی دەکشێنەوە، بەڵام هەر ئەوکات فیدریکا مۆگرینی، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا ئەو هەڵوێستەی ئێرانی ڕەت کردەوە و ئاشکرای کرد هیچ مۆڵەتێک لە ئێران قەبوڵ ناکەن. هەر لەم بارەیەوە عەباس عێراقچی، جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران ئاشکرای کرد: لە هەنگاوی دووەمدا لەبارەی بەڵێنیی خۆمان بۆ ڕێژەی پێتاندن و خەستیی یۆرانیۆم، لە ئێستاوە ڕای دەگەیەنین ئیتر پابەندی ئەو ڕێژەیە دیاریکراوە نابین. عێراقچی ئاماژەی بەوەش کرد: "محەمەدجەواد زەریف، ئەمڕۆ لە نامەیەکدا ئەم بابەتەی بە فەرمی بە فیدیرۆکا مۆگرینی، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا ڕاگەیاندووە". جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران ڕاشیگەیاند: کەمبوونەوەی بەڵێنەکانی ئێران، لەوانەیە ببێتە هۆی هاتنە دەرەوەی یەکجارەکیی ئێران لە ڕێککەوتنی ناوکی.

گرژییەکانی ئێران و ئەورووپا

گرژییەکانی نێوان ئێران و ئەورووپا زیاتربووە و هێزە دەریاییەکانی جەبەلتارق بە هاوکاری هێزە تایبەتەکانی بەریتانیا دەستیان بەسەر کەشتییەکی گوێزەرەوەی نەوتی ئێراندا گرتووە کە ویستوویەتی دوو ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو بۆ پالاوگەی بانیاس لە سووریا بگوازێتەوە. دەسەلاتدارانی جەبەلتاریق بە پاساوی ئەوەی جوولەی کەشتییەکە پێشێلی سزاکانی یەکێتیی ئەورووپایە لەسەر سووریا، دەستیان بە سەر کەشتییەکەدا گرتووە؛ بەڵام بەرپرسانی ئیسپانیا ڕایانگەیاند، دەستبەسەرداگرتنی کەشتیی گرەیس وان 'لەسەر داوای ئەمەریکا بووە. جۆزێف پۆرێڵی، سەرپەرشتیاری وەزارەتی دەرەوەی ئیسپانیا ڕایگەیاند "بەشێوەیەکی سڕووشتی، ئێمە ئاگاداری ئۆپەراسیۆنەکە بووین. پاسەوانی سڤیل لە ناوچەکە گەشتیان دەکرد، بەڵام ئێمە لە باروودۆخەکەمان دەکۆڵیەوە کە ئەمە ڕوویدا. ئەمە داوایەکی ئەمەریکا بوو لە بەریتانیا". وەزارەتی دەرەوەی ئێران دەستبەسەرداگرتنی کەشتییەکەی بە نایاسایی ناوبرد و بااڵیۆزی بەریتانیای لە تاران بانگکرد. هاوکات بەریتانیا ڕایگەیاند، ئەوان بەرگری لە ئۆپەراسیۆنەکەیان دەکەن و لەو باوەڕەدان گوێزانەوەی نەوت بۆ سووریا پێشێلی سزاکانی یەکێتیی ئەورووپایە لەسەر سووریا. ئەم گرژییە نوێیانە لەکاتێکدان، ئەورووپا لە بڕیاری ئێران بۆ دوورکەوتنەوە لە جێبەجێکردنی پابەندییەکانی ناو ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە پێشێلدەکات". هاوکات لەلایەکی دیکەوە ئەمەریکاش هۆشداریداوەتە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا بەوەی بڕیاری ئێران بۆ زیادکردنی ئاستی پێتاندنی یۆرانیۆم تا هەر ڕێژەیەک کە خۆی بیانەوێت، مەترسییەکی ڕژدییە و پێویستە ئەورووپا وریای بێت.

قۆناغی دووەمی کەمکردنەوەی پابەندبوونی ئێران

گوتەبێژی دەزگای وزەی ئەتۆمی ئێران، بەهەرۆز کەمالوەندی ڕایگەیاند کە لە چوارچێوەی کەمکردنەوەی پابەندبوونیان بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی زیادکردنی پێتاندنی یۆرانیۆم بەڕێژەی 20 لەسەدا تاوتوێکردووە. ئاژانسی هەواڵیی فەرمی "ئیرنا" بااڵویکردەوە، بەهەرۆز کەمالوەندی سەبارەت بەزیادکردنی ڕێژەی پێتاندنی یۆرانیۆم گوتوویەتی: تێپەڕاندنی پێتاندنی یۆرانیۆم بەڕێژەی 20 لەسەدا خراوەتە چوارچێوەی بژاردەکانی قۆناغی دووەمی کەمکردنەوەی پابەندبوونمان بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی. بەهەرۆز کەمالوەندی گوتیشی: بەردەوام دەبین لە کەمکردنەوەی پابەندبوونمان بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی، تا ئەو کاتەی وڵاتانی ئەورووپا بەڵێنەکانیان لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکەدا بەرامبەر بە ئێران جێبەجێ دەکەن. لە لایەکی دیکەوە بەڕپرسێکی ئێران کە ناوی خۆی ئاشکرا نەکردووە بە ئاژانسی هەواڵیی ئەسۆشیەیتتد پرێسی ڕاگەیاندووە کە وڵاتەکەی ڕێژەی پێتاندنی یۆرانیۆمی گەیاندووەتە 4.5 لەسەدا.

یەکێتیی ئەورووپا بۆ ئێران: چالاکییە ئەتۆمییەکان بوەستێنن

دوای ئەوەی ئێران ڕایگەیاندبوو کە چیتر پابەند نابێت بەو ڕێژەیەی بۆی دیاریکرابوو لە پێتاندنی یۆرانیۆم بەپێی ڕێککەوتنی ئەتۆمی، یەکێتیی ئەورووپا لە بانگەوازێکدا داوا دەکات ئێران بگەڕێتەوە و بڕیاری وەستاندنی تەواوی چالاکییە ئەتۆمییەکانی خۆی بدات لە چوارچێوەی بەڕپرسیارێتیەکانی لە ڕێککەوتنەکەدا.

لەمبارەوە گوتەبێژی یەکێتیی ئەورووپا، مایا کۆسینچیچ لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ڕۆژانەی خۆیدا ڕایگەیاند کە لە چوارچێوەی پلانی کاری هاوبەشی گشتگیری واژووکراوی 2015دا، ئێران بۆی هەیە چالاکی پێتاندنی یۆرانیۆم تا ڕێژەی لەسەدا 3.67زیاد بکات و دووپاتیکردەوە کە ئەوان نیگەرانن لە لێدوانەکانی ئیدارەی تاران دەربارەی تێپەڕاندنی ئەو سنوورە لە پێتاندنی یۆرانیۆم. مایا کۆسینچیچ ڕایگەیاند کە دیالۆگی وڵاتانی لایەن لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی بەردەوامی هەیە و ئاشکرایکرد کە ئەوان چاوەڕیی هەڵسەنگاندنی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی نێودەوڵەتین لەو بارەیەوە. مایا کۆسینچیچ گوتی: زۆر نیگەرانین. بانگەواز دەکەین بۆ ئێران کە تەواوی چالاکییە ئەتۆمییەکانی خۆی لە چوارچێوەی بەڕپرسیارێتی لە ڕێککەوتنەکەدا بوەستێنێت.

یۆنان... پارتی دیموکراتی نوێی ڕاستڕەو 158 کورسی بەدەستهێنا

کیریاکۆس میتسۆتاکیس سوێندی یاسایی خوارد و پۆستی سەرۆکوەزیرانی وەرگرت



ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی پێشوەختە کە بووە هۆی گۆڕانکاری لە حکوومەتی یۆنان، ئاشکرا کرا. بەپێی زانیارییەکانی وەزارەتی ناوخۆی یۆنان لەسەدا99 و 86ی دەنگەکان جیاکراونەتەوە و دوای نزیکەی 90 ساڵ بۆ یەکەمجار لە وەرزی هاویندا هەڵبژاردن بەڕێوەدەچێت و ڕێژەی بەشداربوون لەسەدا57 و پۆینت 97 بووە.

بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بێت پارتی دیموکراتی نوێی ڕاستڕەو لەسەدا 39 و پۆینت 8ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە و بەپێی سیستەمی هەڵبژاردن لە کۆی 300 کورسی پەرلەمان توانیوێتی ببێت بە خاوەنی 158 کورسی و دەتوانێت بەتەنیا حکوومەت پێکبهێنێت. هەروەها پارتی هاوپەیمانی چەپڕەوی ڕادیکاڵ، بە سەرۆکایەتی ئالێکسیس چیپراس کە لە دەسەڵاتدابوو لەسەدا 31 و پۆینت 5ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە و لەسەدا چواری دەنگەکانی لەدەستداوە و ژمارە کورسییەکانی گەیشتووەتە86 کەرسی و بەوەیش بۆتە ئۆپۆزسیۆنی سەرەکی لەو وڵاتە.

لەلایەکی دیکەشەوە دوێنێ دووشەممە سەرکردەی پارتی دیموکراسییەتی نوێ لە یۆنان، کیریاکۆس میتسۆتاکیس کە لە هەڵبژاردنە گشتییە پێشوەختەکەی وڵاتەکەیدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا لە ڕێوڕەسمێکی ئایینیدا سوێندی یاسایی خوارد و پۆستی سەرۆکوەزیرانی وەرگرت. کیریاکۆس میتسۆتاکیس سەرەتا لە ڕێوڕەسمێکی ئایینیدا کە لە کۆشکی سەرۆکایەتی کۆمار ڕێکخرابوو، بە ئامادەبوونی سەرکۆماری یۆنان، پۆرۆکۆپیس پاڤلۆپۆولۆس سوێندی بە ئینجیل خوارد. جێی باسە لە هەڵبژاردنی پێشوودا پارتی دیموکراتی نوێ تەنها لەسەدا 28ی دەنگەکانی بەدەستهێنابوو، بەوەیش بووە خاوەنی75 کورسی.

دزەکردنی ڕاپۆرتەکانی بااڵیۆزی بەریتانیا لە واشنتۆن لەبارەی تەرمپەوە

تۆم تووگێندات: ئەرکی بااڵیۆزەکان نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندی و خواستەکانی گەلی ئینگلیزە نەک هەستیارییەکانی ئەمەریکا



سەرۆکی کۆمیسیۆنی کاروباری دەرەوەی بااڵی خواروو پەرلەمانی بەریتانیا، تۆم تووگێندات پشتیوانی لە بااڵیۆزی بەریتانیا لە واشنتۆن، کیم دارۆچ کرد کە ڕاپۆرتەکانی لەبارەی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد تەرمپەوە دزەی کردووەتە نێو میدیاکان و ڕایگەیاند: ئەرکی بااڵیۆزەکان نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندی و خواستەکانی گەلی ئینگلیزە نەک هەستیارییەکانی ئەمەریکا. لە لێدوانێکیدا بۆBBC تووگێندات بەرگریی لە بااڵیۆز دارۆچ کرد کە ترەمپی بە "لێنەهاتوو" ناوبردووە. تووگێندات ڕایگەیاند: دیبلۆماتکارەکان دەبێت بتوانن بەشێوەیەکی متمانەپێکراو پەیوەندی ببەستن و گوتی: ئەرکی بااڵیۆزەکان نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندی و خواستەکانی گەلی ئینگلیزە نەک هەستیارییەکانی ئەمەریکا. ناوبراو دزەپێکردنی ڕاپۆرتەکانی بۆ نێو میدیاکان بە پێشێلکارییەکی گەورە ناوبرد و بانگەوازی کرد لێکۆڵینەوە لەوبارەوە دەست پێ بکرێت و بەرپرسیارانی بابەتەکە سزا بدرێن.

ڕۆژنامەی دەیلی مەیڵ لە ژمارەی ڕۆژی یەکشەممەیدا نووسراوێکی بڵاوکردەوە کە نووسراوی دیبلۆماسیی داڕۆژە و دواتر وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا هەواڵەکەی بەدڕۆخستەوە. بەپێی هەواڵەکە، داڕۆژ لەبارەی سەرۆکی ئەمەریکاوە نووسیویەتی "لەو بڕوایەدانین کە ئیدارەی ترەمپ کە لە بنەڕەت ئاسایی، کەمتر حزبی، کەمتر کاریگەر، کەمتر پێشبینیکراو، لێنەهاتووتربێت لەڕووی دیبلۆماسییەوە".

هەولێر.. باندێکی ماددە هۆشبەرەکان دەستگیر دەکرێت



بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی هەولێر ڕایگەیاند، باندێکی ماددە هۆشبەرەکانیان دەستگیرکردووە ولەکاتی دەستگیرکردنیان ڕووبەڕووی هێزەکانی ئاسایش بوونەتەوە و هەوڵی ڕاکردنیان داوە، بەڵام دواجار دەستگیرکراون.

د. تارق نووری، بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند: کاژێر 1.00ی پاشنیوەڕۆی دووشەمە 2019/7/8 هێزەکانیان لە گەڕەکی نەورۆزی شاری هەولێر باندێکی ماددە هۆشبەرەکانیان دەستگیرکردووە. هەروەها گوتی: پێشوەخت زانیارییان لەسەر ئەو باندە هەبووە، هێزەکانمان بۆسەیان بۆ دانانبوون و خۆشبەختانە دەستگیریانکردوون.

بەپێی زانیارییەکان، هەر ئۆتۆمبێلێک لێدرابێت و ئێرباگی تەقیبێت، لە پشکنینی ئۆتۆمبێلpvi کە بە هەزە ناسراوە، دەرناچێت.

بەپێی زانیارییەکان، هەر ئۆتۆمبێلێک لێدرابێت و ئێرباگی تەقیبێت، دەبێت ئێرباگی کۆمپانیای خۆی بیلادی بۆ دابنرێتەوە، بەپێچەوانەوە لە پشکنینی ئۆتۆمبێل دەرناچێت.

باسی لەوەشکرد: ئەو باندە ڕووبەڕووی هێزەکانی ئاسایش بوونەتەوە و هەوڵی ڕاکردنیان داوە، بەڵام دواجار دەستگیرکراون. هێزەکانی ئاسایش لەگەڵ دەستگیرکردنیان دەستیشیان بەسەر بڕێک لەماددەی هۆشبەردا گرتووە.

بەپێی زانیارییەکان، ئەو باندە لە سێ کەس پێکهاتوون و دانیشتووی شاری هەولێرن، جگە لە ماددە هۆشبەرەکان بڕێک پارەشیان پێوەگیراوە.

وەزارەتی ناوخۆ بڕیارێکی نوێی بۆ پشکنینی ئۆتۆمبێل دەرکرد

گرێبەستی قوتابخانەکانی نێودەوڵەتی فەرەنسی لە هەولێر واژوو کرا



دوێنێ د.پشتیوان سادق وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە دۆمینیک ماس کونسوڵی گشتی فەرەنسا لە هەولێر کرد. لەکۆبوونەوەکە وەزیری پەروەردە و کونسوڵی گشتی فەرەنسا باسیان لە قوتابخانەی فەرەنسی لە هەرێمی کوردستان گفتوگۆیان لەبارەوە کرد، پاشان کونسوڵی فەرەنسی خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ ئەم ماوەیەی کارکردنیان لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە کە هاوکار و هەماهەنگ بوونە بۆ گرنگی زیاتر بە قوتابخانەی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان، دواتر دکتۆر پشتیوان سادق پاڵپشتی خۆی و وەزارەتی پەروەردەی نیشاندا بۆ ولاتی فەرەنسا و کونسوڵی گشتی فەرەنسا لە شاری هەولێر دەربڕی و هیوای خواست کە بتوانرێت پەیوەندییەکی دوولایەنەی پتەوتر دروست بکەن بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی بە ڕەوشی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان بدەن. لەکۆتاییدا نوێی کردنەوەی گرێبەستی قوتابخانەکانی نێودەوڵەتی فەرەنسی لە نێوان وەزیری پەروەردە و کونسوڵی گشتی فەرەنسا لە هەولێر واژوو کرا.

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق:

گوتاری ئایینی هەمیشە کاریگەریی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەدا هەبووە



دوێنێ، د.بەشیر خەلیل حەداد جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بە یاوەری حاکم تۆفیق بەڕپرسی نووسینگەی پەرلەمانی عێراق لە هەولێر، سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێری کردو لەلایەن سەید سدیق کەپرانی بەڕێوەبەری ئەوقافی پارێزگای هەولێر پێشوازی لێکرا. لە دیدارێکدا چەندین پرسی گرنگ تیشکیان خرایە سەر بەتایبەتی ڕۆڵی ئایین لە پێگەیاندن و پەروەردەی ئایینی و کۆمەڵایەتی و گرنگی چەسپاندنی پرەنسیپ و بنەما ئیسلامیەکان لەبارەی لێبووردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی ئایینی لەنێوان هەموو ئایین و ئایینزاکان لەکوردستاندا. هەروەها ئەوەشی خستەڕوو کە پەرلەمانی عێراق لە ئێستاو لە ڕابردووشدا هەمیشە پاڵپشت و هەماهەنگ بووە لە ڕایکردنی کاروباری ئایینیدا. پاشان جەختی کردەوە کە گوتاری ئایینی هەمیشە کاریگەری خۆی هەبووە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە و لە گوتاری سیاسی بەهێزتربووە. پاشان سەید سدیق کەپرانی بەڕێوەبەری ئەوقافی پارێزگای هەولێر لە وتەیەکدا ئاماژەی بە ڕۆڵی دکتۆر بەشیردا کە خزمەتکردن بە مامۆستایانی ئایینی و هەروەها ڕۆڵی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێری لەخزمەتکردن بە مامۆستایانی ئایینی نرخاند.

پاشان جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بەیاوەری بەڕێوەبەری ئەوقافی پارێزگای هەولێر سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی دەوروبەری هەولێریان کردو لەلایەن نەجم عەبدوڵڵا کاکل بەڕێوەبەری ئەوقافی دەوروبەر پێشوازیان لێکرا.

نۆتۆمبێلێک لەڕێگای دهۆک . هەولێر گڕیگرت

کاروان خۆشناو وتەبێژی پێشووی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر لەهەژماری تایبەت بەخۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک بڵاوی کردەوە کەبەیانی ڕۆژی دووشەمە /2019/7 8 لەڕێگای سەرەکی دهۆک- هەولێر ئۆتۆمبێلێک گڕی گرت. ڕاشیگەیاندووە ئۆتۆمبێلەکە لەجۆری BMW بووە، ڕووداوەکەش نزیک شێخان ڕوویداوە کەجگە لەزیانی ماددی، زیانی گیانی نەبووە.

ئاگرەکەی تانجەڕۆ زیاتر لە هەفتەیەکە نەکوژاوەتەوە



زیاتر لە هەفتەیەکە ئاگر و دووکەڵی زبڵخانەکەی تانجەڕۆ تەنگی بە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە و گوندەکانی دەوروبەری هەڵچنیوە. دانیشتوانەکەی داوا دەکەن بەزووترین کات ئەو کێشەیان بۆ چارەسەر بکرێت. هاونیشتمانییەکی تانجەڕۆ دەڵێت: بەهۆی ئەو دووکەڵ و ئاگرەی ناوچەکەی گرتووەتەوە ئێستا خوشکێکم لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی هیندستان لەژێر چاودێری پزیشکی دایە. بەهۆی ئەو ئاگر و دووکەڵەوە بەشیک لە دانیشتووان مااڵەکەی خۆیان جێهێشتووە و دەڵێن، تاوەکو ئاگرەکە و دووکەڵەکە دانەمرکێت ناگەڕێینەوە.

تانکەرێک وەرگەڕا و شۆفێرەکەی گیانی لەدەست دا



2019/7/7 تانکەرێک لەسەر لۆفەکانی چیای سەفین وەرگەڕا، بەو هۆیەشەوە شۆفێری تانکەرەکە گیانی لەدەست دا. لە بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی شەقلاوە ڕاگەیاندراوێکدا ئاماژە بەوە دەکات، تانکەرێک لەسەر چیای سەفین وەرگەڕا و شۆفێرەکەی گیانی لەدەست دا.

دوێنێ دووشەمە 2019/7/8 بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی شەقلاوە ڕاگەیاندراوێکی لە پەیجی فەرمیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاو کردەوە، تێیدا هاتووە: کاتژمێر 6ی ئێوارەی ڕۆژی یەکشەمە ڕاگەیاندراوەکەدا ئاماژە بەوەش دراوە، کە زیانی ماددیی زۆریش بەر ئۆتۆمبێلە تانکەرەکە کەوتووە.

لەماوەی شەش مانگی ئەمسااڵدا زیاتر لە 500 کۆمپانیا تۆمار کراون

بەڕێوەبەری تۆمارکردنی کۆمپانیاکانی هەولێر:

جگە لە کۆمپانیا بیانییەکان، ژمارەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە شاری هەولێر لە زیادبوونە



ڕاپۆرتی ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

دوای ئەو سەقامگیری و هێمنییەی کە لە کوردستان هەیە هانی کۆمپانیا بیانیەکانی دا کە لە کوردستان کاری وەبەرهێنان و پڕۆژەی گەورەو ستراتیژی ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی کوردستان زیاتر ڕوو لە ئاوەدانکردنەوە بکات و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش ڕێژەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ڕووی لە بەرزبوونەوە کردووە. پشتیوان مستەفا قادر بەڕێوەبەری تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بەخەباتی ڕاگەیاند: لەکوردستان یەک بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان هەیەو پێشتر لەبەغدا هەبوو پێی دەگوترا فەرمانگەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان، ئەوەبوو بەهەوڵ و کۆششی لایەنی پەیوەندیدار ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتیە لە کوردستانیش کرایەوە.




پشتیوان مستەفا قادر بەڕێوەبەری تۆمارکردنی کۆمپانیاکان:

زیاتر لە هەژدە هەزار دۆسیەی کۆمپانیای تۆمار کراومان لە شاری هەولێر هەیە

کردنەوەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لە کوردستان زۆر گرنگ بوو

پێشتر ئەو بەڕێوەبەرایەتیە بەناوی بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان لە هەرێم بوو، جگە لەوە پێشترکۆمپانیاکان بارەگایان لە کوردستانیش هەبوو لە بەغدا تۆمار دەکران دوا بەدوای ئەوە لە ساڵی 2006 کرا بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و سەربە وەزارەتی بازرگانی و پیشە سازییەو هەرکە ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتییە کرایەوە بۆ کارئاسانی کۆمپانیاکان بەڕێوەبەرایەتیەکیش لە شاری سلێمانی کرایەوەو دوای کردنەوەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گەلەیی و گازندەی هاووڵاتیانی لێکەتەوە، بەتایبەتی خەڵکی شاری دهۆک لەو ڕێگا دوورەوە دەهاتن بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بۆ هەولێر گەلەیی زۆری هاووڵاتیانی ئەو شارە وای کرد کە هەوڵ بۆ کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بدرێت لەشاری دهۆک، بەتایبەتی تۆڕێژی

عەلی حسێن: شۆڕشی گوڵان بۆ هەموو دونیای سەلماند گەلی کوردستان هەرگیز گۆڕەپانەکە بۆ داگیرکەران چۆڵناکات



دوێنێ عەلی حسێن بەرپرسی پەیوەندییەکان و ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لە دلاوەر ئۆمەر سەرۆکی ڕێکخراوی تێکۆشەرانی شۆڕشی گوڵان و ئەندامانی ڕێکخراوەکە کرد.

لەدیدارێکدا عەلی حسێن ئاماژەی بەمێژووی پڕ سەروەریی شۆڕشی گوڵان کردەوە تەئکیدی کردەوە شۆڕشی گوڵان ئەو نامە پڕ لە حیکمەتە بوو کە بۆ هەموو دونیای ڕوونکردەوە ناوەی سەلماند کە گەلی کوردستان چۆک دانادات و میللەتێکە هەرگیز بۆ داگیرکەران گۆڕەپانەکە چۆڵ ناکات، هەروەها گوتی: پێویستە هەموومان ئەوەش بزانین تەواوی ئەو دەستکەوت و ئازادی و سەروەریانەی ئەمڕۆ لە کوردستان فەراهەم کراوە بە قوربانیدانی پێشمەرگەکانی شۆڕشی گوڵان و بەیاساکردنی مافەکانیان لە پەرلەمانی کوردستان هەموو مافەکانیان هەوڵی جدی دەدەن و هەنگاوەکانیش لەم بارەیەوە پێویستی بە پاڵپشتی هەموو لایەک دەبێت، لەم بارەیەوە عەلی حسێن پاڵپشتی بۆ دوپاتکردنەوەو تەئکیدی کردەوە ئەوەی بکرێت بۆ پێشمەرگەی گوڵان بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئیمتیازتی ئەوان پاڵپشتی لێدەکەن.

بەرپرسی لقی 23: داعش لە مەخموور ئامادەکاری بۆ کردەوەی تیرۆریستی دەکات



بەرپرسێکی قەزای مەخموور ئاشکرای کرد، زانیاری هەیە چەکدارانی سەر بە گرووپی تیرۆریستیی داعش خەریکی خۆئامادەکردنن بۆ کردەوەی تیرۆریستی و دەشڵێت، هیچ هەماهەنگییەک نییە بۆ لێدانی داعش، بەڵام هەرێم و بەغدا نزیک بوونەتەوە لە ئاساییکردنەوەی ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکان.

کرمانج عەبدوڵا، بەرپرسی لقی 23ی قەرەچۆغ لە مەخموور، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: بەپێی زانیاریی ئێمە چەکدارانی داعش لە سنووری قەزای مەخموور خەریکی خۆڕێکخستنەوەن، جگە لەوەی پێشتر و ئێستاش داعش بەردەوامە لەسەر زیادکردنی جووڵەکانی، بەڵام ئێستا زیاتر لە پێویست کەوتوونەتە خۆئامادەکردن و کۆکردنەوەی چەکدارەکانی، بێگومان ئەو خۆئامادەکردنەوەیەی داعش لە سنووری مەخموور بۆ کردەوەی تیرۆریستی و هێرشکردنە، پێمان وایە دەیانەوێ لە دەرفەتێکدا دەستی خۆیان بوەشێنن.

دەربارەی هەماهەنگیی نێوان سوپای عێراق و پێشمەرگە بۆ لێدانی داعش، بەرپرسی لقی 23ی قەرەچۆغ دەڵێت: هیچ هەماهەنگییەکی ئەوتۆ لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراقدا نییە، ئەگەر بێت و کێشەکانی ناوچەکە چارەسەر نەکرێن و هێزی هاوبەشی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە مەخموور جێگیر نەکرێت، مەترسی لەسەر قەزای مەخموور هەیە.

کرمانج عەبدوڵا گوتیشی: ئاساییکردنەوەی ڕەوشی مەخموور بۆ پێش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر پەیوەستە بەو لێژنەیەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدادا کار دەکەن و لە هەندێ ڕووەوە گەیشتوونەتە ڕێککەوتن، بەڵام هێشتا نەگەیشتوونەتە قۆناغی کۆتایی بۆ ئەوەی لەسەر زەوی جێبەجێ بکرێت، ئەگەر بگەینە ڕێککەوتنی کۆتایی، ئەوە بەشێکی زۆری کێشەکان چارەسەر دەکرێن و کۆتایی بە ڕەوشی ئاڵۆزی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دێت.

پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەر و مامۆستایان دەستپێدەکاتەوە



سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان گوتی، ماوەیەکە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری داوە پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەر و مامۆستایان دەست پێبکاتەوە، بەڵام وەزارەتی دارایی سەرقاڵی دانانی میکانیزمێکە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان بۆ ئەوەی دەست بە پلەبەرزکردنەوە بکرێت، چونکە هەندێک وردەکاری و زانیاری پێویستە.

عەبدولواحید محەمەد، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند، ئەنجوومەنی وەزیران ماوەیەکە بڕیاری داوە کە پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەر و مامۆستایان دەست پێبکاتەوە و فەرمانەکە ڕەوانەی وەزارەتی دارایی کراوە، ئێستاش وەزارەتی دارایی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان، سەرقاڵی دانانی میکانیزمێکن بۆ دەستپێکردنەوەی پلەبەرزکردنەوە و هەر کاتێک لەسەری گەیشتنە ڕێککەوتن، پلەبەرکردنەوە دەست پێدەکاتەوە.

ناوبراو گوتیشی، ئەو کارە پێویستی بە هەندێک کات هەیە تاوەکو دەست پێبکاتەوە، چونکە ماوەی چوار ساڵە بە هۆی قەیرانی دارایییەوە ڕاگیراوە و ژمارەیەکی زۆری مامۆستا و فەرمانبەر کاتی پلەبەرزکردنەوەیان هاتووە، بۆیە وەزارەتی دارایی پێویستی بە زانیاری تەواو و پارەش هەیە بۆ ئەوەی ئەو کارە ئەنجام بدات، بەڵام بەردەوام کاری تێدا دەکرێت و هەر کاتێک تەواو بوو، پلە بەرزکردنەوە دەست پێدەکاتەوە.

بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەواڵی تەندروستی مومتاز حەیدەری، محەمەد کەریم نانەوا و ئازاد حوسێن دەپرسێتەوە



دوێنێ د سالار عوسمان بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بە یاوەری مەسعود مستەفا بەڕێوەبەری یاسایی و گۆران حوسێن بەڕێوەبەری سەنتەر و تیپەکان سەردانی ماڵی هەریەک لە ڕۆژنامەنووس و ئەرشیفسازی بەنێوبانگ مومتاز حەیدەری، نووسەری بەنێوبانگ محەمەد کەریم نانەوا و فەرمانبەری دیونی وەزارەت ئازاد حوسێن کرد و لە هەواڵی تەندروستیانی پرسیەوە. بریکاری وەزارەت، جگە لەوەی هیوای زوو چاکبوونەوەی بۆ خواستن، بەڕێزەوەیەیش هەوڵ و خزمەت و بەخششەکانیانی بەرز نرخاند.

ئاکرێ.. هژمارەکا بیرا بۆ چارەکرنا کێمیا ئاقێ دێهێنەلێدان



بۆ چارە سەرکرنا ئاریشا کێم ئاقێیێ ل سەنتەرێ قەزا ئاکرێ و دەروبەرا بریارە چەند بیر بهێنە لێدان ل وان گەرەک و جهێن ئاڤا وان کێم هەتا کو پرۆژەیێ ستراتیژیێ ئاڤا ئاکرێ دهێتە تەمامکرن.

ئەندازیار زرار ئەحمەد سلێمان ڕێڤەبەرێ ئاڤا ئاکرێ بۆ باسنیوز ڕاگەهاند: ب گشتی ل ئاکرێ هەتا نوکە چۆ گەرەکێن بێ ئاف نینە ب تنێ ل هندەک گەرەکا ئاف یا کێمە ژبەرکو سالانە گەرەکێن نوو دهێنە ئاڤاکرن و هێشتا ب دروستی ئاف بۆ نەهاتیە ڕاکێشان و پرۆژەیێ ئاڤا ئاکرێ ژی نەهاتیە تەمامکرن کو ئاف ب دروستی و وەک هەڤ ل هەموو گەرەکا بهێتە دابەشکرن. گوتژی: هەتا پروژەیێ ستراتیژیێ ئاڤا ئاکرێ تەمام دبیت ل چەند گەرەکێن ناف سەنتەرێ قەزا ئاکرێ دێ هژمارەکا بیرا هێنە لێدان بۆ چارە کرنا ئاریشا کێمیا ئاڤا ڤەخوارنێ، بریار پارێزگەها ئەو لێدانا وان بیرا هاتە پاشخستن، چاڤەرێ دکەین پرۆژەیێ مەزنێ ئاڤا بۆ هژمارەکا گوندێن دەدوور بهێتە چارە کرن. تەکەز ژی کر: پرۆژەیێ سترا تیژیێ ئاڤا ئاکرێ ب کوژمەیێ 89 ملیار دینارا ل ساڵا 2012ێ کەفتە وارێ بجهکرنێ هەتا نوکە نێزیکی 60% هاتیە تەمامکرن ،بریارە هەتا ساڵا 2020 پرۆژە بهێتە تەمامکرن و ئاریشا کێمیا ئاقێ ل سەنتەرێ قەزا ئاکرێ 22 گوندێن سەر ڕێیا پرۆژەی بهێتە چارەکرن.

پۆلیسی سلێمانی تۆمەتبارێکی دراوی ساختەی بیانی دەستگیردەکات



گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، سەرکەوت ئەحمەد ڕایگەیاند، دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو چەند حاڵەتێکی وەرگرتنی دراوی ساختە تۆمارکراوە، کەسێک بە بڕێک پارەی بیانی ساختەوە دەستگیرکراوە.

سەرکەوت ئەحمەد لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: دوای تۆمارکردنی سکاڵا لە لایەن هاوڵاتییانەوە لەسەر ئەو بابەتە، بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان دەستی بە بەدواداچوون کرد و ڕۆژی ڕابردوو یەکێک لەو تۆمەتبارانە کە تەمەنی27 ساڵە و دانیشتووی سلێمانییە لە ناو ماڵەکەی خۆیدا دەستگیرکرا، هەروەها دەست بەسەر کەمتر لە10 هەزار دۆلاری ساختە و 71 وەرەقەی 200 یۆرۆیی و77 وەرەقەی 100 یۆرۆیی و یەک وەرەقەی 500 یۆرۆیی ساختە لەگەڵ چەند بەڵگەنامەیەکی تری ساختە و یەک پارچە حەشیش و پارچەیەک کریستاڵ لەناو ماڵەکەدا دەستیان بەسەردا گیراوە.

ئەو گوتیشی: ئۆتۆمبێلێکی جۆری ڕانج ڕۆڤەریش لەو ماڵەدا دەستی بەسەردا گیراوە کە بۆ ساغکردنەوەی دراوە ساختەکان بەکارهێنراوە.

گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی ئاماژەی بەوەیشکرد، تۆمەتبارەکە لە وەرگرتنی گوتەکانیدا دانی بەوەدا ناوە کە هاوکارێکی تری هەیە لەناو بازاڕ کە کاری گۆڕینەوەی دراوەکانی بۆ کردووە و لە لایەن هێزەکانیەوە دەستگیرکراوە، لەسەر ئەم دۆسیەیەش بەبڕیاری دادوەر فەرمانی گرتن بۆ کەسانی تری تێوەگلاو لە بابەتەکە دەردەچێت.

گوتەبێژەکەی پۆلیس باسی لەوەش کرد، پارەکە بەشێکی بۆ خۆیان چاپیان کردووە و بەشێکیشی لە لایەن کەسانی ترەوە بۆیان هاتووە و ساغیان کردووەتەوە، ئەوەیش یەکەم دۆسیەی دراوی ساختەیە کە لە لایەن هێزەکانی پۆلیسی سلێمانی لە میانی ئەمسااڵدا کاریان لەسەر کردووە.



کارزان فەقێ

ئیمزایەک بۆ ڤەژاندنا ئابوریّ هەرێمێ

ئەمریکا ئەو وەلاتێ خوەدی بهێزترینە ل سەر هەموو ئاستان، ئاستێ سەربازی، ئابووری، وەبەرهێنان و چاندن ، هەروەسا ل سەر ئاستێ پیشەسازی و تەنکنۆلۆژیا و گەلەک بیاڤێن دی، هێز و شیاێن ئەمریکا بوویە ئەگەر کو هەڤپەیمان و دۆستێن ئەمریکا ژی د رەوشەکا باش و خوەش دا بژێن، ل رۆژهەلاتا ناڤێن ئەمریکات گەلەک دۆست و هەڤپەیمان هەنە، تەماشەی هەر دۆستەکێ ئەمریکا بکەین ، دێ وێ یەکێ بینین کو د رەوشێن خراب و نە لبار دا ئەمریکا ب هانا وێ هاتیە و ب تنێ نەهێلایە، ژ وان ژی کورد ل هەرێما کوردستانێ، ئەگەر ژ سەرهلدانێ و تا نها دەست پێ بکەین، ئەمریکا هیچ دەمەکی دژی ڤێ قەوارەیا کوردان ل هەرێما کوردستانێ نەبوویە، سەرەرای کو دژ نەبوویە ژی، ل دەمێن بەرتەنگی و قەیرانان ژی خوە دیارکریە و دەستی وێ یێ هاریکاریێ ل هەولێرا پایتەختێ هەرێما کوردستانێ هاتیە دیتن و هێزا وێ ژی هەم ل سەنگەرێن شەری و هەم ژی د بیاڤێ پێشخستنا کەرتێ ئابوڕێ هەرێما کوردستانێ رۆلێ خوە دیتیە. ئەڤ پەیوەندیە کەنگی دەستپێکر و ل کیژان دەمی وەرچەرخان ب خوەڤە دیت؟ بێگومان نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرێ بەرێ یێ هەرێما کوردستانێ و سەرۆکێ نها یێ هەرێمێ رۆلەکێ دیار د پێشخستنا ڤێ پەیوەندیا دناڤبەرا هەرێما کوردستانێ و ئەمریکا دا گێرایە، ب رەنگەکێ ل سەردەمێ دەستهەلاتا نێچیرڤان بارزانی دا وەکی سەرۆکێ حکو مەتا هەرێما کوردستانێ؛ پەیوەندیا هەولێر و واشنتۆن گەهشتیە بلندترین ئاست، تا رادەیەکێ وەها دەم بۆ دەمێ شاند و بەرپرسێن بلندێن ئەمریکا ل هەرێما کوردستانێ دهاتن دیتن و ب هنارتنا کۆمپانییێن وان ییێن وەبەرهێنانێ، وەبەرهێنانەکا مەزن ل هەرێما کوردستانێ هاتە کرن و ئابوڕێ ڤێ هەرێمێ و خەلکی ژی گهۆرینەکا بەرچاڤ بخوەڤە دیت، دبیاڤێ سەربازی ژی ب هەمان شێوە و پتر ژی، د شەرێ داعشێ ئەمریکا ل گەل وەلاتێن خوە ییێن هەڤپەیمان پێشمەرگە ب تنێ ل سەنگەری بجهـ نەهێلان و ل ئەسمانێ ژی ب فرۆکەییێن خوە پشتەڤان و هاریکارێ شەرێ دژی تیرۆرێ بوون، لێ بزاڤێن بهێزکرنا هەرێما کوردستانێ ب تنێ ل وی سەردەمی نەبوو دەما نێچیرڤان بارزانی د حکومەتێ دا، بەلکو بارزانی کو نها سەرۆکێ هەرێمێ یە ، د پۆستێ خوە ییێ نوو ژی دا دەست ژ وان بزاڤێن خوە بەرنەدایە و داوی دەرکەفتنا وی ژی، د ئیمزاکرنا لێکتێگەهشتنەکا بارزگانی و ئابوری بوو دناڤبەرا هەردوو ژوورێن بازرگانییێن هەرێما کوردستان و ئەمریکا. ئەو لێکتێگەهشتێ دێ بۆ هەرێما کوردستانێ چ کەت؟ وەکو یا دیار ژوورا بازرگانی و پیشەسازیا ئەمریکا ئێک ژ مەزنترین ژوورێن سەر ئاستێ جیهانێ یە و خوەدان پتری سێ ملیۆن ئەندامە ژ کۆمپانییێن وەبەرهێنانێ، هەروەکو سەرۆکێ هەرێمێ ب خوە گۆتی: ئیمزاکرنا لێکتێگەهشتنێ دێ دەرگەهی ل هەمبەر سێ ملیۆن کۆمپانیان ڤەکەت کو وەبەرهەێنانێ ل هەرێما کوردستانێ بکەن. کەواتە وەبەرهێنان ل هەرێمێ د ڤی دەمی دا دەربازی قۆناغەکا نوو و وەرچەرخانەکا گرنگ دبیت. دێ بیتە ئەگەر ژی هەموو ئەو شوونوارێن چار سالێن بۆری ب ئەگەرێ قەیرانێ ل هەرێما کوردستانێ دروست بووین، بەرزە بێن و ئابوڕێ هەرێما کوردستانێ وەکو جاران و بهێزتر ڤەگەریتەڤە.

بەرگێکی دیکە لەبەر حەشدی شەعبی دەکرێت



سازان وەهاب

عێراقی دوای 2003 ژینگەیەکی باشی رەخساند بۆ دەرکەوتن و خۆرێکخستنەوەی میلیشیا شیعیەکان، بەتایبەتی ئەو کاتانە لێدان لە هێزە ئەمریکییەکان وەک راهێنانێکی سەرەتایی بوو بۆ شەڕی میلیشیایی شار و کۆڵانەکانی ناوەڕاست و خوارووی و عێراق. بڕیەری حاکمی مەدەنی ئەمریکی لە عێراق ویستی دەسەلاتی خۆی بەرامبەر بەو میلیشیانە بەکاربهێنێت و بە بڕیارێک کۆتاییان پێبهێنێت یا لانیکەم نەهێلێت تەشەنە بکەن، بەڵام پێچەوانەوە بووە هۆی زیاتر گەشەکردنی ئەو گرووپانە و رۆژانە هێزە ئەمریکیەکان لە رێگەی میلیشیاکانەوە دەکرانە ئامانج.

بە یاساییکردنی ئەو گرووپانە بە کەڵک وەرگرتن لە شەڕی دژ بە تیرۆریستانی دەوڵەتی بەناوی ئیسلامی(داعش) دەرفەتێکی گونجاو بوو بۆ ئەوەی میلیشیاکان بەرگێکی یاسایی لەبەربکرێت و رەوایی پێدانی چەک و پێداویستی سەربازی پێببەخشرێت.

2014 ئەو کات مالیکی سەرۆک وەزیران بوو، بە پشتیوانی فتوایەکی گەورە مەرجەعی شیعەکانی عێراق عەلی سیستانی توانی گرووپە میلیشیاییەکان لەو بەرگە یاساییایەدا بکات بە هێزێکی مەترسیدارتر و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیش لە 26ی تشرینی دووەمی 2016 بڕیاری دا بە یاسایی کردنی هێزە چەکدارەکان و دانیان بە بوونیاندا لە چوارچێوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی، بەڵام ئەو بڕیارە هەرگیز جێبەجێ نەکرا و هێشتا هێزەکان بە سەربەخۆیی کار دەکەن و بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە حکومەت و سوپا و بڕیاری سیاسی و ئەمنی عێراق کار دەکەن و هەندێکیان بە ڕاشکاوی ئاماژە بە دژایەتی دەوڵەت و سوپا و هێزەکانی ئەمنی دەکەن.

زۆربەیی شیعەکان پرۆژەیاسایکیان بە دەنگی 208 پەرلەمانتاری پەسەند کرد و ئیتر ئەم گرووپانە بوون بە ناونیشانی هێزێکی عێراقی و دەستیان گرت بەسەر هەموو پێداویستیە سەربازییەکانی سوپای عێراقی و خۆیان لەڕووی چەکەوە بەهێزکرد. ئەوکاتیش چاودێرانی سیاسی و سەربازی ئەو مەترسیەیان نیشاندا ئەم هێزە لە ئایندەدا هاوشێوەی هێزەکانی دیکەی ناوچەکە کە پشتیوانی لە تیرۆر و تۆقاندن دەکەن دەبنە هێزێکی مەترسیدارتر، بەڵام بەهۆی زۆربەیی دەسەلاتی ڕەهای شیعەکان ئەو هێزە مەزنتر بوو، لەشەڕی داعیشیش ڕەوایەتیەکی مەیدانیان لە نێو پێکهاتە عێراقییەکان پەیدا کرد بەتایبەتی کە وڵاتانی هاوپەیمانی دژ بە داعش بە ئاشکرا پشتیوانیان لەو هێزە کرد و مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد.

عادل عەبدولمەهدی پیاوە میانڕەوەکەی شیعە و سەرۆکوەزیرانی ئێستاکەی عێراق لە دۆخی ئاڵۆزی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران و هەڕەشە لەسەر ئەو هێزانەی دەچنە چوارچێوەی خزمەتی سیاسیەتی ئێرانیەوە، نازاندرێ لە ژێر فشاری چ لایەنێکی ئەو ململانێیە دەیەوێ بەرگێکی یاسایی هەژموونی کەسایەتییان دەربچێت، چونکە هێزەکە هەم وەک پەیداکردنی سامان و هەم وەک پەیداکردنی نفوزی جەماوەری کاریگەری گەورەیان هەیە.

جۆرێکە لە ساویلکەیی ئەگەر وا بڕوا بهێنرێت ئەم هێزە کۆتایی دێت و لە نێو سوپایەکی نیشتمانی عێراقیدا دەتوێتەوە و ئیتر ئینتیمایی مەزهەبی ناتوانێ ئاڕاستەی ئەو هێزە بکات، یاخود هەڵەیە بگوترێت بەم بڕیارە جوڵەپێکردن و بڕیاربدانی ڕاستەوخۆی ئەو هێزانە دەچێتە ژێرباری حکومەتی عێراقەوە، خۆئەگەریش وابێت، ئاخۆ عەبدولمەهدی دەتوانێت پێچەوانەی ئەو بنەمایانە کاربکات کە یەکەی نهێنی پشت شیعەکانی عێراقە؟ بێگومان لەوەشدا نەخێر، چونکە ناتوانێ و ئەو هێزەی نییە، یاخود ئەگەریش هەیبێت ئەوا ئینتیما دروستکراوەکەی هێزەکە دیکە بەبەری ئەو میلیشیانە بکات، بەڵام گومانی تێدا نییە ئەو فشارە هی لایەنی یەکەمی پەیوەندارە کە خۆیانن و دەیانەوێ سوپایەکی مەزهەبی تەواو وابەستەی مەزهەبی شیعی لە عێراق بونیاد بنێن.

ئەم فەرمانەی عەبدولمەهدی جۆرێک لە ئاڵوزی لە نێو شیعەکانش دروست کردووە، تاکە کەسێک بە ئاشکرا و بەدەنگی بەرز پشتیوانی کرد تەنیا موقتەدا سەدری ڕەوتی سەدرییەکان بوو و هێزەکەی خۆی بەخشیە بە سوپای عێراقی. بەڵام هەندێک کەسایەتی دیاری نێو میلیشیاکان ترسی ئەوەیان هەیە ئەم هێزە لە ژێر باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا) و بەکوردیش (ڕۆژئاوا). هێشتا دیار نییە، ئەو گۆڕانکارییە شێوەییە، بژاردەیەکی جێگیر و ستراتیژیبە، یان هەنگاوێکی تەکتیکی، ئەو پارتەیە، بۆ ڕەتکردنی پرۆژەکەی خۆی؟. پارتی یەکێتیی دیموکراتی (پەیەدە)، لەوە دەستی پێ کرد، کە دەبوو لەوێ کۆتایی پێبێنێت، ئەوەش هەڵەیەکی ستراتیژی ڕێبازەکەیەتی، کە پاڵی بە پارتەکە وەناوە بەرەو (قورگی شووشەکە) بچێت، لەبەر ئەو هەڤرکی و بەربەستە گەورە (ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتی) یانەی ڕووبەڕووی پرۆژەکەی دەبێتەوە. پەیەدە، ئێستا ناتوانێت پاشەکشە لە پرۆژەکەیدا بکات، ناشتوانێت تاکو کۆتایی بهات، هەرچەندە هێزێکی سەربازیی هەیە و لە (سوپای دەوڵەت) دەچێت، ئەمریکی و حکومەتەکانی ڕۆژئاواش، بەردەوام پشتیوانی سەربازیی و سیاسی لێ دەکەن، هەتا دوای لەناوبردنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشیش.

پەیەدە لەبەردەم کوردەکانی ڕێگە بە سەرۆکوەزیران نادات ئەم هێزە دەستەمۆی حکوومەت بکات.

دەکرێت بڕوا بەوەش بکەین، ئەم هەنگاوەی سەرۆکوەزیرانی عێراق ئەو دیوە بێت کە باسی لێوە دەکەن و دەڵێن پەیوەندی بەو هێرشەی سەر کێڵگە نەوتییەکانی سعودییە و باڵیۆزخانەی بەحرێن لە بەغدا هەیە کە میلیشیاکان لە پشت ئەو دوو ڕووداوە بووە و ئیتر ئەم ڕووداوانە لە دووبارە بوونەوەیدا حکوومەتی عێراقی بەگژ وڵاتانی ناوچەکە نەدات، بێگومان ئەم بڕچوونەش ڕاستە، بەڵام هەموو ئەوانە یەک ئامانجیان هەیە، هێزی ئایندەی عێراق لەڕووی یاساوە لە دەستی خۆیان وەک(شیعە) بمێنێتەوە، بۆیە گوتنی ئەوەی شیعەکان عاقڵن و ستراتیژیانە بیر دەکەنەوە و خۆیان بۆ هەموو ئەگەرەکان ئامادە دەکەن شتێکی نامۆنییە و گوتنێکی تاڕادەیەک بڕواهێنەرە.



پەیەدە و چۆنیەتی دەرچوون لە قوڕگی شووشەکەوە

سلێمان یوسف یوسف

لە دەقی پەیماننامەی کۆمەڵایەتی، ناسراو بە (خۆسەری دیموکراتی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا)دا هاتووە:"ئێمە گەلانی ناوچەکانی خۆسەری دیموکراتی، لە کورد، عەرەب و سریان (ئاشووری، کلدانی، ئارامییەکان) و تورکمان و ئەرمەنیش پێکهاتووین..". هەرچەندە هەموو ئەو پێکهاتە و نەتەوانە، بنەماکانی گەلیان تێدا نییە، بەڵام ناویان لە خۆیان ناوە (گەل)، بۆ هاوتا بوون لەگەڵ بیرۆکەی (گەلان و نەتەوەکانی دیموکراتی)، ئەوەی (پارتی یەکێتیی دیموکراتی-پەیەدە) بانگەشەی بۆ دەکات، کە هەر خۆیشی لە بیردۆزی (نەتەوەی دیموکراتی) وەرگیراوە، کە (باوکی ڕۆحی) پارتەکە (عەبدوللا ئۆجەلان)، هەوڵی دروستکردنی لە نەتەوە، ئیتن، ئایین و مەزهەب) پێکەوە ژیاوەکان لە ناوچەکەدا دەدات.

سیفەتی (گەلان) هەڵەیەکی سیاسییە و هەستەوەرییەکی نیشتمانی زۆر لەلای هاوواڵتیانی سووریا دروست دەکات، چونکە جۆرێک لە دووبەرەکی لە نێو کۆمەڵگەی سووریادا دەنێتەوە، کە ستەمکاری بەش بەشی کرد، چونکە نەیتوانی پێکەوە ژیانی نیشتمانی پێویست، لە نێوان نەتەوەکانی سووریا دروست بکات. بۆیە وەسفکردنی بە گەلان، بە مەبەست بێت یان نا، ڕێگە بۆ پەرتەوازە بوون و بەش بەش بوونی سووریا، لەسەر بنەماکانی ئیتنی، تایفی و مەزهەبی خۆش دەکات. لەو کاتەی لەو قۆناغە چارەنووسسازەدا، بۆ هەمووان پێویستە، هەوڵ بدەن سووریا یەک بخەنەوە (بە زەوی و گەلەوە)، لە چوارچێوەی (پرۆژەیەکی نیشتمانی دیموکراتی) و لەژێر یەک (بەیداخی نیشتمانی)دا. هەرچەندە جەنگی ڕەمەکی نێوان سووریەکان و بۆ سەر سووریەکان زامێکی نیشتمانی قوواڵی دروست کردووە، کەچی لە وڵاتەدا یەک گەلی فرە نەتەوە، ئایین، ئیتن، مەزهەب، زمان و کولتوور هەیە.

وەکو بنەما، لەدژی ئەوە نین، خەڵکی کاروباری ژیانیان بە (خۆیان و دیموکراتی) بەڕێوە ببەن و، هەمووان پیادەی ماف و سروواتەکانی خۆیان بە ئازادی تەواو و بێ ترس و نیگەرانی، لە زۆرداری و ستەمی حکومەتی ناوەندی لە دیمەشقدا بکەن، وەڵێ (خۆسەری) ڕاگەیاندراو لە لایەن پەیەدەوە، لەو دەڤەرانەی ڕژێم لێیان کشاوەتەوە و کەوتووەتە ژێر کۆنترۆڵی میلیشیاکانی پارتەکە، لە ڕەوشێکی سووری (تەناهی/ سیاسی) هەوڵاویردا هاتووە، لە ئاکامی ئەو قەیرانەی ناوخۆییەی، لە مانگی ئاداری 2011، لەگەڵ سەرهەڵدانی ناڕەزایی میللی لەدژی ڕژێم تەقییەوە. بە واتایەکی دیکە، خۆسەری ڕاگەیاندراو، بژاردەی ڕۆڵەکانی دەڤڕەکە نەبوو، کۆدەنگی نیشتمانیشی لەسەر نەبوو، بەڵکو بەسەریاندا سەپێنرا و ناچار کران وەکو (دەسەڵاتی ژینوار) ملکەچی بن، ئەوەی گوێرایەڵی نەبێت، دەبێت بەرگەی ئەنجامەکەی بگرێت. ڕاستییەکەی سیفەتی دیموکراتی لەو بەڕێوەبردنەدا نییە. هەرچەندی بەرپرسان و بەشدارببووان تێیدا، بە (دروشمەکانی دیموکراتی و لافیتەی ڕەنگاورەنگ) هەوڵی جوانکردنی بدەن. با بانگەشەی ئەوەش بکەن، ئەوان نوێنەری پێکهاتە و ئەو نەتەوانەن، کە سەر بەوانن و بەناوی ئەوانەوە قسە دەکەن. بە چاوپۆشین لە هەڵوێستی سیاسی لە ڕژێمی بەرپابوو لە سووریا، لە لایەنی یاساییەوە ، هیچ ڕەواییەکی دەستووری بۆ هیچ خۆسەرییەکی نییە، ئەگەر لەلایەن حکومەتی ناوەندی لە دیمەشقەوە، دانی پێدا نەنرابێت. شیاوی باسکردنە، حکومەتی فەرمی سووریا، بوونی سەربازی، تەناهی، سیاسی، کارگێڕی و دادگایی، لە گرنگترین شارەکانی دەڤەری خۆسەری، لە حەسەکە و قامیشلیدا هەیە.وەکو نیشتەجێییەک لەو دەڤەرەی کەوتووەتە ژێر کۆنترۆڵی (خۆسەری)، وای دەبینم، بۆ ئێمە، ڕۆڵەی دەڤەرەکە و خۆسەری باشترە، ئەگەر ئەرکی ئەو خۆسەرییە تەنیا بۆ کاروباری (خزمەتگوزاری، تەناهی و بەرگریی) بێت و کاروبارەکانی دیکە (کەرتی پەروەردە و فێرکردن، ئابووری، سەرچاوەکانی وزە لە نەوت و غاز و بەرهەمی کشتوکاڵی و گواستنەوە گەیاندن) وەکو خۆی، لەژێر دەستی حکومەتی ناوەندیدا بمێنێتەوە، چونکە ئەزموون و بەهرەی زیاترە، تا ئەو کاتەی سیاسەتی سووریای تازە، شێوەی خۆی وەردەگرێت و خۆسەریش، بە دەستوور دانی پێدا دەنرێت. بەڵام پەیەدە، وا هەڵسوکەوتی کرد، وەکو ئەوەی چاوەڕێی قۆستنەوەی دەرفەتی پرۆژە تایبەتییەکەی خۆی کردبێت. ئەوەش لە میانی ئەو ئەنجومەن و دەستانە سەلێندرا، کە لەگەڵ ڕاگەیاندنی خۆسەری پێکیهێنان. یەکەم ئەنجومەنی پێکهاتووی لە ساڵی 2012 بوو، بەناوی (ئەنجومەنی میللی ڕۆژئاوای کوردستان)، کە دواتر بۆ (بزاڤی کۆمەڵگەی دیموکراتی لە ڕۆژئاوای کوردستان) گۆڕا. بەم دواییەش، لەبەر ویستی ئەو هەرەبانەی لە خۆسەری بەشدارن، ناوەکەی بە هەرەبی کرایە (خۆسەری دیموکراتی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا) و بەکوردیش (ڕۆژئاوا). هێشتا دیار نییە، ئەو گۆڕانکارییە شێوەییە، بژاردەیەکی جێگیر و ستراتیژیبە، یان هەنگاوێکی تەکتیکی، ئەو پارتەیە، بۆ ڕەتکردنی پرۆژەکەی خۆی؟. پارتی یەکێتیی دیموکراتی (پەیەدە)، لەوە دەستی پێ کرد، کە دەبوو لەوێ کۆتایی پێبێنێت، ئەوەش هەڵەیەکی ستراتیژی ڕێبازەکەیەتی، کە پاڵی بە پارتەکە وەناوە بەرەو (قورگی شووشەکە) بچێت، لەبەر ئەو هەڤرکی و بەربەستە گەورە (ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتی) یانەی ڕووبەڕووی پرۆژەکەی دەبێتەوە. پەیەدە، ئێستا ناتوانێت پاشەکشە لە پرۆژەکەیدا بکات، ناشتوانێت تاکو کۆتایی بهات، هەرچەندە هێزێکی سەربازیی هەیە و لە (سوپای دەوڵەت) دەچێت، ئەمریکی و حکومەتەکانی ڕۆژئاواش، بەردەوام پشتیوانی سەربازیی و سیاسی لێ دەکەن، هەتا دوای لەناوبردنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشیش.

پەیەدە لەبەردەم کوردەکانی خۆی شەرمەزار دەبێت، ئەگەر بڕیار بدات، ئاستی داواکارییەکانی کەم بکاتەوە و پاشەکشە لە پرۆژەی (خۆسەری-فیدرالی) بکات و واز لە دەستکەوتەکانی (ئابووری و سیاسیی) بێنێت، کە تاکو ئێستا بەدەستی هێناون، دوای ئەو هەموو قوربانییەی لە چەند بەرەیەکەوە پێشکەشی کردووە. بەڵام، هیچ دانایەکی تێدا نییە، پارتەکە پشت لە زۆرینەی سووریەکان بکات و بۆ بەدیهێنانی ویستە نەتەوەیی و سیاسییەکانی، لەسەر گردوکردن لەسەر ئەمریکییەکان و ئەوانی دیکە بەردەوام بێت. تاکە ڕێگە بۆ دەرچوونی پەیەدە، لە قورگی شووشەکە، کە تێیدا قەتیس ماوە، واز هێنانە لە ڕۆژەڤە تایبەتەکانی حزبایەتی و تێکەوڵابوونی سەرڕاست و کرداریە، لە (پرۆژەیەکی مەدەنی نیشتمانی دیموکراتی)، کە کۆتایی بە ڕەوشی ستەمکاریی لە وڵاتدا بهێنێت و ماف و بەرژەوەندی هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی سووریا دەستەبەر بکات.

و: ڕەمزی میرەکانی

کوردستانییبوونی کەرکووک لە هزر و فەلسەفەی (مستەفا بارزانی)دا

بارزانیی نەمر: هەموو دەزانن کە کەرکووک شارێکی کوردستانە، بەڵکو دڵی کوردستانە. من بەبڕواوە ئەمە دەڵێم و هەرگیز دەسبەردار نابم لە بستێکی خاکی کوردستان، کاتێک (ئالاسکا) سەربە ڕووسیا بوو، ئێوە نازانن چی ڕوویدا؟!... بە نرخێکی هەرزان بە ئەمەریکا فرۆشرا!، ئەمە لە ڕابردوو ڕوویدا، بەڵام تاکو ئێستا دانیشتووانی ئالاسکا نەعلەت بۆ (قەیسەر) دەنێرن، بۆیە نە ئەمڕۆ، نە لە ئایندە، ڕازی نابم تاوان و نەعلەتی مێژوو بخەمە پاڵ خۆم





زانیار سەردار قرگەیی/ سلێمانی

بەڵگەنامە و بەڵگەویستە کە شاری دێرینی کەرکووک بەپێی نێودەوڵەتییەکان ئەسڵ کوردستانییە، ئەو ڕاستییەش دەسەلمێنن کە هەر لە مێژەوە کەرکووک دانەبڕاوە لە جەستەی کوردستانی دایک و لە ناخی سەرجەم تاکەکانی گەلی کورددا تۆمارکراوە. سەرۆک مستەفا بارزانی مەزنترین شۆڕش (شۆڕشی مەزنی ئەیلوول)ی کردە قوربانی کوردستانییەتی کەرکووک وە سەرجەم دانوستاندن و گفتوگۆی شانە فەرمییەکانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکوومەتی مەرکەزیدا، بارزانیی نەمر بە وتەیەکی بەنرخ و پیرۆز و شایستە، بە بەڵگەی زیندوو کوردستانییبوونی ئەو شارەی دەسەلماند. لەم ڕوانگەیەوە هەوڵمداوە لە ڕێگەی ئەم بابەتەوە چەندین وشە و وتەی بەنرخی مستەفا بارزانی سەبارەت بە کوردستانییبوونی ئەو دەقەرە لە زاری چەند دیبلۆماس و سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیرێکەوە بخەمەڕوو.

لە پاش ساڵی 1975 بەهۆی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، ڕژێم دەرفەتی لەبارتر و ئازادی زیاتری دەسکەوت بۆ کردەوە شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستەکانی، ئیدی بەگۆڕینی دیمۆگرافیا و نەتەوایەتی کەرکووکەوە نەوەستا، پەلی بۆ ناوچەکانی کوردستان بێت.

حکوومەتە یەک لەدوایەکەکانی عێراق لەسەر ئەوە ڕێکنەکەوتوون کەرکووک لە سنووری کوردستانی عێراق بێت و بارزانیش ئامادە نەبوو کەرکووک لە کوردستان دابڕێ. لە کاتی شۆڕشی بارزان لە 3/3/ 1945 بۆ حزبی هیوا نارد تیایدا (7) خاڵی گرینگی داواکرد، یەکێک لەو خاڵانە نەخشەکێشان بۆ ڕزگارکردنی شاری کەرکووک لەو ڕۆژانەدا مستەفا بارزانی هەرچەندە بەغدا و پێشوازییەکی گەورەی لەلایەن هەموو خەڵکی عێراقەوە بەگشت چین و تۆێژەکانەوە لێکرا، پاش ماوەیەکی کەم دەستی کرد بە گەڕان و گەشتێک بۆ شار و شارۆچکەکانی کوردستان و یەکەمین وێستگەی سەردانەکەی شاری کەرکووک بوو، سەردڕای ئەو گیروگرفت و کۆسپانەی کە (نازم تەبەقچلی) قائیدی فیرقەی دوو بۆی دانابوو، بەڵام جەماوەری کەرکووک بە گەورە و بچووکەوە چوونە پێشوازی بارزانی، لە "دار الچباگ" بارزانی وتارێکی گرینگی پێشکەش بە گەلەکەی کرد و داوای یەکێتی ریزەکانی گەلی لێکردن. لە بەرواری 7/12/ 1964 سوبحی عەبدولحەمید وەزیری ناوخۆی ئەو سەردەمەی عێراق ئەگاتە کەرکووک بۆ لێکۆڵینەوەی کێشەکە و وەرگرتنی ڕای بارزانی لەسەر پرۆژەکەی حکوومەت کە پێشکەشکراوە، بە مەبەستی دانوستاندن، بارزانی داواکارییەکانی لە (9) خاڵ پێکهێنابوو لە خاڵی (3)دا: (ئەبینین لە هەموو دانوستاندن و گفتوگۆکانی بارزانی سوور بووە لەسەر ئەوەی کەرکووک لە سنووری کوردستانی عێراق بێ و بێ ئەوەی سازشی کردبێ).

لە ساڵی 1969 حکوومەتی عێراق لەسەر ڕێکنەکەوتوون کەرکووک لە سنووری کوردستانی عێراق بێت و بارزانیش ئامادە نەبوو کەرکووک لە کوردستان دابڕێ.

لە کاتی شۆڕشی بارزان لە ساڵی 1970دا سەرکردایەتی کۆبوونەوەی خۆی دەکات بۆ لێکۆڵینەوەی بارودۆخەکە، کە بارزانی دەڵێت: (خوا شاهیدە من دژی شەڕم، شەڕ خراپترین ڕێگەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. بەڵام بەعس هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان بۆ ئێمە نەهێڵاوەتەوە، لە پێشنیازەکەیان داوای چۆک دادان دەکەن لێمان لەسەر کەرکووک و ناوچەکانی دیکە، ئەمەش مەحاڵە).

هەر لە بەهاری ساڵی 1974 سەرکردایەتی شۆڕش یاسای بنچینەیی فیدرالی کوردستانی ڕاگەیاند: کە بریتی بوو لە(115) بەند.

لە بەندی حەوتەمی بەشی یەکەمی دەڵێت: پایتەختی ویلایەتی کوردستانی فیدرالی شاری کەرکووکە، دەکرێ لە کاتی پێویستدا شوێنێکی دیکە بکرێتە پایتەخت.

ئەوەندە هەیە بڵێین بارزانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی کردە قوربانی کوردستانی بوونی شاری کەرکووک و هەرگیز سازش لەسەر نەکردووە.

* دکتۆر محەمەد ساڵح ئیبراهیمی " شەپۆل" لە زانکۆی تاران. لە وتارێکیدا دەڵێت: هەر چەند ڕژێمی بەغدا لە فێڵ بوو تەنانەت لە بەرواری 29/ 9/ 1971ویستی بەگزی و فزی بارزانی شەهید بکات و نەی دەویست سەرژمێری بکات و کەرکووک و ئەو ناوچانەی کە کانی نەوتن، بیخاتەوە سەر کوردستان، ئەوە بوو مستەفا بارزانی لە وتوێژێکدا دەڵێت: کوردستان، دوو قەڵبی هەیە، یەک کەرکووک، ئەوی دی ورمێیە، من ناتوانم واز لە کەرکووک بێنم، کەرکووک بەشی جیانەبووەوەی خاکی کوردستانە. جا ئەوە بوو بەغدا شەڕی هەڵیساند و لە مایسی 1974 هێرشی هێنایە سەر کورد و کوردستان.

بارزانی وەک ڕابەرێک بۆ بیناسازی کەسێتی مرۆڤی کورد هەوێنی ئەو شوناسنامەیەی کردە مێشکی کەسێتی کوردەوە و گەردانەی بڕوا بەخۆهێنانی چاند دانیشتوانی ئالاسکا تا ئێستاش نەعلەت بۆ قەیسەر دەنێرن، نە ئەمڕۆ نە لە ئایندە ڕازی نابم تاوانی نەعلەتی مێژوو ناخەمە پاڵ خۆم.

لە ماوەی چوار ساڵی گفتوگۆ کردندا (مورتەزا سەعید عەبدولباقی ئەلحەیدیسی) سەرۆکی لیژنەی ئاشتی دەڵێت: لەو ماوەیەدا گفتوگۆکانمان لەگەڵ بارزانیدا هەمیشە لەسەر کەرکووک بووە، هەموو ڕێگایەکمان گرتەبەر بە دابەشکردنی یا سەر ژمێری بکەین، بەڵام ئەوانە هیچ سوودی نەبوو، بارزانی پێی وتم: (کەرکووک بەشێکە لە کوردستان و جیانابێتەوە، لە کاتی ڕا وەرگرتن ئەگەر ئەوە دەرکەوت کورد زۆرینەی دانیشتوانی کەرکووک پێک ناهێنن باوەڕم بەو سەرژمێرییەش نییە).

لەو چوار ساڵەدا بەعس سیاسەتی بە عەرەبکردنی کەرکووک و چەند ناوچەیەکی دیکەی کوردستانی پیادە کرد کە ئەمە بووە مشتومڕێکی ئاشکرا لەبەردەم گەلی عێراق دا، لە دواڕۆژەکانی مانگی ئەیلوولی 1971دا پیلانێک دژی بارزانی کرا بۆ تیرۆر کردنی، بەڵام بەسەرسوڕمانی بارزانی لەو پیلانە ڕزگاری بوو بەسەلامەتی. دەنگ لەناو سەرکردایەتی شۆڕش بەرز بووە بۆ دەسپێکردنەوەی شەڕ، بەڵام بارزانی گوتی: (لەپێناو خوێنی من شەڕ مەکەن، لە پێناو کەرکووک شەڕ بکەن). واتە بارزانی لە ناخۆشترین کاتدا ئەوەندەی نەماوە تیرۆر بکرێت کەرکووکی هەر لە هزردا بووە و، داوایکردوە تۆڵەی خوێنی ئەو نەکەنەوە، بەڵکو شەڕ لەسەر کوردستانی بوونی کەرکووک و خانەقین و شنگال بکەنەوە، ئەگەر بمانەوێ و نەمانەوێ هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە ساڵی 1974 لەسەر کەرکووک بوو چونکە حکوومەت ئامادە نەبوو بەعس خۆی تاقیکردەوە هەرچی لە توانایاندا بوو درێخییان نەکرد بۆ لەناوبردنی شۆڕشی گەلی کورد، بەڵام بێ سوود بوو، تەنانەت گەیشتنە ئەو ئەنجامەی دەڕوخێن، بۆیە ناچار داوای دانوستاندنیان لە بارزانی کرد، ئەنجامەکەشی ڕێککەوتننامەی 11ی ئادارای 1970ی لێکەوتەوە.

بارزانی هەمیشە ئەوەی دووپات دەکردەوە و دەیگوت: (ناتوانم بەرامبەر گەلەکەم بەرپرسیاربم لە وازهێنانی کەرکووک، مەگەر.. ئەوە لەکاتێک ڕووبدات، من لە ژیاندا نەمابم).

بارزانی لەسەر مەسەلەی کەرکووک هیچ ڕاڕا و دوو دڵی پیشان نەداوە، بەڵکو هەمیشە سوور بووە لەسەر ئەوەی کەرکووک بەشێکی کوردستانە و لێی جیاناکرێتەوە، شاندێکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە دیلمان چاویان پێکەوتووە و تکای لێدەکەن ڕێگەچارەیەکی مامناوەندی بۆ کەرکووک بدۆزێتەوە.

بارزانی لە وەڵامدا دەڵێت: "هەموو دەزانن کە کەرکووک شارێکی کوردستانە و دڵی کوردستانە. من بەبڕواوە ئەمە دەڵێم و دەسبەردار نیم لە بستێکی خاکی کوردستان. ئێوە نازانن لە ئالاسکا چی ڕوویدا کە سەربە ڕووسیا بوو!! بە نرخێکی هەرزان بە ئەمەریکا فرۆشرا، ئەمە لە کاتێکی ڕابردوو ڕوویدا، بەڵام تاکو ئێستا دانیشتوانی ئالاسکا نەعلەت بۆ قەیسەر دەنێرن، نە ئەمڕۆ نە لە ئایندە ڕازی نابم تاوانی نەعلەتی مێژوو ناخەمە پاڵ خۆم.

لە ماوەیەکدا گفتوگۆکانمان لەگەڵ بارزانیدا هەمیشە لەسەر کەرکووک بووە، هەموو ڕێگایەکمان گرتەبەر بە دابەشکردنی یا سەر ژمێری بکەین، بەڵام ئەوانە هیچ سوودی نەبوو، بارزانی پێی وتم: (کەرکووک بەشێکە لە کوردستان و جیانابێتەوە، لە کاتی ڕا وەرگرتن ئەگەر ئەوە دەرکەوت کورد زۆرینەی دانیشتوانی کەرکووک پێک ناهێنن باوەڕم بەو سەرژمێرییەش نییە).

لەو چوار ساڵەدا بەعس سیاسەتی بە عەرەبکردنی کەرکووک و چەند ناوچەیەکی دیکەی کوردستانی پیادە کرد کە ئەمە بووە مشتومڕێکی ئاشکرا لەبەردەم گەلی عێراق دا، لە دواڕۆژەکانی مانگی ئەیلوولی 1971دا پیلانێک دژی بارزانی کرا بۆ تیرۆر کردنی، بەڵام بەسەرسوڕمانی بارزانی لەو پیلانە ڕزگاری بوو بەسەلامەتی. دەنگ لەناو سەرکردایەتی شۆڕش بەرز بووە بۆ دەسپێکردنەوەی شەڕ، بەڵام بارزانی گوتی: (لەپێناو خوێنی من شەڕ مەکەن، لە پێناو کەرکووک شەڕ بکەن). واتە بارزانی لە ناخۆشترین کاتدا ئەوەندەی نەماوە تیرۆر بکرێت کەرکووکی هەر لە هزردا بووە و، داوایکردوە تۆڵەی خوێنی ئەو نەکەنەوە، بەڵکو شەڕ لەسەر کوردستانی بوونی کەرکووک و خانەقین و شنگال بکەنەوە، ئەگەر بمانەوێ و نەمانەوێ هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە ساڵی 1974 لەسەر کەرکووک بوو چونکە حکوومەت ئامادە نەبوو هەرەوەک دەڵێت: دەبێ ئێمە حەقی قەرارادانمان هەبێت. هەڵبەتە وشەی دەبێت وەک مەرجێکی بێ بەڵگە ویستن و پاشانیش مافی بڕیاردان بەو مانایەی پێش وەختی ئەو وتەیە ئەو مافەمان پێ شک نەهاتوە. کەواتە یەکەم ناسنامەی مرۆڤی کورد لە مافی بڕیاردانداً هاتووە و دووەم پابەندی مافی بەرپەرچدانەوەیە ئەم دوو مافەش دەقاودەق لەگەڵ جارنامەی گەردوونی ڕێکخراوی مافی مرۆڤدا هاوشان و تەبایە.

کەسێتییەکی دیکە بەدی دەکرێ لە وتەکەدا ئەویش کەسێتی نەتەوەی کورده، نەتەوەی کورد تا ئێستا وەک کەسێکی یاسایی لە ڕووی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سەربازییەوە مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە بەواتا نەخاوەن وڵات و دروشمی سەربەخۆ نەخاوەن کەسایەتی یاساییە، ل لە دوو مافی زۆر سەرەکی خۆی دەبینێتەوە کە ئەوانیش بریتین لە مافی بڕیاردان لەسەر چارەنووس و پەرچەکرداری گشت کارێکی نەنگ دەرهەق بە شەرەفمەندێتی کورد. بارزانی وەک ڕووکارێکی بەدیار خستنی پێناسەی کورد داوای هەردوو مافی سەرەکی بڕیاردان و بەر پەرچدانەوەی کردووە. ئا لێرەدا شۆڕش وەک دەربڕینێکی ڕامیاریی ناساندنی کەسێتی گەلی کورد لەسەر زاری سەرۆک بارزانییەوە خۆی پێناسە کردووە.



بەشێنەیی

کاروان محەمەد سینۆ

حەشدی شەعبی.. لە نێوان تواندنەوەی و پاراستنی دا

هەفتەی ڕابردوو (دووشەمە 1ی تەموز)، عادل عەبدول مەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق، شەقامی سیاسیی عێراق و ئێرانی هەژاند ؟! کاتێک بە فەرمانی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ژمارە 237، هێزی چەکداری (حەشد شەعبی) لەنێو دەزگای ئەولەهی و ئەمنییەکان عێراقد تواندەوە و سەرکردەکانی یەکەکانی (حەشدی شەعبی) بەرامبەر دوو هەڵبژاردەدا سەرپشک کرد. هەڵبژاردەی یەکەم: دەست هەڵگرتن لە سیاسەت و بەدەستەوەدانی چەک. یاخود هەڵبژاردی دووەم: ئاوێتە بوونی هێزی حەشدی شەعبی لە دەزگاکانی ئەولەهی عێراق لە ژێر فەرماندەیی سەرۆکی گشتی هێزە چەکدارەکان. ئەم دوو هەڵبژاردنە تەنها یەک واتا دەگەیێنن ئەویش کە عادل عەبدولمەهدی هێزی چەکداری (حەشد ئەلشەعبی) توانەدەوە. ئەم هەڵوێستەی عەبدول مەهدی ئەمڕۆ لەم هەل و مەرجە بارگاویبیەی نێوان ئەمریکا و ئێران، هەڵوێستێکی بوێرانە و نیشتیمان پەروەرانەی ئاراستەکراوە بەرەو بەرجەستەکردنی هێمنی و ئارامی لە عێراق و کۆکردنەوە هێز و چەکە لە نێو دەزگایەکی سەربازی فەرمی، نیشتیمانی، دوور لە دەسەلآت و هەژموونی کەس و لایەن و تایفە و ئەجیندای ئەقلیمی.

ئێستاش بەشێنەیی دەڵیم... ئاخۆ.. ئەم هەڵوێستەی عەبدولمەهدی سەردەگرێ؟!. ئاخۆ..نیاز لە تواندنەوەی حەشدی شەعبی چییە ؟!، ئەمە و چەند پرسیارێکی دیکە، وەلآمەکەیان بەقەدەر خودی هەڵوێستەکە، ئالۆز و تەم و مژاوییە!!.

شایانی باسە عەبدولمەهدی یەکەم کەس نەبووە کە حەشدی شەعبی لەنێو سوپا و پولیسی عێراقدا هەوڵێک نەبێ بۆ پەردەپۆش و پاراستنی خودی پێکهاتەی حەشدی شەعبی لە سزا و گەمارۆ و چاودێریی ئەمریکا لە دەقەرەکەدا ؟!. چونکە شاراوە نییە کە حەشدی شەعبی هێزێکی چەکدارە بەدەست مەرجەعیاتی شیعە و ئێرانەوە (هاوشێوەی سوپای پاسدارانی ئێران) و بە ئاسانی دەستبەرداری نابن. دوورێش نییە کە بەڕێز عەبدولمەهدی بەنیازێکی پاکەوە هەوڵ دەدات بۆ ڕێکخستن و چاکسازی هێزی ئەمنی عێراق و نەهێشتنی دیاردەی چەک و چەکداری لە دەرەوەی سیستمی بەرگری فەرمی عێراق، لە لایەن خۆشیانەوە لەوانەیە بەرپرس و مەرجەعیاتی حەشدی شەعبی ئەمە بە هەڵێک بزانن بۆ خۆشاردنەوە و خۆ پاراستن لەنێو هێزە ئەولەهییە فەرمییەکانی عێراقدا.

بەهەرحاڵ... ئەم هەڵوێستەی بەڕێز عادل عەبدولمەهادی جێگای هەڵوەستە و وردبینی و بەدواداچوونی زیاترە. پێدەچێ هەر لایەنێک، ئەم هەڵوێستە لەبەرژەوەندی خۆیدا ببینێ و هەریەکەیان (گوێز لە هەمبانەی خۆی بژمێرێ).

مستەفا بارزانی: خوا شاهیدە من دژی شەڕم، شەڕ خراپترین ڕێگەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. بەڵام (بەعس) هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان بۆ ئێمە نەهێڵاوەتەوە، لە پێشنیازەکەیان لەسەر کەرکووک و ناوچەکانی دیکە، داوای چۆکدادانمان لێ دەکەن، ئەمەش مەحاڵە

مستەفا بارزانی: ناتوانم بەرامبەر گەلەکەم بەرپرسیاربم لە وازهێنانی کەرکووک، مەگەر.. ئەوە لەکاتێک ڕووبدات، من لە ژیاندا نەمابم

ڤون بوون
مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای جلال حوێز جۆری ئۆتۆمبێل: مقطورە تریلە/ براد مع جهاز تبرید ڕەنگ: نفتی +سپی ژمارەی شاسی: VM3LVFS3F21R04955 ڤون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
ڤون بوون
نووسراوی گومرگی: ابراهیم خلیل بەناوی کۆمپانیای ترای ستار ژمارەی نووسراو: ٣٤٣٦ بەرواری نووسراو: ٢٠١٦/٢/١٥ جۆری ئۆتۆمبێل: شفل تایر بوبکات حجم صغیر ڕەنگی: سپی + برتقالی+ نفطی مۆدێل: ٢٠١٦ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٣٠٧٥ کاتی ژمارە لاشە (شاسی): A3NT18443 ڤون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
ڤون بوون
مەنەفێستی نقل بەری بەناوی کۆمپانیای جیهان موتورز ڕەنگی سپی مۆدێل ٢٠١٩ ژمارەی شاسی: MR0JX8CDAK3412408 ڤون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
ڤون بوون
نووسراوی گومرگی ابراهیم خلیل بەناوی کۆمپانیای ساریلار ڕەنگ: سپی + شین مۆدێل ٢٠٠٧ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٢٣١٦٤ کاتی دهۆك ژمارەی لاشە (شاسی) W0967650VEL05591 ڤون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
ڤون بوون
پێناسی باری شارستانی ناحیەی شوان بەناوی (عماد اسماعیل علی) ڤن بووە ، هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (٠٧٥١٨٢٠٤٧٣١)
***
ڤون بوون
کارتی زانیاری تەق تەق بەناوی (خدیجە محمد صالح) ڤن بووە ، هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (٠٧٥٠١١٣٢٨٢٣)
***
ڤون بوون
ناسنامەی پێشمەرگەی یەکەی (٥٠) ی گەرمیان بەناوی کاروان حمە تاهیر صابر ڤون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە:٢٢/م/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٧
جاڕدان
بۆ داوالێکراو: (هنار جیمس اسحاق) شوێنی نیشتەجێبوون نادیارە
داواکار (ریان شمعون ایلیا) داوای ژمارە ٢٠١٩/م/٢٢ لەسەرت تۆمارکردوە تیایدا داوای (تصدیق بطلان زواج) زێدەڕۆیی دەکات کە کردوتانە سەر مولکی شارەوانی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری ئاشتی لە عەنکاوە بۆیە دادگا بریاریدا پێراگەیاندنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانەی هەرێمی کوردستان، بۆ ئامادەبوونت لە ڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٨/٨ کاتژمێر ٩:٠٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بە پێی یاسا.
دادوەر/ تەرزە سالار عثمان
***
قایمقامیا قەزا ئاکرێ
لیژنا بەرفرەهکرنا مشاعێن گوندا
ژمارە: ٦
ڕۆژ: ٢٠١٩/٧/٣
ئاگاداری
لدویف برگا (٥) ل ماددا (٤) ل یاسایا ژمارە (١) یاسالا (٢٠١٥) وەزارەتا نافخویا هەرێما کوردستانا عراقێ لیژنا تایبەت ب بەرفرەهکرنا مەشاعێ گوندا رابویە ب کارێ خو بو مەرەما بەرفرەهکرنا مەشاعێ گوندێ (درین خواجە) ل سەر پارچە ئەردێ ژمارە (١) کەرتێ (٨٤/ درین خواجە) سەر ب ناحیا گردەسێن ڤە ئەفجا هەرکەسەکێ تانە هەیبت پێشکیش لیژنا ناڤبری بکەت ل ماوەی (١٥) ڕۆژا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگاهداریێ.
مازن محمد سعید/ قایمقامیێ قەزا ئاکرێ
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
ژمارە ٣٣/١٠٠
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٣
ئاگاداری
لیژنەی سەرەوە هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (٣) دوکان مولکی شارەوانی بە ژمارە (٥ + ٦ + ٧) لە کۆمەڵگای مزووری لەسەر بەشێکی زەوی ژمارە (٣٩/٧ ك ١٠١ قوشتەپە) بەروبوومبەری (١٢,٥م٢) بەکرێی ساڵانەی خەمڵێندراو (١٠٠٠٠) دە هەزار دینار بۆ (١م٢) بۆ ماوەی (٥) ساڵ مساطحە بۆ هەردووکانیك ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ناشکرا بە سەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی قوشتەپە بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/٢٦ کاتژمێر (١٢:٣٠) دوانزە و نیوی نیوەڕۆ لە ڕۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەمڵێندراو لەگەڵ خۆی بهێنی هەروەها کرێی بڵاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.
ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
***
ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە فرۆشتنی پارچە زەوی ژمارە (١/٤٥١) ك (٤٤) وارش بەرووبەری (٢٨ و ٤٣٣)م٢ گەرەکی بەختیاری بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەمڵێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کریارە.
د. کمال طیب قادر
بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری
***
ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە فرۆشتنی پارچە زەوی ژمارە (١/٥٤٠) ك (٤٤) وارش بەرووبەری (٥٧ و ٤٠٧)م٢ گەرەکی بەختیاری بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەمڵێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کریارە.
د. کمال طیب قادر
بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری
***
فەرمانگەی دادنووسی عەنکاوە
ژمارە: ٢٨٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٨
ئاگاداری
بۆ (خاچیك دانویان/ هەڵگری ناسنامەی ئەرمەنی) پاش ئەوەی دەرکەوت کە شوێنتان نادیارە بەپێی نووسراوی بنکەی پۆلیسی حدیاب بە ژمارە (١٥٣١) لە ٢٠١٩/٧/٤ وە بە گوێرەی ئیشعاری موختاری (گەرەکی کارێز) بۆیە بریاردرا بە ئاگادارکردنەوەتان لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە بۆ ئاگاداربوون بەو هۆشداریەی کە بەڕێز (کاروان صلیوا دنحا) ئاراستەی کردوویت بە ژمارەی هۆشداری (٢٤٥/٨٤) لە ٢٠١٩/٦/٢٤ لە فەرمانگەکەمان دەرچووە سەبارەت بەو بڕە پارەیەی کە لەلات ماوە، بۆیە لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە ئاگادارتان دەکەینەوە.
دادنووسی عەنکاوە/ هێمن عبداللطیف مجید
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ١٩٥/ت/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠١٩/٦/٢٠
بۆ/ تاوانبار بریار کامل حمەرشید
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٤/١٠ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە (١٩٥/ت/٢٠١٨ وە بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی ماددەی ٣٩٣ سزادان لەیاسای سزادانی عراقی حوکم درا بەسەرتا بە ٧ ساڵ
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی اعتراض ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ قادر سعید محمد
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ٢٢٢٧/ك/٢٠١٧
ڕۆژ: ٢٠١٩/٥/٥
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: سۆران نوری ابراهیم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٣١٢) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٩/٣٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ ازاد اکرم مجید
***
دادگای کەتنی سلێمانی/١
ژمارە: ٢٦٧/ج/٢٠١٦
ڕۆژ: ٢٠١٩/٦/٢٣
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: عبد زین جمعه ناوی دایکی: شکمه مطر
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣٢) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (راپەرین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٩/٣٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ کامل توفیق سعید
***
دادگای کەتنی سلێمانی/١
ژمارە: ٥٥٣/ك/٢٠١٧
ڕۆژ: ٢٠١٩/٦/١٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: نارام نوری احمد محمد ناوی دایکی: خدیجه علی حمه
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٩/٣٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ کامل توفیق سعید
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ٢١٣٥/ك/٢٠١٦
ڕۆژ: ٢٠١٩/٥/٢٢
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: رزگار قادر کریم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣٢) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٩/٢٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ ازاد اکرم مجید
***
دادگای باری کەسێتی / ١
ژمارە : ٢١٣٧ / ش / ٢٠١٩
بەروار : ٤/ ٧/ ٢٠١٩
ئاگاداری
داواکار : خەندە محمد حسن / نانوشان : سلێمانی
داوالەسەرکراو : ڕەنجدەر شوان کریم / نانوشان : نادیارە
داواکار (خەندە محمد حسن) داوایەکی بە ژمارە (٢١٣٧ / ش / ٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت،وە لەم داوایەدا هاتووە بە(جیابوونەوە)، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبونت دادگا بریاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە بەمەبەستی ئامادەبونت لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە بەروارى (٢٠١٩/٩/١٥) کاتژمێر (٩:١٥) ی سەرلەبەیانی بە پێچەوانەوە ئامادەنەبن خۆتان یان بریکارتان ئەوا داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا .....
دادوەر / د.سردار علی عزیز
***
سەرۆکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ
مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ٣٣٤/٢٥/٢٥ / ١٧٦٤
ڕێکەفت: ٢٠١٩/٧/٤
ئاگاداری
ئاگەهداری هەڤۆلاتیێن بەرێز دکەین کو سەرئێك زێدەکرنا ئاشکرا یا هەی ژبو فروتنا پارچە ئەردێن ل خارێ دیار ل دیف یاسا ژمارە ٣٢ ل سالا ١٩٨٦ یا تایبەت ب فروتن و کرێدانا مولکێن دەولەتێ لەوما هەرکەسەکێ بڤێت بەشدارێ دڤێ سەرئێك زێدەکرنێ دا بکەت بلا داخوازێین خو دگەل دابینکرنا کوژمێ ٢٠٪ ژ بهایێ خەملاندنێ وەك بارمتە بو سەرۆکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ پێش کێش بکەت ل ماوێ (١٥) ڕۆژا ل ڕۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ و ئەڤ سەر ئێك زێدەکرنە دێ هێتە کرن دەم ژمێر (١٢) دوانزەدی نیڤرۆ ل دیوانا سەرۆکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ بەلافکرنێ و هەمی خەرجیێن پێتڤی کەڤنە ستویێ وی.
١- ژمارا پارچە ئەردی/ ١٢٠١/١ کەرت/ ٨٩ شیوەکور ڕووبەر/م٢ ٤٠٠
٢- ژمارا پارچە ئەردی/ ١٢٣٥/١ کەرت/ ٨٩ شیوەکور ڕووبەر/م٢ ٢٤٣,٦٦
٣- ژمارا پارچە ئەردی/ ٢٢٤١/١ کەرت/ ٨٩ شیوەکور ڕووبەر/م٢ ٢٤٨,٦٦
٤- ژمارا پارچە ئەردی/ ٤٥٨/١٣ کەرت/ ٩٣ تەنشت ئاکرێ ڕووبەر/م٢ ٢٥٠
٥- ژمارا پارچە ئەردی/ ١٤٠/٤٠ کەرت/ ٩٦ خربە ڕووبەر/م٢ ١٢٣,٧٥
٦- ژمارا پارچە ئەردی/ ٤١/٤٠ کەرت/ ٩٦ خربە ڕووبەر/م٢ ١٣٥
٧- ژمارا پارچە ئەردی/ ١٢٤/٤ کەرت/ ٨٨ اشکفتە مغارە ڕووبەر/م٢ ٢٩٢,٥
بلند رضا زبیر/ سەرۆکێ باژێرڤانیا ئاکرێ
***
پارێزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ڕێڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ١٢٣٤
ڕێکەفت: ٢٠١٩/٧/٨
ئاگەهداری
پارێزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی ڕادگەهینیت بو هەبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (ڤەگوهاستنا و داناندا کەرەستێ ئاری لژێر پلێتا ئازوقەی ل سنورێ دهوکێ) بو کۆمپانیای گشتی یا دروستکرنا دان و دکاکا دهوکێ (٢٣) CODE بهایێ تەندەری ٣٠٠,٠٠٠ سێ سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن تایبەت مەند د بواری ڤەگوهاستنا ئازوقەی دا.
ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤە و دیاهیك ژڤان بو فروتنا تەندەران ٢٠١٩/٧/١٨ بو زانین سەرئێك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- ڕۆژ (نێك شەممبی)
- ڕێکەفتی (٢٠١٩/٧/٢١)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پارێزگەهێ ماجد سید صالح
جێگرێ پارێزگارێ دهوکێ/ ب وەکالەت
***
دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە/ ٢/ ب/٤/ ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٧
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (خدیجه سلیم یونس)
داواکار (نوری اسماعیل علی) داوای ژمارە ٢/ ب/٤/ ٢٠١٩ی داوای تملیك لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بەپێی کونوسی پشکنین و خەملاندنی خانووبەرە بەپێی بریاری ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠٠١)ی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان کە دیاری کردنی کۆی گشتی نرخەکە (١٨٠٠٠٠٠٠) ملیۆن دینارە وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی رزگاری) لە ٢٠١٩/٢/٧ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٧/٢٣) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..
دادوەر/ محمد بهاءالدین عبدالله
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:٢١٥٥/ش/٢٠١٩/٤
ڕێکەوت:٢٠١٩/٧/٨
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (محمد خلیل قادر) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (سروه رسول طه) داوای ژمارە (٢١٥٥/ش/٢٠١٩/٤)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (التفریق للهجر) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعارەکانی مختاری (هەولێر/ گەرەکی قەتەوی) بۆیە دادگا بریاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٨/٥ بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملە دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ صباح حسن رشید
***
دادگای بەرایی هەولێر
ژمارە: ٣٣٠/ب/٢٠١٩/٥
ڕێکەوت:٢٠١٩/٧/٨
داواکار: مشیر قروك عزیز و هاوبەشەکانی
داوالێکراو: کمال جمال مشیر و هاوبەشەکانی
شوێنی مولك: هەولێر – گەرەکی خانقاە- کۆلانی بەلوعە فرۆشان
ژمارەی مولك: ٨٥/ ك خانقاە
پێکهاتووەکان: پێکهاتووە لە (٣) خانوو خانووی یەکەم پێکهاتووە لە (٥) پێنج ژوور لەگەڵ مەتبەخ و حمام و توالێت خانووی دووەم پێکهاتووە لە (٣) سێ ژوورو حمام و توالێت لۆ خوارەوە و (٢) دوو ژوور لەسەرەوە خانووی سێیەم پێکهاتووە لە ٣ سێ ژوور لەوانە (٢) دوو ژوور لەسەرەوە و (١) یەك ژوور لە خوارەوەیە.
خانووەکان کۆنن و ڕووخاون و هیچی نەماوە تەنها زەوی ماوە.
ڕووبەر: ٥٣٠ م٢
نرخی خەملاندن: ٥٥٦,٥٠٠,٠٠٠ پێنج سەدو پەنجا و شەش ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار کۆی گشتی مولکەکە.
لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ٣٣٠/ب/٢٠١٩/٥ (ازالە شیوع) نەهێشتنی هاوبەشی بریاردرا بەفرۆشتنی ئاشکرای مولکی سەرەوە بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە دوای بڵاوبوونەوە لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە، جا هەرکەسێ نیازی کرینی هەیە هاوبەشێ بێ یان هاوبەش نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینی یاسایی ڕێژەی ١٠٪ لە نرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا، کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات، هەرزیاد بوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی پێدێت.
دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی
***
دادگای بەرایی هەولێر/٤

ئاگەهداری
ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (بهدینان) بۆ (بەلێندەرایەتی بیناسازی / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
پاکتاوکەر / صابر سلیمان محمد
ناڤ ونیشان / دهوك - جادا ئازادی
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٣٨٠٠٢٩٧

ئاگەهداری
ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (داروین) یا (پارە گهورینێ / سنۆوردار) بریارا گهورینا (ناڤی کومپانیێ) دایە ژ کومپانیا (داروین یا پارە گهورینێ / سنۆوردار) بۆ کومپانیا (کانی ئورە یا پارە گهورینێ / سنۆوردار) لەوما هەر کەسەکی نەرازی بیت یانژی مافەکێ یاسایی ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا سەرەدانا ڕێڤەبەریا کومپانیا لدهوکێ بکەت ل (باژێرێ دهوکێ - جادا مازی) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
مافپەروەر / شێروان حیتو عبدالرحمن
ڕێڤەبەرێ کومپانیان لدهوك

هونەری هەڵکۆڵینی تاشەبەرد لەباکووری خۆرئاوای ئێران

دیمەنەکانی سەربەرد لە هۆراند (لەقلان)

کەمال نوری مەعروف
لە فارسیەوە گێڕیویەتیی و لەسەری نووسیوە


پێشەکی:
هەڵکۆڵینی نەخش و نیگار لەسەر ڕووی بەردی سروشتی، پێدەچێت شێوەیەک بێت لەپەیا مێکی بەنرخی گوێزانەوە لەنێوان ئەو مرۆڤانەی زوودا. ئەم هونەرە، کە لە جیهاندا بەر لەپەنجا هەزار ساڵ دەرکەوتووە، سەرەتا لەئەوروپاو ئوسترالیاوە دەستی پێکردووەو دواتر پێدەچێت لەسەرتاسەری جیهاندا ڕەواجی بۆ پەیدا بوو بێت. بوونی پاشماوەی ئاسەواری هونەری لەم بابەتانە زۆرینەی ناوچەکانی وڵاتی ئێرانی ناسراوی گرتۆتەوە، هەتاکو ئێستاش لەناو ئەو دروستکراوانەدا هەن مانایان نادیارن، یان هەیانە لەهەڵکۆڵینیاندا پەیوەستن بەفەرهەنگ یان مێژوویەکەوە کەبۆیان دیاریکراوە. پاشماوەی ئاسەواری زۆری ئەم هونەرە لەناوچەی باکووری خۆرئاوای ئێران، و لەقەفقاز بەرچاو دەکەون. ئەم باسە کەلێکۆڵینەوە لەسەری سەرقاڵی کردووم، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغەکانی پێنج ساڵی دوایی کەتێیدا سنوورەکەی لەڕووە جوگرافییەکەیەوە دیاریکراوە کەباکووری ئازەربایجان دەگرێتەوە، و تێیدا ئەنجام دراوە. گرووپێک لە لێکۆڵەرانی زانکۆی تاران بەهەماهەنگی لەگەڵ (میراث فەرهەنگی ئازەربایجانی خۆرهەڵات)، لەڕۆژی ڕوباری (قەرەسو، یان (لەقلان چای)، لەباکووری گوندی (لەقلان) و باشووری دەربەندێک بەناوی (ئارادەرسی) نەخشی جۆرا وجۆر و زۆریان بەشێوەی هەڵکۆڵراو لەسەر ڕووی بەردەکان دۆزیوەتەوە، یان لەسەر پارچە بەردەکان کەبەڕێژەیەک بەردی گەورە بوون لەگرانیتی ڕەش، ئەم نەخشانە لەکاتی گەڕانی ساڵانی 76- 81 ناسیویانن واتە (1998-2003) کەزۆرینەیان وێنەی ئاژەڵی دیاریکراون، هەروەها نەخشی هێمای هەڵکۆڵراوی تریش هەن کەبەسەر (3)کۆمەڵدا دابەشبوون لە: (دەربەندی گوتانلو، دەربەندی جیران و سنووری دیاریکراوی ناسراو بەمەعدەن)، هەموو ئەمانە لەناوچەی هۆراند (کلیبەر)دا بڵاوبوونەتەوە.


وێنەی (١)

هێماکانی نیشانە:
ئەم جۆرە نەخشە تەنیا لەسەرچاوە یەکەوە بەرچاو دەکەوێت کەوێنەی ئەندازەیین لەناو هێڵی یەکتر بڕی خشتەییدا (سنوری شەش خانەی چوار گۆشەی شێوە ڕێژەیی بچووک) لەو کۆمەڵەدا ئەمانە تەنیا لەسەر بەردی گرانیت هەڵکۆڵراون کە بەمەعدەن ناسراون و بەرچاو دەکەون. لەبەشەکانی تریشدا بەشێوەیەکی گشتی هەر بەو جۆرە هاتوون ، لەو شوێنەدا کەهیچ وێنەیەکی تر نابینرێت شوێنی گرتبێت یان ڕوبەڕوویان ببینەوە.
سەیرکردنی هاوشێوە دەرکەوتووەکان لەناوچەکەدا: دەربارەی پەرت و بڵاوی ئەو جۆرە پاشماوەی ئاسەوارانە لەئێران و وڵاتانی دراوسێدا، دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە هونەرە لەسەرتاسەری کێشوەری ئێران و ناوچەکانی دراوسێدا و لەزۆرینەی خاڵەکانی دنیادا بەشێوەیەکی گشتی پێشینەیەکی زۆر دوور درێژیان هەیە. لەناوچەی (ئارسباران) کەکۆمەڵی (لەقلان) بەشێک لەو یان تێدا هەن هونەری هەڵکۆڵین لەڕووی بەردەکاندا بەزۆری بەرچاو دەکەون. ئەمە نزیکترین کۆمەڵە لەکۆمەڵی (لەقلان) کەبەردە وێنەکانی (سونگون) دەردەخەن لەخۆرئاوای (ئاهر) لەناوچەیەکی ناسراو بە (وەرزقان). لەکۆمەڵە نەخشەکانی تری نزیک (مشکین شار) بەشی (ڕەزی)، (شەکیل داش) هەربەهەمان شێوە پاشماوەی ئاسەواری ناسراوی لەو جۆرەی لە دەرەوەی سنووەکانی باکووری ئێران لێیە واتە لەئەرمەنستان (گغاما) کۆماری ئازەربایجان (گوبستان) تاوەکو وڵاتانی ئاسیای ناوەند لەگەڵیانا ڕووبەڕووی ئەو کۆمەڵە نەخشانەی لەبەردەستماندان دەبینەوە، شوێنی دێرینی (سارمیش) لە (ئۆزبەکستان)، (چولپۆتانا) لە (قرقیزستان)و (تام گلی تاس) لە (قۆزاقستان) ئەمانە هەمۆویان بەسەدەکانی چوارەمی پ.ز تاشەشەمی پ.ز دیاریکراون.
شێواز: دەربارەی شێوازی ئەم کۆمەڵە بەپێی ئەو ڕایانەی لەبنەچەدا لەسەر شێوەی نەخشەکان وتراون: بەو جۆرە بووە کەبەشێوەیەکی ساکارو بەچەند هێڵێکی کەم دەرهێناون دیاریکردنی ڕەگەزی وێنەکانی (بزنی کێوی)ش بەدڵنیاییەوە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام لەڕێگای شێوە ئەندازەی شاخەکانیان و لاشەی ئاژەڵەکەوە کەبەدەرکەوتوویی هەڵکۆڵراون ئاماژە بەڕەگەزی دەدەن، لەو دیاردانەدا وێنەکان هاوشێوە دەوەستنەوە، هۆکاریش بۆئەمە ساکاری هێڵەکان و بوونی وێنەکان نیشاندەدەن.

چۆنێتی:
لەوێنە ئاژەڵییەکانی (لەقلان) دا ئەوانەی بەژمارەی زۆر لەو ئاژەڵانەنمانیشکراون لەشێوەی ئارامیدان کەسەرنج ڕاکێشن. ئەو نەخشانەش کەئاژەڵین لەشێوەی جووڵەدان بەڵام ئەوەی لەم کۆمەڵەدا دیارە ژمارەیان زۆر کەمن. شێوەی دووەم کەبەرچاو دەکەون و لەهەمان جۆرن لەسەر لاوێنەکراون. لەم کۆمەڵەدا نموونەی زۆرینەیان بەشێوەی هاوشێوە نمایشکراون . ئەو نەخشانەش کەهەن خاڵێکی تیرە لەو کۆمەڵانەدا کەسەرنج ڕاکێشن بەرەو ڕوو و لەناوچەکانی نزیک ئێراندا نمایشکراون .
هەربەو جۆرە بەردە نەخشێنراوەکان بەشێوەی نەخشی هاوشێوە بوونەتە سەرچاوەکە نموونەن بۆسەرنج دان زۆرلەسەریان بەشێوەیەکی زۆرلەم شوێنەدا. وێنەی (بزنی کێوی)ش ڕووی زۆرینەی بەردەکانی لە ناوچەکانی ئێراندا داپۆشیوەو بەرچاودەکەون، کەلەناویاندا دەتوانین نموونە ناسراوەکانی کوردوستان لە (باشوری شاری مەهاباد ، شاری شاهین..) دەست نیشان بکەین ، نموونەی لەم جۆرانەش لەزۆر شوێنی تر دا هەن هەتاکو لە پاریزگای (سمنان)و پاریزگای (هورمز گان)یش هەن.

ماناودەربڕین لە دیمەنی بەردەکانی (لەقلان):
لە(لەقلان) وەک و هەموو ناوچەکانی تری ئێران ، نەخشی بزنی کێوی بەزۆری وەک و ئاژەڵەکانی تر بوونەتە سەرچاوە بۆ تێروانین و سەرنج دان . ئەمانە تەواو شوێنی لێورد بوونەوەن چونکە،لە (لەقلان) هیچ نەخشێکی تر غەیری بزنی کێوی نەبینراوە ، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەوانەی باسمان کرد پەیوەستن بە کۆمەڵی (لەقلان).ئەم پرسەش تەنیا بۆبزنی کێویە نەوەک بۆ ئاژەڵی ترلە(لەقلان) بەڵگەش بۆئەمە دەتوانێت بنەمایەک بۆ ناسنامەیان بخاتە بەرچاو .نموونەی ئەم کۆمەڵەش کە سەرنج ڕاکێشن شاخە قووچو کەوانەییە کانیانە کەبەشێوەی جووت دەرهێنراون ولەسەرلانیشان دراون بەدەرهێنانی نەخشەکانەوە وادیارە بەتایبەتی نزیکەکانیان پێدەچێت ناوچەی لەوە ڕگایان هەبووبێت.ئەم حاڵەتە نمایش کراوە لەناو وێنەکاندا کەبەر چاو دەکەون بەڵگەی ئیلهام وەرگرتن بەهۆی ئەوەی لەحاڵەتی ئارامی و یەکڕیزی دان هەروەک و لەوەو بەر باسمان کرد . لێکۆڵینەوە لەناوەڕۆکی وێنەکان لە ناوچەیەکی فراوانی وەکو (لەقلان) سەرچاوەن بۆنەخشی ئاژەڵداری تری جیاجیا لە(لەقلان) ، ئەمەش بەڵگەیە کە بتوانین تەنیا لەڕێگای ژمارەیەک نەخشی گەورەی لەو جۆرە لەو شوێنە فراوانەدا کە بەریزێک بەیەکەوە بەستراون تا بناسرێنەوە زانیاری لەسەریان لەڕووی پێکهاتەی بنەچەیانەوە وەربگرین کەبەدەستمان لەوەو بەرنەگەیشتوە. ئەوەی لەئێستادا دەمانەوێت دەربارەی وێنەی بزنی کێوی و پێشینەی باسکراویان بخەینە بەردەست ،بەبەڵگەی ئەو نموونانەن کەلە ناوچە جیاجیاکانی ئێران بەدەست گەیشتوون هەروەها ناوچەکانی تریش کەسەرچاوەن بۆلێکۆڵینەوە لەسەریان وەک و (ئازەربایجان و قەفقاز). وێنەی بزنی کێویش نیشانەیەکی گرنگە کە سەقام گیری بکەین ،چونکە زۆری ئەو ئاژەڵەو گرنگی شوێنەکەی لەناو باوەڕو داستانەکانی مرۆڤ ناسیدا کەڕۆشتوە بڵاوە ، ئەمانە بەڵگەن بۆ ئاژەڵەکە کەبتوانین بەپێی زانیاریەکان سەرنجیان لە کۆنترین وێنە دیارەکانی مێژووی مرۆڤدا لێبدەین . لە ئێرانی کۆنیشدا وێنەی ئەم ئاژەڵە لەقاڵبی جیاجیادا (پەیکەر،نەخشی هەڵکۆڵراو) لە سەرەتای قۆناغەکانی چاخی بەردینی نوێوە تاوەکو دەگاتەوە بە ئەمڕۆ دەبینین. نەخشی ئەم ئاژەڵە جگە لەسەر بەردە هەڵکۆڵراوەکانی ناوچە جیاجیاکان لەسەردیواری ئەشکەوتەکان و لەڕووی سواڵە تەکانیشدا لە (سیالک،شووش،ئیسماعیل ئابادو..) نەخشکراون هەتاکو
لە قاڵبی بە تەنکراویش لە نیشتەجێبوونی مرۆڤ لە چاخی بەردینی نوێشدا بەدەستمان گەیشتووە . بزن لە ئەفسانەکانی ئێرانی کۆنیشدا وێنەی ئاوەدانی و فرەو زەوی وزار و ئاو بووە، هەروەها هێمای مانگیشە. نەخشی ئەم ئاژەڵە جگە لەوەی پاشماوەی ئاسەواری بەرلە مێژووە هەتاکو دەگاتەوە بۆ قۆناغەکانی مادو هەخامەنشی، لەوێشەوە بۆ دەورانی مەعدەنی واتە دوادوای هەزارەی یەکەمی پ. ز لە کۆتاییدا پێشکەوتوترین شێوەی ئەم ئاژەڵە لە ڕووی ئەنگۆستیلەو سواڵەتی قۆناغی ساسانیشدا دەتوانین بخەینە بەرچاو. لەم قۆناغەدا بزنی پاسەوان بە مانگ چوێنراوە، یان لە بەرچاو گیراوە. لەناوەڕۆکی نووسینی میخیدا زانیاری گەورە و بەنرخ دەربارەی شوێنی ئاژەڵەکان باسکراون. لەنێوان دوو ڕوبار بزن خوای ئاوبووە، هەروەها خۆریش خۆی خستۆتە دیمەنی جووتێک گاو مانگا و لە شێوەی نەخشی بزنی کێوی دا نمایشکراوە. پرسی بنەڕەتی ئەم نەخشانە .لەسەرچاوەی هونەری بەردەکاندا و لە زۆرینەی سەرچاوەکانی تردا پەیوەستی تەواویان بە ڕۆژگار و لایەنەکانی سروشتەوە هەیە کە نەمانتوانی دیمەنی سەر بەردەکان لە شوێنی کراوەدا کە بە ساکاری دەرهێنراون ، دیاری بکەین بۆئەوەی سنووریک دابنێین بۆ تەمەنی ئەم نەخشانە . پێوبستە ئەوەش بخەمە بەرچاو کە هەر نیشانەیەک زانیاری نوێ بێت لەم پاشماوانەدا تاوەکو ئێستا نەخراونەتە بەرچاو. لێکۆڵینەوەکانی مرۆقناسی لە شوێنی نیشانەکاندا ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەم نەخشانە کەسانی ناوچەکە دروستیان نەکردووە، هەتاکو باوک و باپیرانیشیان لە دانیشتوانی ناوچەکە لە هەڵکۆڵینی ئەم نەخشانە دا دەستیان نەبووە واتە دوای ئەوانیش (بەکەمی شەش نەوە). لەلایەکی ترەوە ئەو ئامێرانەی کە لەو نەخشانەدا بەکارهێنراون لە زۆرینەی سەرچاوەکاندا دەرکەوتووە ئامێری بەردین. خاڵێکی تریش کە پەیوەستە بەم نەخشانەوە گوایە پەیوەست بێت بە شوانەکانی ناوخۆوە، وەڵامی ئەمە بە نەخێر دەدرێتەوە، دووبارەکردنەوەی ئەم وێنانەش لە کۆمەڵە کانی تری ناوچەکاندا هەمان وێنەی بزنی کێوین کەلە (لەقلان) لە ڕووی بەردەکان هەڵکۆڵراون، ئەمە لەکاتێکدا کە ئاژەڵی تری وەکو ئاسک و گورگ و ئەسپ و گاو سەگ و ورچ و جۆرێک لە (بەور)یش لەم ناوچە گەورە و فراوانەدا هەبوون. خاڵێکی ترکە شوێنی باسکردنە نەبوونی وێنەی مرۆڤە لە کۆمەڵی (لەقلان) بە پێچەوانەی کۆمەڵە وێنەکانی ناوچە ناسراوەکانی دوایی ، بەڕێژە گەورە وفراوان لە (سونگون، گغاما، قوبستان..) کە لەبەرچاو هەن. ئێستا لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات کەئایا بۆچی بزنی کێوی بە تەنیا وێنە کراوە؟ بەتایبەتی لە کارەکەیاندا ئەگەر بۆ مەبەستێکی دیاریکراو نەبوو بێت. شایانی باسکردنە لە کۆمەڵی (لەقلان) پاشماوەی نووسین بەرچاو نەکەوتووە، ئەمە لەکاتێکدایە لە کۆمەڵەکانی تری نزیک بە(لەقلان) نووسین لە ڕۆخی نەخشەکانی ئاژەڵی مرۆڤ بەرچاو دەکەون، نموونە بۆ ئەمە(شەکیل داش) ی بەشی (ڕەزی) ناوچەی(شکێن شار)ە. بەو پێیە بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن بوونی ئەو نەخشانە کە لەڕووی بەردەکان دەرهێنراون ، نەخشی بزنی کێوین کەپێکهاتوون تەنیا لەو ئاژەڵانەی کە ناومان بردن. خاڵێکی تریش کە لەبەرچاوە ئەوئاژەڵانەیە کە بە تەنیا نەخشکراون و زۆر کەمن بە پێچەوانەوە ئەوانەی لەو شوێنەدا دەرهێنراون بەپێ ی دارشتنی تایبەت کە بڕیاری لێدراوە هەموو کات بەشێوەی کۆمەڵ وێنە کراون. بەهەمان شێوە تێبینی دەکرێت هەر شوێنێک مەودای فراوانی بووبێت ژمارەیەک نەخش لەمانە دروستکراون کە زیاتر لە دە شوێنی یان پێگرتوە، لەهەمان کاتیشدا هیچ نەخشێکی تر نابینرێت لەسەرتاسەری ناوچەی(لەقلان) کە گرنگی پێدرابێت. لەلایکی تریشەوە دیارە هەندێک لەو شوێنانەی کە دووردەست بوون بۆ نەخش هەڵکۆڵین واتە بەرزبوون وازیان لێهێناون بەهۆی ئەوەی نەیانتوانیوە ڕووی ئەو بەردانە بکرێنن. جگە لەوەش ئەو نەخشانەی کەلە ڕووی بەردەکان دەرهێنراون لە زۆرینەی سەرچاوەکاندا دەرکەوتووە ئامێری بەردین. خاڵێکی تریش کە پەیوەستە بەم نەخشانەوە گوایە پەیوەست بێت بە شوانەکانی ناوخۆوە، وەڵامی ئەمە بە نەخێر دەدرێتەوە، دووبارەکردنەوەی ئەم وێنانەش لە کۆمەڵە کانی تری ناوچەکاندا هەمان وێنەی بزنی کێوین کەلە (لەقلان) لە


وێنەی (٥)

سەرنج ڕاکێشن؟

دووەمیان کۆنی ئەو نەخشانە بۆ کەی دەگەڕێنەوە؟


دەربارەی وەڵامی پرسیاری دووەم تەنیا دەتوانین بڵێین کە پێدەچێت لە سەرتاسەری ناوچەی (لەقلان) هەموو ئەو نەخشانە بە سەردەمێکەوە پەیوەستبن، ئەو بۆچونەش کە بڵێم بۆ قۆناغە جیاجیاکان دەگەڕێنەوە بەڵامەوە لاواز و بێبنەمانەوە.

بەراورد و ئەنجام وەرگرتن:

ئەمە باشترین و سەرنجڕاکێشتر و لەهەمان کاتیشدا گرنگترین بەشی ئەم نووسینەیە کە بتوانێت پاڵنەر بێت لەوبارەیەوە. بەراوردێک لەنێوان وێنەکانی(لەقلان) لەگەڵ وێنەکانی تری ناوچەکانی دراوسێی وەکو سونگون(ناوچەی ئاهر، وەرزقان) گغاما لە ئەرمەنستان، کوبستان لە کۆماری ئازەربایجان (وەرجاوند) و شەکیل داش لە ناوچەی شکێن شار و بەشی ڕەزی بەپێی ئەو خاڵانەی خوارەوە دەردەکەوێت کە لەنێواندا جیاوازی زۆر هەبێت:
1- لە دیمەنە بەردینەکانی ناسراوی ناوچەی سونگون (شەکیل داش) هەربەو جۆرە تایبەتمەندی خۆی هەیە کەلەگەڵ پاشماوەی ئاسەواری (لەقلان) هاوشێوەیان دەرنەکەوتووە .لەپێکهاتەی ناوچەی (شەکیل داش)دا جگە لەبزن، نەخشی ئاژەڵی تریش بەتایبەتی بااڵندە بەرچاو دەکەون، بەڵام سەبارەت بەنەخشی مرۆڤ هیچ هەواڵێک لەوڕوەوە نییە.
2- ئەوەی لە نیگارەکانی(کوبستان) لەبەرچاون هەر بەهۆکاری جودابیان لە پێکهاتە یاندا و شێوەکانی بەراوردکردنیان بە نیگارەکانی (گغاما و سونگون)، دەردەکەوێت بە فەرهەنگی قۆناغی تەوە پەیوەندەران. ئەم جودابیەش دیارەجارێکیتر لەگەڵ نیگارەکانی (لەقلان) دا بوونیان هەیە.
3- کۆمەڵە نیگارەکانی

وێنەی (٥)

ڕووی بەردەکان هەڵکۆڵراون، ئەمە لەکاتێکدا کە ئاژەڵی تری وەکو ئاسک و گورگ و ئەسپ و گاو سەگ و ورچ و جۆرێک لە (بەور)یش لەم ناوچە گەورە و فراوانەدا هەبوون. خاڵێکی ترکە شوێنی باسکردنە نەبوونی وێنەی مرۆڤە لە کۆمەڵی (لەقلان) بە پێچەوانەی کۆمەڵە وێنەکانی ناوچە ناسراوەکانی دوایی ، بەڕێژە گەورە وفراوان لە (سونگون، گغاما، قوبستان..) کە لەبەرچاو هەن. ئێستا لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات کەئایا بۆچی بزنی کێوی بە تەنیا وێنە کراوە؟ بەتایبەتی لە کارەکەیاندا ئەگەر بۆ مەبەستێکی دیاریکراو نەبوو بێت. شایانی باسکردنە لە کۆمەڵی (لەقلان) پاشماوەی نووسین بەرچاو نەکەوتووە، ئەمە لەکاتێکدایە لە کۆمەڵەکانی تری نزیک بە(لەقلان) نووسین لە ڕۆخی نەخشەکانی ئاژەڵی مرۆڤ بەرچاو دەکەون، نموونە بۆ ئەمە(شەکیل داش) ی بەشی (ڕەزی) ناوچەی(شکێن شار)ە. بەو پێیە بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن بوونی ئەو نەخشانە کە لەڕووی بەردەکان دەرهێنراون ، نەخشی بزنی کێوین کەپێکهاتوون تەنیا لەو ئاژەڵانەی کە ناومان بردن. خاڵێکی تریش کە لەبەرچاوە ئەوئاژەڵانەیە کە بە تەنیا نەخشکراون و زۆر کەمن بە پێچەوانەوە ئەوانەی لەو شوێنەدا دەرهێنراون بەپێ ی دارشتنی تایبەت کە بڕیاری لێدراوە هەموو کات بەشێوەی کۆمەڵ وێنە کراون. بەهەمان شێوە تێبینی دەکرێت هەر شوێنێک مەودای فراوانی بووبێت ژمارەیەک نەخش لەمانە دروستکراون کە زیاتر لە دە شوێنی یان پێگرتوە، لەهەمان کاتیشدا هیچ نەخشێکی تر نابینرێت لەسەرتاسەری ناوچەی(لەقلان) کە گرنگی پێدرابێت. لەلایکی تریشەوە دیارە هەندێک لەو شوێنانەی کە دووردەست بوون بۆ نەخش هەڵکۆڵین واتە بەرزبوون وازیان لێهێناون بەهۆی ئەوەی نەیانتوانیوە ڕووی ئەو بەردانە بکرێنن. جگە لەوەش ئەو نەخشانەی کەلە ڕووی بەردەکان دەرهێنراون لە زۆرینەی سەرچاوەکاندا دەرکەوتووە ئامێری بەردین. خاڵێکی تریش کە پەیوەستە بەم نەخشانەوە گوایە پەیوەست بێت بە شوانەکانی ناوخۆوە، وەڵامی ئەمە بە نەخێر دەدرێتەوە، دووبارەکردنەوەی ئەم وێنانەش لە کۆمەڵە کانی تری ناوچەکاندا هەمان وێنەی بزنی کێوین کەلە (لەقلان) لە



ئەگەری جەنگی نێوان ئەمەریکا و ئێران، بەرەو کوێ؟



سابیر حوسێن

ئایا جەنگی نێوان ئەمەریکاو ئێران رووەدات یان روونادات. ئەم پرسە هەموو ناوەندەکانیش جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە. هاوکات هەموو نێوەندەکانیش بەدوای وەڵامی گونجاودا دەگەڕێن، ئەمەریکا دەیەوێ رۆڵی ئێران لە ناوچەکە کەمبکاتەوە، ئێرانیش نایەوێ پێشڕەویەکانی سنووردار بکرێ، چونکە ئێستا بڕیاری جەنگ بژاردەی ستراتیژییە ،میدیاکانی سەر بەهەردوو لاش زیاتر بارودۆخەکەیان خستۆتە جۆش و خرۆشەوە. ئەمەریکاو ئێرانیش زیاتر خاڵەکانی گوشار زیاتر دەکەن. هێشتا تیمی ترامپ بڕیاری جەنگیان دژ بە ئێران یەکلایی نەکردۆتەوە، بەم پێیەش بێت تاوەکو بڕیاری جەنگ یەکلایی نەکرێتەوە، ئەوە رووبەڕووبوونەوە لە سەرجەم مەیدانەکان وەک ئەلتەرناتیڤ دەمێنێتەوە.

بۆچی ترامپ وەڵامی گێچەڵیەکانی ئێرانی نەدایەوە ؟

لە واشنتۆن بەردەوام چاو لەسەر ئەوە بوو کە لە ماوەی دوو مانگی داهاتوو واشنتۆن چۆن بەرەرچی ئێران دەداتەوە، بەڵام دوای خستنە خوارەوەی فڕۆکە بێ فرۆکەوانەکە، بیروڕاکان بۆ ئەوە چوون کە واشنتۆن بە هێزەوە کردەی سەربازی دژی ئێران ئەنجام دەدات، کەچی ئەمەشیان بێ ئاکام دەرچوو. بۆیە ئێستا مقۆیەکی زۆر لە ناوەندی ستراتیژی ئەمریکا لە ئارادایە دەربارەی شێوازی وەڵامدانەوەی ئەمریکا دژ بە ئێران. کۆ دەنگیەکیش هەیە کە هەمووان لەسەری کۆکن ئەویش دانانی راددەیەکە بۆ دەست ڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکەدا و دەستوەردان لە کاروباری وڵاتان و کۆمەکی کردنی گرووپە تیرۆرستییەکان. ئەم تێڕوانینەش وەنەبێ هەر لەسەر ئاستی نوخبەی سیاسی بێت، بەڵکو پێگەی جەماوەری ئەمریکیش هەر لەسەر هەمان ئەو قەناعەتەدایە.

تاران بەرگری کردنی لە بەرامبەر ترامپ بە سەرکەوتوو وەسف دەکات

خستنە خوارەوەی فڕۆکەی سیخوڕی ئەمریکا لەلایەن ئێرانەوە و پەشیمان بوونەوەی ترامپ لە ئەنجامنەدانی هێرشی سەربازی بۆسەر ئێران، ئەمە هۆکارێک بوو تاوەکو سەرکردە سەربازیەکانی ئێران بگەنە ئەو قەناعەتەی کە سیاسەتەکانیان لەبەرامبەر واشنتۆن سەرکەوتوو بووە و پێویستە لەسەری بەردەوام بن و لە بەرامبەر هەڕەشەکانی ئەمەریکا سازش نەکەن. بە گوێرەی تۆیژینەوەیەکی سیاسیش ئەم رووداوانەی دوایی ئێرانی زیاتر سوور کردووە لەسەر بەردەوامبوون لەسەر ستراتیژیەتی خۆیان، چونکە ئەمەریکا تەنها هەڕەشە دەکات و جێبەجێی ناکات.

شکستی وەشاندنی گورزی ئەمەریکی دژ بە ئێران

مالپەڕی ڕووسیا ئەلیەوم بابەتێکی لەژێر ناونیشانی (شکستی وەشاندنی گورزی ئەمەریکی دژ بە ئێران) بڵاوکردۆتەوە. تێدا لەو بابەتە شیکاریەدا ئاماژە بۆ ئەو گۆڕانکاریە خێرایانەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین کراوە. جەختیش لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە خستنە خوارەوەی ئەو فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەی ئەمەریکا کە لە بەرزاییەکی زۆرەوە هەڵدەفڕێ، ئەو حەقیقەتەی سەلماند کە سەرکردە سەربازیەکانی ئێران بەباشی خۆیان بۆ ئەگەری هەر جەنگێک لەگەڵ ئەمریکا ئامادە کردووە. بەجۆرێک سەرباری ئەو هەموو ئابلۆقەیەی خراوەتە سەر تاران، کەچی ئەوان توانیان ئامانجی خۆیان بپێکن. لە شیکردنەوەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە ئەم رووداوە سەرکردنەکانی بنتاگۆنی ناچار کرد کە گۆڕانکاری بەسەر پلانی سەربازی خۆیان دژ بە ئێران بهێنن.

درێژکردنەوەی ڕووبەڕووبوونەوەکان بە ئاوڕدانەوە لەسەر سزاکان

دەربارەی سروشتی مەملانێ نێوان ئەمەریکا و ئێران چاودێران پێیان وایە ئەو مەملانێیە بەردەوامی دەبێت. واتە دەبێت تیمی هەردوو لایەن ئەمەریکی و ئێرانی خۆیان بۆ ئەو قۆناغە ئامادە بکەن و بەردەوامی بە ململانێیەکان بدەن. تەنها لە حالەتێک نەبێت کە میحوەرە سیاسییەکان گۆڕانکاریەکان بەسەردا بێت. ترامپ پێشتر پەلەی بوو لەسەر سەرەنجامی سزا ئابووریەکان و دەیەویست تاران ملکەچ بکات بۆسەر مێزی گفتوگۆیەکان، بەڵام ئێستا ترامپ دەڵێ: پێویستە پەلەمان نەبێ لەسەر ئەوەی ئێران ناچار بکەین بێتە سەر مێزی گفتوگۆیەکان .

ترامپ ئەوەی کرد لەگەڵ ئێران، کە کەنەدی لەگەڵ کوبای کرد !

سەرۆکی ئەمەریکی تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە بەرسڤی پێشێلکاریەکانی ئێران بداتەوە لە ڕێگەی کردەی سەربازیەوە. ترامپیش هەڵوێستەکانی لە هەڵچوونەوە بۆ ڕۆچوون دەگۆڕێتەوە. ژۆنەراڵێکی بەریتانیش دەربارەی خستنە خوارەوەی فڕۆکە ئەمەریکیەکە جەخت دەکاتەوە کە ئەو فڕۆکەیەی ئێران خستیە خوار فڕۆکەیەکی ستراتیژی گەورە بوو، بە ئەندازەی فڕۆکەی بۆینگ 737و درێژیەکەشی 54 مەتر بووە و درێژی باڵەکانیشی 140 پێی بووەو تێچووەکەشی 123 ملیۆن دۆلار بووە. گرنگ ئەوەیە هەڵەکانی ترامپ لە هەڵوێست وەرنەگرتن، ئەمەریکا بە دەردی کوبای سەردەمی جۆن کەندی نەبات.



چاکسازی سیاسی

واتە ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە شێواز و ئامرازەکانی حوکمڕانی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات . پڕۆسەکە بریتیە لە گرتنەبەری ژمارەیەک ڕێوشوێن و هەنگاو بە مەبەستی وەرچەرخان لە سیستمێکی خۆسەپێنەر و دیکتاتۆری بەرەو ئاراستەی دیکەی جیاواز کە پشت بە بەشداری و نوێنەرایەتیکردنی جەماوەر دەبەستێ و کەسی بەرپرسیش بە گوێرەی دەستوور دەسەلاتەکانی خۆی بەکار دێنێ. ئەمڕۆ لە ڕۆژئاوا ئەم چەمکە بە چەند شتێکەوە گرێ دراوە لەوانە: سەروەریی دەستوور و یاسا .
هاوڵاتیبوون ، واتە هەموو هاوڵاتیەک خاوەنی مافی یەکسانە.
بوونی هەڵبژاردنێکی ئازاد کە تیایدا کەس و پارتە سیاسییەکان بە گوێرەی ڕێژەی دەنگەکانیان دەگەن بە مافەکانیان .
فرە حزبی : مافی هاوڵاتی لە دامەزراندنی پارتی سیاسی ، بەو پێیەی ئەمە ئالیەتێکی گونجاوە بۆ خستنەڕووی پرۆگرام و بۆچوونە سیاسییە جۆراوجۆرەکان.
ئازادیە گشتییەکان : لەلایەن دەستوور و یاساوە دیار دەکرێن و بریتین لە ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی دادگا .

ئەمڕۆ لە میژوودا



سالی 1816:
ئەرژەنتین لە ئسپانیا جیابوەوە و سەربەخۆیی ڕاگەیاند.



سالی 1850:
دوای مردنی تایلۆر، میلارد فیلمۆر بوو بە سەرۆکی ئەمەریکا .




سالی 1900:
شاژن ڤیکتۆریا بڕیاری دامەزراندنی کۆمنوێلسی ئوسترالی دەرکرد.



سالی 1963:
دامەزرانی یەکێتی ماڵیزیا ڕاگەیەنرا کە بریتی بوو لە ژمارەیەک دوورگە و لە ژێر کۆنترۆڵی بەریتانیا دابوون.



سالی 2011:
باشووری سودان لە سودان جیابوەوە و سیلڤاکیریش وەک سەرۆک سوێندی خوارد.



سالی 2017:
سوپای عیراق هەوالی ئازادکردنی شاری موسڵی لە دەستی داعش ڕاگەیاند .

www.xebat.net
ژمارە (5785) 2019/7/9 سێ شەممە

یەکێتی ئەورووپا..

مێرکڵ و ماکرۆن سەبارەت فراوانکردنی یەکێتی ئەورووپا ناکۆکن



عەبدولقادر کەڵهۆڕ

دوای دوورۆژ لە کۆبوونەوەی سەرکردەی وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا ، لە شاری بۆزنان لە پۆڵەندا لەگەڵ سەرکردەی حەوت وڵاتی رۆژئاوای بەلقان.. هەریەک لە مەکدۆنیای باکور و ئەلبانیا بەختی ئەوەیان هەبوو کە هەریەک لە ئەڵمانیا و پۆڵەندا بەرگریان لێکردن بۆ ئەوەی بنە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا. لە بەرانبەریشدا فەرەنسا و هۆڵەندا نارازیبوون و پێیان باش نییە یەکێتی ئەورووپا فراوان بکرێت .

سەرباری ئەوەی هۆڵەندا و فەرەنسا و هەندێک وڵاتی باکوری ئەورووپا نارەزایبان دەربڕی، هەریەک لە ئەڵمانیا و پۆڵەندا پێان باش بوو ، ئەلبانیا و مەکدۆنیای باکور وەکو ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا وەربگیرێن. ئەو داوایەی بەرلین و وارشۆ دوای کۆنگرەی لوتکەی رۆژئاوای بەلقان هات لە شاری بۆزنان لە پۆڵەندا،کە تیایدا جەخت لەسەر وڵاتانی رۆژئاوای بەلقان کرایەوە،دواتر بڕیاردان لەسەر تاوتێکردنی ئەندامبوونی هەریەک لە ئەلبانیا و باکوری مەکدۆنیا دواخرا.

ئەوانەی نارازین بەو پێشهاتە پێیانوایە فراوانکردنی یەکێتی ئەورووپا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشە و گرفتی زیاتر ، بۆ ئەوەش ئاماژەیان بە گەندەڵی و نادادپەروەری یاسادا لە هەریەک لە بولگاریا و رۆمانیا کە دوو دەوڵەتی پێشووتری بلۆکی ئیشتراکین و ساڵی **2007** بوونەتە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا .

لە بەرانبەردا لایەنگرانی فراوانکردنی قەوارەی یەکێتی ئەورووپا دەڵێن ، رەتکردنەوەی بە ئەندامبوونی ئەو وڵاتانە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو دەوڵەتان رووبکەنە هێزی نێودەوڵەتی دیکەی وەک چین و روسیا و تورکیا . لەو بارەوە ئەنجێلا مێرکل راوێژکاری ئەڵمانیا بەلقان، لە کۆتاییدا لە بەرژەوەندی ستراتیژی یەکێتی ئەورووپا دەشکێتەوە.

مێرکڵ لە کۆنگرەی لوتکەی سەرانی یەکێتی ئەورووپا و وڵاتانی رۆژئاوای بەلقان گوتی، ئەگەر لە نەخشەی ئەورووپا ورد بینەوە دەبینین، وڵاتانی بەلقان بە وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا دەورەدراون، بۆیە گلدانەوەیان بۆ نێو یەکێتی ئەورووپا بەرپرسیاریێتێکی ستراتیژیە و لەبەرژەوەندی یەکێتی ئەورووپا دەشکێتەوە.

هەر لەو بارەوە سەرۆکی پۆڵەندا ئەندرێ دودا زۆر بەتوندی رەخنەی لە دواختستنی دانوستانەکانی بەئەندامبوونی وڵاتانی بەلقان لە یەکێتی ئەورووپا گرت و لەکۆنگرەکەدا گوتی، پابەندنەبوونی یەکێتی ئەورووپا بە بەڵێنەکانی وادەکات یەکێتی ئەورووپا لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی متمانە و سەرراستی نەمێنێت، ئەوەش زۆر نیگەرانم دەکات .

هەروەها ئەو دواخستنە دەبێتە مایەی ئەوەی نەیارانی یەکێتی ئەورووپا ئەو هەلە بقۆزنەوە کە هەموو ئاواتیان ئەوەیە یەکێتی ئەورووپا و هاوپەیمانی باکوری ئەتڵەسی لاواز بکەن .

لەلایەکی دیکەوە ئەنجێلا مێرکڵ راوێژکاری ئەڵمانیا گوتی، لەو کات و ساەدا هیچ هۆکارێکی گونجاو بۆ نارەزایی ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا لە فراوانکردنی یەکێتی ئەو روپا نابینمەوە. گوتیشی ماکرۆن داوا دەکات پێویستە یەکەمجار ئالیەتی کارکردن لە یەکێتی ئەورووپا باشتر بکرێت، ئینجا بیر لە هەنگاوی دیکەی وەک فراوانکردن بکرێتەوە، لەو بارەوە منیش لەگەڵی هاوڕام و پێویستە بەیەکەوە کاربۆ ئەوە بکەین. بەڵام هەرگیز من نابینم ئەوە هۆکارێک بێت بۆ دواخستنی فراوانبوونی قەوارەی یەکێتی ئەورووپا .

جێی باسە ئیمانوێل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا ، لەوکات و ساتەدا نارازییە لەسەر فراوانکردنی قەوارەی یەکێتی ئەورووپا و بەئەندام وەگرتنی وڵاتانی ناوچەی بەلقان لە یەکێتی ئەورووپا . ماکرۆن رشتە لەسەر هەڵوێستی خۆی کە پێی وایە پێویستە یەکەمجار چاکسازی جیدی لە ئالیەتی کارکردن لە یەکێتی ئەورووپا بکرێت ، ئینجا بیر لە هەنگاوی دیکە بکرێتەوە. لە ئەنجامدا ئەو هەڵوێستەی فەرەنسا و چەند وڵاتێکی دیکەی یەکێتی ئەورووپا هیواکانی مەکدۆنیای باکورو ئەلبانیای شکست پێهێنا لە بەئەندامبوون لە یەکێتی ئەورووپا.

لەلایەکی دیکەوە سەرانی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا لە لوتکەیەکی بەپەلەی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا لە برۆکسێل بڕیاریان دا، وەزیری بەرگری ئەڵمانیا ، خاتوو ئۆرزۆلا ڤۆنددۆرلاین، بڕکێت بە سەرۆکی تازەی کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەورووپا.چاوەڕوانیش دەکرێت لە ماوەی دوو هەفتەی داهاتوو پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا دەستنیشانکردنی خاتوو ئۆرزۆلا بە سەرۆکی کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەورووپا بخاتە دەنگدانەوە.

فون دیر لاین کێیە؟

ئەو خاتوونە دایکی حەوت منداڵە ئەمەش بە شتێکی کەم وێنە و ناوازە لە وڵاتانی ئەڵمانیا سەیر دەکرێت، لەبەر ئەوەی تێکڕای ژمارەی منداڵ لە نێو خێزانەکانی ئەورووپا نزیکەی دوو منداڵە. تەمەنی 60ساڵە و لە تەمەنی 43 ساڵییەوە چۆتە نێو جیهانی سیاسەتەوە ئەندامی حزبی دیموکراتی مەسیحییە، لە ساڵی 2005لە گۆڕەپانی سیاسی ئەڵمانیا دەرکەوتووە و لە کارەکەی زۆر چالاکە، ئابووری لە بەریتانیا خوێندووە دواتر بڕوانامەی پزیشکی بەدەستهێناوە. تا ساڵی 2013وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی فیدرالی بووە، دواتریش بۆتە وەزیری بەرگری ئەڵمانیا بۆ ماوەی شەش ساڵ ئەو پۆستەی بەڕێوە بردووە، بە ئافرەتە ئاسنینەکە ناوی دەرکردووە.ناوبراو بە کەسێکی زۆر نزیک و هاوپەیمانی ئەنجیلا میرکل دادەندرێت، بە جۆرێک تا ماوەیەکی کەم پێش ئێستا ، هەندێ پێشبینییان دەکرد شوێنی ئەنجێلا میرکل بگرێتەوە، لەهەر چوار حکومەتەکەی لە نێوان ساڵانی 2005 تا 2019 ئەنجێلا میرکل پۆستی بە فون دیر داوە و دڵخۆشیی خۆشیی بە بەدەستهێنانی ئەو پۆستە لەلایەن فون دیر لاین دەربڕیوەو گوتوویەتی؛ لەبەر ئەو رۆڵە گرنگەی لە داڕشتنەوەی ئەرکەکانی ناتۆ لە دەریای ئیجە گێڕاویەتی، سەرۆکانی وڵاتانی ئەورووپا پشتگیری زۆریان لێکردووە ، جگە لە زمانی ئەڵمانی زۆر بەباشی بە زمانی فەرەنسی قسە دەکات، ئیمانویل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنساش لەبەر ئەو رۆڵەی فون دیر لاین لە پێناو بەتین کردنی هاریکاری لە بواری بەرگری لەنێوان هەردوو وڵات گێڕاویەتی، پشتگیری لێ کردووە.

بۆ یەکەمین جارە لە یەکێتی ئەورووپا

دوو ئافرەت گرنگترین پۆست بەدەست دێنن



کریستین لاجاردی فەرەنسی سەرۆکی بانکی ناوەندی ئەورووپی

ئا: خالید گەردی

بۆ یەکەمین جارە لە میژووی یەکێتی ئەورووپا ، دوو ئافرەت بۆ دوو پۆستی گرنگ و هەستیاری نێو یەکێتیی ئەورووپا هەڵدەبژێردرێن، ئەوانیش ئۆرسولا فون دیرلاینی ئەڵمانی بۆ پۆستی سەرۆکی کۆمسیۆنەکە و کریستین لاجاردی فەرەنسی بۆ پۆستی سەرۆکی بانکی ناوەندی ئەورووپی.

ئەمەش دوای رێککەوتنی سەرۆکەکانی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا هات لەسەر فون دیرلاین بۆ سەرۆکایەتی کۆمسیۆنی ئەورووپا لە شوێنی جان کلود یەنکر سەرۆکی پێشووی کۆمسیۆنەکە کە بە گرنگترین پۆست لە یەکێتیەکە دادەنرێت رۆڵی گرنگی لە داڕشتنی سیاسەتی تایبەت بە هەموو کێشەکان هەر لە بازرگانی و ئابووریەوە تا دەگاتە کێشەکانی کەشوهەوا و پەنابەرانەوە دەبێت، هەروەها رەزامەندی سەرۆکەکانی قەوارەی **28** لەسەر کریستین لاجارد بۆ پۆستی سەرۆکایەتی بەنکی ناوەندی ئەورووپی.



ئۆرسولا فون دیرلاینی ئەڵمانی سەرۆکی کۆمسیۆنی یەکێتی ئەورووپا

کریستین لاجار

کریستین لاجارد هاوڵاتی فەرەنسایەو یەکەم ئافرەتە لە ساڵی 2007 لە لایەن نیکۆلا ساركوزی سەرۆکی فەرەنسا پۆستی وەزارەتی دارایی ئەو وڵاتەی پێ دراوە.هەروەها یەکەم ئافرەتیش بووە پۆستی سەرۆکی بانکی دراوی نێو دەوڵەتی بەدەستەوە هێناوە، پێشتریش وەزیری کشتوکاڵ و راو بووە لە حکومەتەکەی دومینیک دوفیلبانیش وەزیری بازرگانی بووە. جگە لەوەی یەکەم ئافرەتیش بووە پۆستی ئابووری لە گرووپی هەشت پۆستی وەزیری کاروباری ئابووری بەدەستهێناوە.رۆژنامەی فایننشال تایمز لە ساڵی 2009 بە باشترین وەزیری دارایی لە ناوچەی یۆرۆ پۆڵینی کردووە، هەروەها لە گۆڤاری فوربس لەلیستی کاریگەرترین ئافرەتانی جیهان، لە ریزبەندی (17)یەمین ناوی هاتووە.

سەرچاوە: ئاژانسەکان

مانشێت



سکای نیوز:
وەزیری بەرگری ئێران رایگەیاند دەستبەسەرکردنی کەشتی نەوتهەڵگر لەلایەن بەریتانیا کردەوەیەکی دروست نیە و هەڕەشەیە .



رۆژنامەی ئەلحەیات:
نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری مرۆیی هۆشداری دا لەوەی دەوڵەتی ڤەنزویلا خەریکە روو لە داڕمان دەکات .



رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
جارێکی دیکە خۆپیشاندەران هەڵڕژانەوە سەر شەقامەکانی هۆنگ کۆنگ بە مەبەستی دەبڕینی ناڕەزایی بەرامبەر حکومەتی وڵاتەکەیان و چین .



ئاسوشێتد پرێس:
لە باشووری رۆژهەڵاتی کابولی پایتەختی ئەفغانستان، بزووتنەوەی تالیبان ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراوی لە بارەگای هەواڵگری حکومەت تەقاندەوە و لە ئەنجامدا **12** کەس کوژران .



ئەی ئێف پی:
لە باکوری مەکسیک پۆلیس **51** کۆچبەری نایاسایی دەستگیر کرد .



ئکەنالی ئار تی:
کۆریای باکور بەنیازە جەخت لەسەر بونیادنانی ئابووریەکی بەهێز بکاتەوە .

www.xebat.net
ژمارە (5785) 2019/7/9 سێ شەممە
خەبات

تایبەتمەندییەکانی پڕۆژەی بەخێوکردنی باڵندەی هەوێردە



پڕۆژەی پەروەردەکردنی هەوێردە (السمان) بە پڕۆژەیەکی بچووک دادەندرێت کە لە وڵاتاندا چینی گەنجان پەنای بۆ دەبەن بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان و خۆ دەربازکردن لە بێکاری، ئەو پڕۆژەیە قازانجی هەیە و پێویستی بە سەرمایە و دەستی کاری زۆر نییە. ئەوەش تایبەتمەندی ئەو جۆرە پڕۆژەیەیە:-

یەکەم- دەکرێت هەوێردە شان بە شانی باڵندەی مالّی دیکە بەخێوبکرێت بۆ بەرهەمهێنانی گۆشت و هێلکە.

دووەم- هەوێردە بچووکترین باڵندەیە لە رووی قەبارەوە بۆیە شوێنی گەورەی پێویست نییە.

سێیەم- تێچووی ئالیکی هەوێردە کەمترینە بە بەراورد لەگەڵ پەلەوەر و باڵندەی دیکە.

چوارەم- نەخۆشیی لە نێو هەوێردە کەمتر و توانای بەرگری زۆر بەرزە بۆ نەخۆشیی.

پێنجەم- هەوێردە بە خێرایی گەشە دەکات و دەگاتە قۆناخی باڵندەیەکی پێگەیشتوو، مێیەکانی هەوێردە لە تەمەنی (6-7) حەفتەی تەمەنی دا دەست بە هێلکە دانان دەکەن. هێلکەکانی هەوێردە لە ماوەی (16-18) رۆژدا دەتروکێن.

شەشەم- گۆشت و هێلکەی هەوێردە تامیان زۆر خۆشە و بەهای خۆراکی بەرزیان هەیە بۆیە بە سەرچاوەیەکی باشی خۆراک و تۆخمە خۆراکییەکان دادەندرێن.

حەوتەم- پڕۆژەی بەخێوکردنی هەوێردە پێویستی بە سەرمایەی کەمە و تێچووی بەرێوەبردنی نزمە.

هەشتەم- گۆشتی هەوێردە چەورێکی کەمترە بۆیە شیاوە بۆ ئەوانەی پاستانی خۆیانیان بەرزە.

نۆیەم- دەکرێت (6-7) باڵندەی هەوێردە لە شوێنی یەک مریشک پەروەردە بکەین.

دەیەم- دەکرێت (6-8) باڵندەی هەوێردە لە رووبەری یەک مەتر دووجا بەخێوبکرێت.

ئەو خۆراکانەی مرۆڤ لە پیری دەپارێزن



لە راپۆرتێکی پزیشکی نوێدا توانرا پێنج خۆراک دەستنیشان بکرێت کە مرۆڤ دەپارێزێت لە پیربوون، لە هەمانکاتدا تەمەنی مرۆڤ درێژی دەکات، ئەوەش بە پشتبەستن بەو خۆراکانەی دانیشتوانی سێ وڵات کە بە تەمەن درێژی مرۆڤەکانی دەناسرێت لە سەر رووی زەویدا.

بە پێی ئەو راپۆرتەی کە (میدیکا نیوز)ی ئوسترالّی بڵاویکردۆتەوە ئەو سێی وڵاتەی جیهان کە دانیشتوانەکانیان بەوە بەناوبانگن کە تەمەنیان درێژە بریتین لە مۆناکۆ و ژاپۆن و سەنگافوورە، ئەو وڵاتانەش دانیشتوانیان لە ئاستێکی گوزەرانی نموونەیی دەژین و خۆراکی تەندروست دەخۆن.

راپۆرتەکە ئاشکرایدەکات ئەو 5 خۆراکەی دانیشتوانی ئەو سێ وڵاتە دەیخۆن هۆکارە بۆ درێژیی تەمەنیان و لە پیری دەیانپارێزێت و دەرفەتی ژیان بۆ ماوەیەکی درێژ و بە تەندروستییەکی باشیان بۆ دابین دەکات.

ئەو پێنج خۆراکەی ئەو وڵاتانە پشتی پێ دەبەستن لە سیستەمی خۆراکییاندا بریتییە لە پاقلّەی سۆیای تەر، ئەو خۆراکەش رێگری لە زیادبوونی خانە پیرییەکان دەکات، هەروەها توانای بەرگری هەوکردن زیاد دەکات. بە هەمان شێوە شۆربای (تۆفۆ) کە شۆربایەکی چینی ئاسیەوەی و ناسراوە پێکدێت لە سۆیای کوڵاو کە سوودی زۆری هەیە و پیری دوور دەخاتەوە و ئەو کانزایانەی لە پێکهاتەکەیدا هەیە دەدان و ئێسکی جەستە بەهێز دەکات. ئەوەو یەکێ لەو پێنج خۆراکانە گێزەر)ە، لە لێکۆڵینەوەکەدا دەرکەوتووە کە گێزەر بەرەنگاری پیری و نەخۆشیی دەبێتەوە و تەمەن درێژ دەکات، گێزەریش لە زۆر چێشتی کیشوەری ئاسیادا هەیە بە تایبەتی لەو وڵاتانەی بەوە بەناوبانگن کە تەمەنی دانیشتوانیان درێژە. کەڕنەب یەکێ لەو خۆراکانەیە کە سەر بە خێزانی سەوزەکانە وەک کەلەرم و قەرنابیت و تووبر و شێلم، ئەو سەوزانەش دەوڵەمەندن بە ماددەی سروشتیی و ژمارەیەکی زۆر لە ڤیتامینەکان بە تایبەتی ڤیتامین C،A. هەروەها ماسیی (سەلەمون) یەکێ لەو پێنج خۆراکەیە، لێکۆڵینەوەکان سەلماندویانە ماسیی سەلەمەوون بە باشترین سەرچاوەی پڕۆتین بۆ مرۆڤ دادەندرێت لە هەمانکاتدا ئۆمێگا 3ی تێدایە کە بەسوودە بۆ بەهێزکردنی بینین و چاو لە وشکبوون دەپارێزێت. لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە ئۆمێگا 3تەندروستی مێشک دەپارێزێت و جەستە دوور دەخاتەوە لە پیری.

لە کاتی خواردنی سەوزە گەڵاییەکان ئاگاداری ئەو مەترسییە بە





تۆیژەرانی زانکۆی (باشووری کالیفۆرنیا) هۆشداریاندا سەبارەت بە سەوزە گەڵاییەکان وەک کاهوو (خاس)، کە توانای گواستنەی بەکتریایەکی مەترسیداریان هەیە کە بەرگری دژی دژە زیندەگییەکان هەیە.

زۆر جار کاهوو جێگای سەرنجی شارەزایان بووە چونکە ئەو لۆچەی کە بە شێوەیەکی سروشتیی لە گەڵاکانیدا هەیە هۆکارێکە بۆ بە باشی خەوێن نەبوونەوەی، لە هەمانکاتدا ئەو سەوزەیە زۆر جار بە تەڕی دەخورێت (بێ ئەنجامدانی کرداری کوڵان) واتا بەکتریاکان رووبەڕووی گەرمی نەبنەوە.

ئەو جۆرە بەکتریانەی بەرهەڵستی دژە زیندەگییەکان (ئەنتی بایۆتیک) دەکەن بە گەورەترین مەترسیی دادەندرێن کە هەڕشە لە تەندروستی مرۆڤ دەکات.

لە لێکۆڵینەوەکەدا تۆیژەران ڕەگەزێکی بازدەری بەکتریای E.coliیان زیاد کرد بۆ گەڵای کاهووەکە پێش ئەوەی وەک خۆراک بە مشکی تاقیگە بدرێت کە پێشوەختە بە دژە زیندەگیی (ئەنتی بایۆتیک) بۆ ماوەی چوار رۆژ کوترابوون ئەوەش بە پێی راپۆرتی New Scientist.

لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر دەریدەخەن بەکتریای بەرهەڵستکار لە ڕێگای خاک و پەینی ئۆرگانیەوە دەگوازرێتەوە بۆگەڵای سەوزەوات و ئاوی ئاودانی کێڵگە کشتوکاڵییەکان.

وێڕای ئەوەی ئەو بەکتریایە بەرهەڵستکارە بۆ ئەنتی بایۆتیک، بەڵام ڕاستەوخۆ نابێتە هۆی دەرکەوتنی نیشانەی نەخۆشیی، بەڵکو بە کەڵەکە بوونی لە جەستەی مرۆڤ دەبێتە هۆکارێک بۆ توشبوون بە نەخۆشییەک گە چارەسەری گرانە.

دەرەختی ناوک بەردینەکان و کرمی قەد و بەر



بۆ دەربازبوون لە سەرهەڵدانی کێشەی هەبوونی کرمی قەد و بەر لەسەر داری ناوک بەردینەکانی ناو باخ وەک (خۆخ و قەیسی و هەڵوژە و ....) پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:-

یەکەم- هەڵبژاردنی تەرزی گونجاو بۆ کەشوهەوای ناوچەکە.

دووەم- خاکی زەوییەکە بەپیت بێت و ئاو لەخۆ نەگرێت.

سێیەم- دارەکان بە شێوەیەکی ئەندازەیی بچێندرێت و دووری نێوانیان گونجاو بێت بە ڕەچاوکردنی توانای گەشەی دارەکە.

چوارەم- گرنگی دان بە پەینکردنی سالانەی باخەکە بە پەینی کیمیایی و ئاژەڵی شیبووەوە.

پێنجەم- کۆنترۆڵکردنی گژوگیا و بژاری نێو باخ کە دەبنە مۆڵگەیەک بۆ گەشەی جۆرەها مێرووی زیانبەخش.

شەشەم- شلکردنەوەی سالانەی دەورووبەری دارەکان.

حەوتەم- پەیڕەوکردنی سیستەمی ئاودانی ڕێکوپێک بە پشتبەستن بە جۆری دار و کەشوهەوا و وەرزی سال.

نۆیەم- سووکردن و کەمکردنەوەی بەرهەم لەو سالّەی بەرهەم زۆرە بۆ ئەوەی هاوسەنگی بەرهەمی سالانە بپارێزین.

دەیەم- سالانە دوای وەرینی گەڵاکان لە وەرزی پایزدا ڕاستەوخۆ ئەو بەرەی بە دارەکەوە ماوە یان ئەوانەی لە ژێر دارەکان کەوتوون کۆدەکرێنەوە و لە دەرەوەی باخەکەدا دەسوتێنرێن.

یانزەهەم- ئەو دارەی بە تەواوی وشکبووە هەڵدەکێشرێت و لە دەرەوەی باخەکەدا دەسوتێنرێت.

جووتیارێک لە هەڵەبجە تاقیکردنەوەی لەسەر داری هەرمێ و موتربەکردنی ئەنجامدا

خەبات- ساسان دەرویش

لە تاقیکردنەوەیەکی تری ئازاد محەمەد جوتیارە نموونەیەکەی هەڵەبجە لە بواری زیاتر سەوزکردنی کوردستان کە دروشمی سەرەکی ئامانجەکانیەتی لە کارکردنی بەردەوامی شەو وڕۆژی بەو ئەزمونەی کە هەیەتی لە هەوڵ و ماندبوونەکانی و بەدواداچوونەکانی دەستی کەوتوون بۆتە خاوەنی سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی زانیاری لە بوارەکانی کشتوکاڵی و لەو ڕێگایەشەوە ڕێنمایی جوتیارانی کوردستان دەکات لە پەیوەندی پێوەکردنی بەردەوامیان بەم جوتیارە و خۆیەخشانە وەلامیان ئەداتەوە بێ ڕەچاونەکردنی کات و ساتی دیاریکراو هەمیشە تەلەفۆنەکەی بۆ خزمەتکردن کراوەیە و وێرای ئەوەی کێڵگە و باخەکانی وماڵە پلاستیکیەکانی کە وەک تاقیگەی لێکردووەن بۆ چاندنی تۆوی تازە و سەوزکردنی و ئاشناکردنی بە جوتیارانی کوردستان کە تاوەکو ئێستا نەتوانراوە بەرهەمی بهێنرێ لەو تۆوە نوێیانەی کە لە وڵاتانەوە لەلایەن کوردانی تاراوگە دەنێرێتەوە بۆ کەس و کاریان و دەستی ئەم جوتیارە نموونەیە دەکەوێت کە بە نەفسێکی درێژ و خزمەتێکی گەورە لە چاودێریکردنیان و پاریزگاریکردنیان لە گەرما و سەرما تا سەر دەردەهێن و دەبنە چەکەرە و گوڵ و پێشکەشی جوتیاران و میوانانی دەکاتەوە



کە سەردانی دەکەن بەڕۆژانە. ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە کە لە تاقیکردنەوەیەکی تری جوتیارە نموونەیەکەی پاریزگای ئاشتی ئازاد محەمەد لە بواری کشتوکاڵدا کە خزمەتێکی بێ وێنە دەکات لەسەر دار بە هێیەک کە لە مانگی ئازاری 2019 ئەمسال 36 جۆر نەمام و گوڵ و درەختی بە داڕێک پێوەند واتە موتروبە کرد من بۆ خۆم و هاوڕێیەکانی ڕۆژنامەنووسم لە مانگی ناوەڕاستی نیسانی ئەمسال بە دەرفەتمان زانی سەردانی باخ و کێڵگەکانیمان کرد لە سیروان دەشتی شارەزوور نزیکی خورمال لە نزیکەوە ئەم دارە و چەند داڕێکی هاوشێوەیان بینی و سەرنج ڕاکێش بوو بە پێچەوانەوە ئەو پەیوەندیکردنەی نەمام و گوڵەکان پێکەوە لە موتربەکردنیان وێنەیان لەگەڵ دەچرکێنێ لە ئێستاشدا لە ڕێگای تەلەفۆنەوە جوتیارە نموونەیەکە بە خەباتی ڕاگەیاند کە سەرجەم پێوەندەکانی واتە موتوربەکانی سەر نەمامەکە سەرکەوتوانە سەوز بوون ئەمەش تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتوو بوو بۆ ئەم جوتیارە لەسەر ئاستی کوردستان و دراوسێکانمان لەسەر یەک نەمام و 36 جۆر پێوەند ئەنجام بدرێ دەکرێ لایەنی پەیوەندی دار زیاتر هاوکاری بن و مایەی شانازیە بۆ کورد لە هەمان سالّیش لە هاتنی بۆ هۆڵەندا و بەشداریکردنی لە کۆنفرانسی کشتوکاڵی و خۆراک ئەوروپییەکان بە کارە ناوازەکانی و ئەو نموونانەی کە لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی و وەک پێشانگایەک نیشانیدان زۆر سەرسامبوون کە جوتیارێکی کورد بتوانێت ئەو کارانە بکات لە کۆتایشدا گوتی وێرای سوپاس و خۆشەویستیم بۆ ستافی ڕۆژنامەی خەبات و بەسەر کردنەوەم پێم خۆشبوو لێرەوە پەیامێک ڕابگەیەنم ئەم داره و دارەکانی تریش لە کۆیونەوەیەکی جەماوەریدا و بە ئامادەبوونی زۆرینەی جوتیاران لە ڕێگایی میدیاکان و بەرپرسانی پەیوەندی دار بە تایبەتی پسپۆران لە بواری کشتوکاڵ قردیلەی کردنەوەیان بکردایەتەوە و بە هیوام کاری زیاتر بکەین بۆ کوردستانێکی سەوز و بەهێز.





پاڵەوانەکە گەڕایەوە هاوڕێیانی ئالقێش خەونی پیرۆییەکان لە گۆڕ دەنێن

لە یاریی کۆتایی کوپا ئەمریکای 2019، هەڵبژاردەی بەرازیل توانی بە ئەنجامی 1-3 گۆڵ لە هەڵبژاردەی پیرۆ بباتەوە و نازناوی پاڵەوانێتییەکە بۆ نۆیەم جار لە میژوویدا بباتەوە.
هاوڕێیانی دالقێش لەبەردەم جەماوەکەیان و لەناو یاریگای ماراکانای بەناوبانگ، سەرکەوتوو بوون بە لەگۆڕنانی خەونی پیرۆییەکان کە لە ساڵی 1975ەوە نەگەیشتبوونە کۆتایی کوپا ئەمریکا، بەمەش پارێزگاری لەو تۆمارەی کرد کە لەهەموو ئەو پاڵەوانێتییانەی کوپا ئەمریکا میواندار کردوون توانیویەتی نازناوەکە بباتەوە.
دانی ئەلڤێش کە رۆڵێکی باڵای هەبوو لە پارێزگاری کردنی هێڵی بەرگری وڵاتەکەی لەم پاڵەوانێتییەدا، کە لە 6یاریدا تەنها یەک گۆڵی لێ تۆمارکرا، زۆرێک پێیان وابوو ئیتر ئەستێرەی ئەو یاریزانە تەمەن 36ساڵیە ئاوابوو، کەچی بەباشترین یاریزانی ئەم پاڵەوانێتییە دەستنیشان کرا و لەناو ماراکانا جامی پاڵەوانێتییەکەی بەرزکردەوە، بەرازیا هەربەمە کۆتایی بە پاڵەوانێتییەکە نەهینا بەڵکو گۆڵچیەکەشی بە باشترین گۆڵچی دەستنیشانکرا.

خانمانی ئەمریکا کۆنترۆڵی نازناوە کەسییەکانیشیان کرد



دوای ئەوەی هەڵبژاردەی خانمانی ئەمریکا پارێزگاریان لەنازناوی پاڵەوانی مۆندیالی ئافرەتانی 2019ی فەرەنسایان کرد، کە لەیاریی کۆتاییدا بە ئەنجامی 0-2 گۆڵ لەیاری کۆتایی لە هەڵبژاردەی هۆڵەندای بردەوە، خانمانی ئەمریکا بالادەستی خۆیان بەسەر نازناوە کەسییەکانیش سەپاند، میگان رابینۆ نازناوی گۆلکاری پاڵەوانیتیەکەی بەدەستهێنا بەتۆمارکردنی 6 گۆڵ و هەروەها ئەلیکس مۆرگانیش پلەی دووەمی بەدەستهێنا بەهەمان ریژەی گۆڵ.
سەبارەت بە باشترین یاریزانی مۆندیالیش رابینۆی ئەمریکی نازناوەکەی بردەوە، لە لایەکی دیکەوە ساری ڤان ڤیننداڵی گۆڵچی هەڵبژاردەی هۆڵەندا وەک باشترین گۆڵچی دەستەوانەی زێڕی بەدەستهێنا.

قژی هیگیتایان بڕی



رینیە هیگیتای گۆڵچی پێشووی هەڵبژاردەی کۆڵۆمبیا بەوەفابوو بەرامبەر بەڵێنەکەی کە وەک مەرجێک لە سەرەتای دەستپێکی کوپا ئەمریکا بەڵێنی دابوو.
هیگیتا کە بە گۆڵچییە شێتەکە ناوی دەرکردووە، بەر لەدەستپێکی کوپا ئەمریکا گرەوی ئەوەی کردبوو کە ئەگەر هەڵبژاردەی کۆڵۆمبیا نازناوەکە نەباتەوە ئەوا بەئامادەبوونی جەماوەر قژی دەبڕێت، لە رێورەسمیکی گەورەدا بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە هەوادارانی کۆڵۆمبی و دەزگاکانی راگەیاندن، هیگیتا قژی خۆی بڕی.

هۆستان بەمۆ:

تائێستا ئافرەتان بەشێوەیەکی فراوان ڕوویان لە وەرزش نەکردووە

دیانە:سەرهەنگ نەجمەدین

لەهەرێمی کوردستان ماوەیەکی زۆرە ئافرەتان شانبەشانی کوڕان بەشداری لەسەرجەم چالاکییە وەرزشییەکانی کوردستان دەکەن، ئەوەتا لەم چەند ساڵەی رابردوو بینیمان ئافرەتان رۆڵێکی کارایان هەبووە لەبوژاندنەوەی بواری وەرزش لەهەموو یارییەکاندا ،بەتایبەتی شاری سلێمانی زۆرترین کچە وەرزشوانی لەخۆدەگرێت، بێگومان ئافرەتانی وەرزشوان لەم ماوە کورتەدا خاوەنی چەندین ئەنجامی بەرز و بەرچاون لەسەر ئاستی عێراق وکوردستاندا، کەهەمیشە ئێمەی کورد و کوردستان شانازی بەئەنجامەکانیان دەکەین، بۆ ئەم مەبەستە بەباشمانزانی دیمانەیەک لەگەڵ



کچەیاریزانی گۆڕپان ومەیدانی پێشمەرگەی سلێمانی خاتوو هۆستان بەمۆ جەمال ئەنجام بدەین .

گوتیشی: لەوەتەی قەیرانی دارایی ڕووی لەکوردستان کردووە وەرزش بەهەموو شێوەیەک فەرامۆش کراوە ، ئەگەر بەرپرسە وەرزشییەکانی خۆمان خەمێک لە وەرزش بخۆن و ئاوڕێک لەوەرزشی ئافرەتان بدەنەوە ، بێگومان وەرزش زیاتر بووژانەوەی بەخۆوە دەبینێت.

ئەو یاریزانە لە لەبارەی دەستکەوتە وەرزشییەکانی زیاتر گوتی: خۆشبەختانە لەهاوێشتنی ڕم پلەی یەکەمم لەسەر ئاستی عێراق بەدەستهێناوە،ئەگەرچی بۆ ماوەی دوو ساڵ لەوەرزش کردن دابرام ، بەڵام بەهەوڵ وهیمەتی ڕاهێنەری بەتوانا زەردەشت رەفیق دووبارە گەرامەوە نێو دونیای گۆڕەپان ومەیدان و ئێستا لەخۆشحاڵیەوە مەشق وڕاهێنان ئەنجام دەدەم.

دوجار ئەو کچە وەرزشوانە وەک ئامۆژگاری و ئاگاداری بۆ دایک وباوکانی کچە وەرزشوانەکانی کوردستان پەیامێکیان ئاراستە دەکات و دەڵێت: خوازیارم هەموو دایک و باوکەکان نەبنە ڕێگر لەبەردەم کچەکانیان لەئەنجامدانی وەرزش کردن، پێویستە هەموویان بەشێوەیەکی ڕۆشنبیری بیر لەو بابەتە بکەن و ئیتر سەردەمی ئەوە بەسەر چوو کە وەرزش تەنها بۆ کوڕان بێت، بۆیە کێشەی گەورەمان ئەوەیە کە ئافرەتان بەشێوەیەکی فراوان ڕوو لەوەرزش و یانە وەرزشییەکان ناکەن بۆ ئەنجامدانی وەرزش و یارییە وەرزشییەکان.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Tue, 9. Jul. 2019 No: (5785)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

کچانی گروپی موزیکی لوڕ ڕێچکەشکێن و داهێنەرن

نزار زێوەیی: قۆناغی هاتنەپێشەوەی کچانی گروپی لوڕ لەقۆناغە سەختەکان بوو



وریشە عومەر

هونەرمەندی بەئەزموون نزار زێوێی سەرپەرشتیاری گروپی موزیکی لور لەلاپەڕەی تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک پۆستێکی لەکایەهونەرییەکان ئامادە یان هەبوو ، بەڵام قۆناغی هاتنەپێشەوەی کچانی گروپی لوڕ لەقۆناغە سەختەکان بو ، داعش و قاعیدە و فکری بلاوکردۆتەوە و وێنەی کچانی گروپەکەی داناوە و نووسیویەتی: پێش گروپی موزیکی لوڕ کچان و ژنان ئیرهاب لەناو خۆ و لەدەرەوە ، بکەن بۆ کچانی دوای خۆیان دژە هونەر زۆر بوو ، بەڵام کچانی لوڕ زۆر ئازایانە توانیان 12ساڵ خەباتی هونەری دژێژە پێبدەن و بتوانن ڕێگا خۆش کە ئەمڕۆ شانازیان پێوە بکەین و بەئازادانەو ئازایانە بێنە سەر شانۆ.



توانا زرار


هونەرمەندی گۆرانیبێژی عەزیز وەیسی نوێترین ڤیدیۆکلیپی بە زاراوەی کرمانجی بلاوکردەوە.

ئەم گۆرانییەی عەزیزی وەیسی ناوی "لێ یارێ"یە، نوێترین بەرهەمییەتی، گۆرانییەکە بە زاراوەی کرمانجی و بە شێوەیەکی شاد گوتراوە.کاری ئەرێنجی ئەم بەرهەمە لەلایەن عەتابەگ بایرامییەوە کراوە، تێکستەکەی بەهەمەن مەندە نوسیویەتی و لەلایەن عەلی کلارەوە کاری دەرهێنانی بۆ کراوە.هونەرمەند عەزیز وەیسی لە ساڵی ١٩٦٨ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، لە ڕێگەی بلاوکردنەوەی گۆرانی (بۆ تۆرای) ناوبانگی هونەری پەیدا کرد و لەئێستاداچەندین کلیپ و ئەلبوومی هونەری هەیە و لەسەر ڕێتمی خێرا گۆرانی دەڵێت و تر بەگۆرانی شادیش ناوبانگی دەرکردووە.



کارزان فاروق (بەینێ من و تۆ)ی بڵاوکردەوە

بەرهەم شێخ عزەدین: هونەرمەندی لاو کارزان فاروق لەچەنالّی یوتوبی خۆی و لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک نووسیویەتی: یەکەم ڕۆژی جەژن (بەینی من و تۆ)بلاّو کرایەوە هیوادارم بە دڵی ئێوەی خۆشەویستم بێت ،کارزان داوادەکات وەکو پاڵ پشتی بۆبەرهەمەکەێ بلاّوی بکەنەوە لەتۆڕەکۆمەلاّیەتیەکان بۆ ئەوەی زۆرترین گوێگر ببینێت.




پەیکەر و پەیف

شنە کۆیی ـ ئەڵمانیا

ڕوناکبیر ناوی ئەم چەیکەرەیە دەستکردی پەیکەرسازی فەرەنسی لاوگوست ڕوودانە ، کە لەبرونز دروستکراوە ، ئەم پەیکەرە لە مۆزەخانەی ڕۆدێن لەوڵاتی فەرەنسا لەپاریس دانراوە، لاوگوست رودان پەیکەر ساز و هونەرمەندێکی ناسراوی فەرەنسییە و یەکێکە لەپیشەنگانی هونەری پەیکەرسازی لە سەدەیی نۆزدە و بگرە لە ئێستاشدا یەکێکە لەهونەرمەندە دانپێنراوەکانی لەسەر ئاستی فراوان. رودان بە شێوازی ئینتباعی کارەکانی کردووە. لە 12ی نوفمبە ری 1840 لەدایک لەژیانیدا زۆر خەڵاتی بە دەستهێناوە لەوانەش: دکتۆرای شانازی لە زانکۆی ئۆکسفورد لەساڵی , 1907رودان هەرلەمندالییەوە لە بواری نەقش بۆ ڕووپوشی کۆشکەکان کاری کردووە بەروژانەی 5فرەنک 3جار لەلایەن پەیمانگەی هونەر ڕەتکراوەتەوە، پاشان چووە لە پایتەختی فەرەنسا دەستی بەکاری هونەری کردووە و یەکەم کاری پەیکەرسازی خۆی لە ساڵی 1860 ئەنجامداوە. دواتر بووە بە ئەندامی یەکێتی هونەرمەندانی دیکۆریست کە دیلاکروا یەکێک بووە لەئەندامان.لە 17نۆڤمبەری ساڵی 1917کۆچی دواییکردووە، ماوەتەوە بڵێین کە لەپاریسی پایتەختی فەرەنسا بۆ زیندوو هێشتنەوەی هونەرەکەی ئەم هونەرمەند و ئەو خزمەتەی لەژیانی هونەری خۆیدا کردوویەتی، ئێستاکە مۆزەخانەیەک هەیە بە ناوی رودان کەسەرجەم کارە هونەری و دەستنوسەکانی رودان لە خۆ دەگرێت.

ئایا شووتی بۆ نەخۆشی شەکرە زیانی هەیە؟



ئا: وریشە عومەر

دکتۆر کامەران رسوڵ ژاژڵەیی پسپۆڕی زانستی خۆراک و نەشتەرگەری گشتی ئەندامی پرۆفیشنالّی کۆلیژی ئەمریکا بۆ زانستی خۆراک لەتۆڕی کۆمەڵایەتی یوتوب لەقیدۆیەکی کورت باسی شووتی دەکات بۆتوشبووانی نەخۆشی شەکرەو قەڵەوی لێرە کورتەیەکی دەخەینە بەردیدی خوێنەران:

دکتۆر کامەران دەڵێت: بەپێچەوانەی بۆچوون و قاش (هەر قاشێک بەقەت یەک کووپ بێت) ؛ هەر چەندە شیرینە ، بەڵام ئاستی شەکرە لە خوێن دا زۆر بەرز ناکاتەوە ، ئەودکتۆرە دەڵێت: شووتی نابێتە هۆی قەڵەوی و زۆری کێش ، بگرە یەکێکە لە میوە باشەکان لە کاتی ڕێجیم و بۆ ڕێگری کردن لە زیاد بوونی کێش ؛ بڕی ئەو وزەی لە کووپێک شووتی دا هەیە (٤.کالۆریە) بەڵام یەک دەنک خورما (زۆربەی جۆرەکانی) نزیکەی (٥. ــ ٥.کالۆری) تێ دایە بەشێوەیەکی گشتی و ئەو کەسە هەست بە تێری دەکات و ناتوانێت زۆری لێ بخوات چونکە قەبارەکەی گەورەیە . ڕێنمیاییە کۆن و باوەکان کەسێک نەخۆشی شەکرەی هەبێت ئەتوانێت شووتی بخوات ڕۆژانە دوو بۆ چوار

ژاپۆنییەکان ڕۆبۆتی لیۆناردۆ داڤینچی-یان بەرهەمهێنا



زانکۆی ئۆساکا بە هاوکاریی کۆمپانیای فوجیکێن و بەمەبەستی پێگەیاندنی زانایانی ئایندە، ڕۆبۆتی هونەرمەند و زانا ، لیۆناردۆ داڤینچی-یان بەرهەمهێنا. ڕۆبۆتەکەی لیۆناردۆ داڤینچی، بە بەشدارییوانی لووتکەی G20 کە بە میوانداریی ژاپۆن لە شاری ئۆساکای ئەو وڵاتە بەڕێوەدەچێت، ناسێنرا، بەڕێوەبەری بازارگەریی لە کۆمپانیای فوجیکێن، کۆیچی ناکامورا، لە لێدوانێکدا بۆ پەیامنێران ئاماژەی بەوەکرد لێکۆڵینەوە زانستییەکانی داڤینچی سوودی ئێجگار بەرچاویان بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆمان هەیە. کۆیچی ناکامورا باسی لەوەشکرد بەمەبەستی خۆشەویست کردنی زانست لەلای قوتابیانی قۆناغی سەرەتایی و شیکردنەوەی لێکۆڵینەوە و کارەکانی داڤینچی لە زمانی خۆیەوە بەشێوەیەکی ساده و ئاسان، ڕۆبۆتەکەیان دروستکردووە.